# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

www.gulan-media.com


## سەرکەوتنی سەرۆک بارزانی ئاگاداربوونیەتی لە نەهامەتییەکانی خەڵک









زامبیا: تازە کردنەوەی بەرهەمە ڕەسەنەکان زیندوو کردنەوەی ڕۆحی هونەرمەند و ئاوازەکەیە



توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەکەمبوونەوەدایە



د.عەتیە حەمە سەعید: ڕێژەی سەرکەوتنی منداڵی تیوب دەگاتە ٢٥٪



نیڤین نەسر: ئیغرایەکی ئاسایی پێشکەش دەکەم و گوێ بە قسە نادەم



کاوە ئیبراهیم : غەدرێکی گەورەم لێکراوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت نەکراوم



پیاوی جاڵجاڵۆکە


■ خاوەن ئیمتیاز

شەوکەت شێخ یەزدین

Concessioner

Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر

فوئاد سـدیق

Editor-in-Chief

Fuad Sideeq

fuadsdeeq@hotmail.com

☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥

☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر

فەرهاد محەمەد

Deputy Editor-in-Chief

Farhad M.hassn

frhd_mhmd@yahoo.co.uk

Farhadmohmad@gulan_media.com

تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین

شوان تاڤینگ

MANAGING EDITORS

Shuwan A. Mihemmad

taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری

Art Manager

شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین

لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان

ساڵح عومەر قادر

Relation`s Manager

Mobil 0750 456 7070

salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان

شەماڵ نووری: ئابووری

خەلیل بلەیی: هونەری

هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی

مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ

د. عادل حوسێن: تەندروستی

ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

# لیستی گۆڕان و هەڵبژاردن:
# هەڵەی گەورەو ترسناک



**سامی شۆرش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

هەندێك جار تاقیکردنەوە گەورەکانی بواری سیاسەت، بە هۆی سەختی و ئاڵۆزییەکانی بەردەمی، کێشەی گەورەی دێتە پێش. زۆر جار دوژمنانی تاقی کردنەوەکە، لە جیاتی بەکارهێنانی توندوتیژی و شەڕو هێرشی سەربازی، ئەو ئاڵۆزیانە دەقۆزنەوە بۆ زیان گەیاندن بە تاقیکردنەوەکە، لەو نێوانەشدا بەشێك لەو کەسانەی لە ناو بازنەی تاقیکردنەوەکان دان، بە هۆی کورت بینی و بەرچاو تەسکی و گیانی رق ئەنگیزی، بێ ئەوەی پێ بزانن تف لە بەر پێی خۆیان دەکەن و دەبنە دەسکەلای پیلانی دوژمنان.

لەمبوارەدا، گەورەترین هەڵەی خاوەنانی لیستی گۆران چ لە هەڵبژاردنی رابردوو، چ بەر لە هەڵبژاردنیش، لەوەدایە کە بێ هیچ لێکدانەوەو لەبەر چاو گرتنی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی کوردستان، خۆیان لە کاروانی کورد دادەبڕێنن و پشت بە مەجهول و بە فاکتەری دەرەوە دەبەستن و قومار لە سەر هەڵوێستی بەغداو زەحمەتییەکانی بەردەم ئەزموونی کوردستان دەکەن. هەروەها هەڵەی گەورەیان لەوەدایە روو لە دیموکراسی و فرەخوازی و خواستی زۆرینەی کوردستان وەردەگێڕن و پشت بە رق و کینەو قسەی توندو زمانی زبرو بەرنامەی توندوتیژی دەبەستن و هێلکەکانی خۆیان ناخەنە ناو سەبەتەی عەقڵ و مەسئولییەت، بەڵکو دەیانخەنە ناو سەبەتەی عەقڵێکی ساکارو ئاڵۆزو خەڵکانێکی نەشارەزاو نامۆ بە کوردو کوردستان. ئەمە هەڵەیەکی سیاسیی نەك تەنیا گەورەو ترسناکە، ئەمجۆرە کەسانە دەیکەن، بگرە هەڵەیەکی جەرگبڕو کوشندەیشە، کارەساتی گەورەیش لەوەدایە کە نەك تەنیا بەرپرسانی لیستەکە زەرەرمەندی گەورە دەبن لەو هەڵانە، بەڵکو تەواوی میللەتی کوردو ئەزمونی دیموکراسیی کوردستان و دەستکەوتە مێژووییەکانی ئەو میللەتە ستەمدیدەیەش زەرەرمەند دەبن.

پێش هەموو شتێك، عەقڵی بەرپرسیارو مەنتیقی سیاسی، خوازیاری ئەوە بوون بەرپرسانی ئەم لیستە بەر لە هەر هەڵڵاو هورییایەك، زوو هەوڵیان دابوایە کێشە حزبیەکانی خۆیان، ناکۆکی و بۆچوونەکانی خۆیان لە ناو قەوارەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا، بە شێوازی دیموکراسی و گیانی یەکڕیزی و مەسئولیەت چارەسەر بکەن. دەبوایە بەر لەوەی هیوایان بە گۆڕانی میللەت هەبێت، کە بە داخەوە باوەڕیان پێی نییە، باوەڕیان بە گۆڕینی خۆیان وحزبەکەی خۆیان هەبووایە. دەبوایە ئەو کێشانەی هەیانە نەهێننە دەرەوەی قەوارەی یەکێتی. ئینجا کە بڕیاریاندا کێشەکان بهێننە دەرەوە، هەق وا بوو، تەنیا لە ناو ریزەکانی کورد بەجێیان بهێشتایەو نەیانبردایە ناو راگەیاندن و لیست دروست کردن و هەڵوێستی دوژمنکارانەو مەیدانەکانی دەرەوە.

ئەوەی راستی بێت و لە هەموان ئاشکرا بێت ئەوەیە کە دوژمنانی کورد، زۆر دەمێکە چاوەڕێی ئەوەیانە درز بخەنە ناو قەوارەی یەکگرتووی کورد. دەمێك بوو هەوڵیان دەدا، خەڵکانێك دروست بکەن لە رووی شەرعیەتی کوردی رابووەستن و هەوڵی لاواز کردنی هەڵوێستی کورد بدەن لە ناو عێراق و لە ناوچەکەو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەم دوژمنانە، جاران هەوڵی وایان دابوو و بۆیان چوو بووە سەر، بۆیە کە بینیان ئەمجارەش بە شەڕو شۆڕو لەشکرکێشی هیچی ئەوتۆیان لە بەرامبەر کوردو سەرکەوتنەکانی پێ ناکرێت، هەر زوو روویان لە هەمان شێوازی کۆنی دوژمنایەتی کردنی کورد کرد.

کورد، بە دەریایەك خوێنی لە بن نەهاتوو، ئەم ئازادییەی ئەمڕۆی کوردستانی دروست کردووە، بە ئەنفال و بەرگریکردنی چەکی کیمیاوی و ماڵوێرانی و خاپوور بوونی ژیان خۆی راگرت و دەسکەوتەکانی ئەمڕۆی دروست کرد. لە هەموو لایەکەوە دوژمنان کەڵبەی گڵاویان لە جەستەی ئەو میللەتەو لە دەستکەوتەکانی گیر کرد. بە هەموو شێوازێك هەواڵیان دا پێگەی جەنابی سەرۆکی شەرعیی کوردستان مەسعود بارزانی کە نیشانەی یەکگرتووی خاك و ئیرادەی کوردە لاواز بکەن. بە داخەوە، ئەوەی بەو دوژمنە سەرسەختانە نەکرا، ئەوا ئێستا کەسانێکی ناو ریزی میللەت ئەم کارە لە جیاتی دوژمن ئەنجام دەدەن.

خاوەنانی لیستی گۆڕان نەدەبوایە بەو بێ لێکدانەوەیی و سەرەڕۆییە لەکەداری یەکێتیی ریزەکانی کورد بکەن. نەدەبوایە بەو سووك و ئاسانییە گەمە بە چارەنووسی سیاسیی کوردەوە بکەن. لە جیاتی ئەو هەموو ناشرینیانە، دەبوایە رێز لە ئیرادەی میللەت و لە سەرۆکایەتی کوردستان بگرن نەك لە پێناو چەند ئامانجێکی

تەسکی حزبییدا، نەك بە لێشاوی رق و گیانی تۆڵەسەندنەوە، بکەونە هەوڵی کەمکردنەوەی بایەخ و پیرۆزیی ئەزموونە نەتەوەییە دیموکراسیەکەی کوردستان کە ئەمڕۆ لە هەموو بوارەکاندا بۆتە چقڵی چاوی دوژمنان لە لایەك و تاجی شانازیی دۆستان لە لایەکی دیکە.

خاوەنانی لیستی گۆڕان ئاسۆیەکی گەورەیان لەبەردەم بوو بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونە دیموکراسیەکەی کوردستان. دەرفەتێکی زۆریان لەبەردەم بوو بۆ ئەوەی بە دوژمنان بڵێن: بەڵێ کوردیش وەك میللەتانی دیکە رای جیاوازو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام کوردیش وەك میللەتە مۆدێرنەکانی جیهان، قەت جارێکی دیکەو بە هەر برو بیانوویەکی دیکە بێت، خۆ ناخاتەوە بواری ناکۆکی و سووکایەتی کردن بە ئیرادەی خۆی و بە هەند هەڵنەگرتنی بەها مێژووییەکانی.

کەچی، وەك پێشتر گوتمان ئەزموونی گەورە خەتەری ترسناکیشی لێ دەکەوێتەوە، خاوەنانی لیستی گۆڕان ئەو بەد عەمەلیەیان کردوو لە ژێر دروشمی دیموکراسی و هەڵبژاردن، کەوتنە لە بار یەك بردنی ریزی میللەت. بەو پەلەپەلی و بێ بەرنامەیی و رق و کینەو پیلانی ناو تاریکی و بێ مەسئولیەتیە، دەرفەتی ئەوەیان لە دەست دا گۆڕان بکەن بە ئیرادەیەکی هاوبەشی ناو چوارچێوەی یەکگرتووی ریزی میللەت. بگرە زیانێکی زۆریان بە مەبدەئی گۆڕان و دیموکراسی گەیاند.

پێم وایە کورد چاوەڕێ بوو ئەو جۆرە زیانە لە دوژمنانی دەرەوەوە روو لە کوردستان بکات. چاوەڕێ بوو دوژمنان لە هەوڵی تێکدانی ریزەکانی کورد بن و تەگەرە لەبەردەم دەسکەوتە پیرۆزەکانی دروست بکەن و گومان بخەنە سەر هەوڵ و کۆششەکانی لە پێناو فراوان کردنی پرۆسەی سیاسی و بەرز کردنەوەی بینای بوژانەوەی ئابووری لە کوردستان و گەڕاندنەوەی ناوچە تەعریبکراوەکان. بەڵام، شۆکی گەورە ئەوەیە کە هەوڵە رەش و بوغزاویەکە: یەکەم، لە ناو خودی کوردستان و لە ناو ریزەکانی میللەتی کورد خۆیەوە، لە رێگەی لیستی گۆڕان، سەرهەڵبدات. دووەم، هەوڵە رەشەکە دەخرێتە ناو قاڵبی شەڕی گەندەڵی لە کاتێکدا ئەو جۆرە هەوڵە، خۆی لە خۆی دا، گەورەترین و خەتەرناکترین جۆری گەندەڵیی سیاسییەوە کەمجار لە ناو میللەتاندا رووی داوە.

هەندێك کەس هەن دەڵێن سەرچاوەی ئەم هەڵە گەورەیەی خاوەنانی لیستی گۆڕان کردیان و دەیکەن، بەرپرسی لیستەکەیە. هەندێکی دیکە پێیانوایە، خەتاکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسەی سیاسییە زەحمەتەی کوردستان. هی واش هەن دەڵێن: نەخێر، هەڵەو کەموکورتییەکانی حزبە سیاسییەکان وایکرد ئەم دیاردەیە بێتە پێشەوە. رەنگە هەر یەك لەم هۆیانە بەشێك لە راستییان تێدا بێت، بەڵام راستیی گەورە لەوەدایە کە: هۆی سەرەکیی بەرنامە ناجۆرەکەی لیستی گۆڕان، لەو حاڵەتەدا، ساویلکەیی سیاسی و گیانی بوغزاویی بەرپرسانی لیستەکەو رۆڵی فاکتەری دەرەوەیە. سیاسەت هەمیشە مەودایەکی تێدایە بۆ دروست بوونی دیاردەی لەو بابەتە بە تایبەتی ئەگەر فاکتەری دەرەوە لە ئارادا بوو.

بە هەر حاڵ، ئەگەر باجە سیاسییەکانی ئەم هەڵە گەورەو ترسناکە هەر تەنیا زەرەری خۆیان بێت، رەنگە مەسەلەی لیستی گۆڕان قسەی زۆر نەویستایە. بەڵام کێشەو کارەساتەکە لەوەیە کە هەڵەکە، زەرەری ستراتیژیی بۆ تەواوی کوردو تەواوی دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کورد تێدایە. ئەوەی ئەوان دەیکەن، لە راستیدا، کردنەوەی دەرگای جەهەننەمە بەسەر میللەتێك کە تازە لە جەهەننەمێکی مێژوویی دەرباز بووە. رەنگە لەو دەرگا کرنەوەیە بەسەر جەهەننەم، پرۆسەی سیاسیی کوردستان زەرەری زۆر نەکات، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئێستا دوژمنان شاگەشکەو دڵ پڕ باوەڕ دەبن بەوەی کە لە هەنگاوی یەکەمی پیلانە رەشەکەیاندا سەرکەوتوو بوون و توانیان لە بواری تێکدان و درز خستنە ناو یەکگرتوویی ریزی کورد لەو قۆناغە ناسکەدا، سەرکەوتوو بن و میللەتی کورد بخەنە باری لەت لەت بوونێکی تازەوە. ئەمەش زەرەرێکی گشتییەو بەرپرسیارێتیەکەی ئۆباڵی خاوەنانی لیستی گۆڕان دەگرێتەوە.

مەنتیقی وردو لێکدانەوەی زۆری ناوێت بۆ ئەوەی بزانین کە لیستی گۆڕان دوو جۆرە لێکدانەوەی لە پشتە. یەکەم، مەنتیقی ئەو کەسانەی بە راستی دەیانەوێت جۆرێك لە گۆڕان و چاکسازی لە بونیادی سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کوردستان روو بدات، بەڵام خاوەنانی مەنتیقە زۆرتر خەڵکی بێ تاقیکردنەوەو دڵپاك و نیاز خاوێنن. مەنتیقی دووەمیش هی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت لە رێگەی بانگەشەی گۆڕان و چاکسازی رقی کەڵەکە بووی ناو دەروونی خۆیان هەڵبڕێژن هەتا ئەگەر کارێکی لەو بابەتە ببێتە مایەی دەست وەشاندنێکی کوشندە لە تەواوی قازانجەکانی میللەتی کوردستان.

ئەی ئەگەر وا نییە، بۆ ئەو هەموو خۆ تەیار کردن و دەنگ هەڵبڕین و هاتوهووریایە؟ ئەی ئەوە نییە بەغدا لێواو لێوە لە گەندەڵی، کەچی تا ئێستاش لایەنێکی سیاسی وای تێدا دروست نەبووە کە شەڕی گەندەڵی بکاتە بەرنامەو بەهانە بۆ هەڵشاخان بە رووی پرۆسەی سیاسیدا؟ بێگومان، خاوەنانی لیستی گۆڕان هەر تەنیا چاویان لە گۆڕان و چاکسازی نییە، چونکە ئەگەر چاویان هەر لەوە بووایە، ئەوا بە شێوازێکی نەرم و نیای دوور لە تاودانی گیانی تۆڵەو رقەبەرایەتی، دوور لە هەوڵی لەت کردنی ئیرادەی میللەت، روویان لە شێوازی دیکە دەکرد. دیارە، خاوەنانی لیستی گۆڕان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی خەونە نەخۆشەکەیان بە پێی بەرنامەیەکی سیاسی کار دەکەن کە خاڵی نییە لە دەست و پەنجەی فاکتەری دەرەوە. دیارە، سەرەتاش، بۆ گەیشتن بەم مەرامە پیس و زیان بەخشە، پشت بە جوڵاندنی نەعرەی ناوچەگەرێتی و دەماری رق و تۆڵەو ئیستیغلال کردنی هەستی خەڵکانی سادەو ساویلکە دەبەستن. ئەمەیان تاچەند بۆ دەچێتە سەر؟ پێم وایە تا کورد خاوەنی سەرۆك بارزانی و خاوەنی یەکێتیی ریزەکانی خۆیەتی، ئەم خەون و خەیاڵەش کە لە خەونی حوشتر بەولاوە هیچی دیکە نییە، زوو یان درەنگ دەپوکێتەوە.

**خاوەنانی لیستی گۆڕان نەدەبووایە بەو بێ لێکدانەوەیی و سەرەڕۆییە لەکەداری یەکێتیی ریزەکانی کورد بکەن. نەدەبوایە بەو سووک و ئاسانییە گەمە بە چارەنووسی سیاسیی کوردەوە بکەن**

**ئەزموونی گەورە خەتەری ترسناکیشی لێ دەکەوێتەوە، خاوەنانی لیستی گۆڕان ئەو بەد عەمەلیەیان کردوو لە ژێر دروشمی دیموکراسی و هەڵبژاردن، کەوتنە لە بار یەک بردنی ریزی میللەت. بەو بێ بەرنامەیی و پیلانی ناو تاریکی، دەرفەتی ئەوەیان لە دەست دا گۆڕان بکەن بە ئیرادەیەکی هاوبەشی ناو چوارچێوەی یەکگرتووی ریزی میللەت. زیانێکی زۆریان بە مەبدەئی گۆڕان و دیموکراسی گەیاند**

# نقورچەکانی پاش هەڵبژاردن




**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**


* حوسێن گەرمیانی کاندیدی پۆستی سەرۆکی هەرێم لە لێدوانێکیدا رایگەیاندبوو کە ٧٥٠ هەزار کەس وەعدیان پێداوە دەنگی بدەنێ و داواشی لە خەڵکی کوردستان کردبوو کە لە کاتی ئاشکراکردنی ئەنجامەکان و دەرچوونی بە سەرۆکایەتی هەرێم تەقەی خۆشی نەکەن.

هەروا ئەمەشی رایگەیاندبوو کە ئەو حەز دەکات لە کاتی سەرکەوتنیدا مەولوودی بۆ بکەن و هەر چەندیش دیاردەی مەڕ سەربڕینی پێ جوان نییە، بەڵام خزمانی خۆی قەولیان پێداوە ٢٠٠ مەڕی بۆ سەر بڕن..!

سەیرەکە لەوەدایە تا ئێستا ئەو کابرایە باوەڕ بەوە ناکات کە دەرنەچووە و دەڵێ تا ئێستا گەشبینم بە سەرکەوتنم، چونکە بەپێی زانیارییەکانی زیاتر لە ٧٥٠ هەزار دەنگیان پێداوە.

نەك هەر کاك حوسێن بەڵکو سەفینی حاجی شێخ محەمەدیش رازی نییە و دەڵێ ساختەکاری کراوە ئەگینا من براوەی یەکەم دەبووم.

بۆ ئاگاداری خوێنەران حوسێن گەرمیانی بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی کۆمسیۆنی باڵای ٥٩ ، ٠٠٪ ی دەنگەکانی وەدەست هێناوە و سەفین حاجی شێخ محەمەدیش ١,٤٢٪.

بۆیە بە هەردووکیان دەڵێم نە کاکە حوسێن چاوەڕوانی تەقەی خۆشی بکات، یان مەولوودی بۆ بکەن، نە کاکە سەفینیش وەك کەسانی دیکە نەیکاتە هەڵلا و بڵێ وەڵلا بەهۆی تەزویرەوە دەرنەچووم و قەناعەتیش بەو قسەیە بکەن کە دەڵێ: رەحمەتی خوا لەو کەسە بێ کە قەدری خۆی دەزانێ..!!

* ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن دەریان خست کە کەمال میراودەلی ٢٥,٣٢٪ دەنگەکانی وەدەست هێناوە.

بۆ ئاگاداری خوێنەران ئەو دەنگانە هی کەمال میراودەلی نین، چونکە یەکێك لە زێدی خۆی دەنگ نەهێنێ، ئیتر دەبێ دەنگەکانی لە کوێ هاتبن، ئەو دەنگانە هی لیستی گۆڕان و لیستی چاکسازیی و کەسانی دیکەن، چونکە بەر لە هەڵبژاردن لیستی گۆڕان لە گشتاندنێکی نهێنیدا داوای لەلایەنگرانی کردبوو کە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم دەنگ بە کەمال میراودەلی بدەن و سەرکردەی لایەنێکی چوار حیزبەکەش ماڵ بە ماڵ دەگەڕا بۆ ئەوەی دەنگی بۆ مسۆگەر بکات.

راستە ئەو لیستە بەر لە هەڵبژاردن رایگەیاندبوو کە پاڵێوراوی نابێ بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ولایەنگرانی ئازادن کە دەنگ بەکێ دەدەن، بەڵام ئەو قسەیەی خۆی نەبردە سەر.

بەراوردکردنی ژمارەی دەنگەکانی کەمال میراودەلی و لیستی گۆڕان و بەشێکی لیستی چاکسازیی دەریدەخات کە فیعلەن لیستی گۆڕان دەنگی بەو زاتە داوە و ئەو زاتەش هەر پاش کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدانەکە سوپاسی لیستی گۆڕان و خزمەتگوزاریی و چاکسازی و لیستی بزوتنەوەی ئیسلامی کرد و گوتی: جەماوەرەکەیان دەنگیان بەمن دا و منیان وەکو کاندیدی هەموو کوردستان و کاندیدی هاوپەیمانی هەموو لیست و کوتلە سیاسییەکان دەزانی.

هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد کە ئەویش کاندیدی سەرۆکی هەرێم بوو کە لە بەیاننامەیەکدا خۆشحاڵی خۆی بەوە دەربڕی کە سەرەڕای پشتیوانی لیستی گۆڕان و هەر چوار حزبەکە بۆ کەمال میراودەلی، هەر بارزانی براوە بوو.

لە بەیاننامەکەدا ئەوەش هاتووە: ئەوانەی کە بە خۆیان دەڵێن موعارەزە لە خۆیاندا نەبینی کاندیدێك دەستنیشان بکەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئیتر هاتن و کاندیدێکی هاوردەیان خستە ناو کێبڕکێکەوە کە فڕی بەسەر واقیعی کوردستانەوە نەبوو، رەخنەشی لە لیستی گۆڕان گرتبوو کە وەك ئەوەی موعارەزە کەسایەتییەکی نەزیهی تێدا نەبێت شایانی خۆ کاندیدکردن بێت...!!

* ئەو ژمارە دەنگانەی کە لیستی گۆڕان لەسەر تاسەری کوردستان هێناویەتی، بەتایبەتی ئەوەی لە سلێمانی، گوزارشت لە پێگەی راستەقینەی ئەو لیستە ناکات، چونکە پێگەی ئەو لیستە زۆر لەو ژمارەیە کەمترە کە وەدەستی هێناوە.

هەر تاکێکی ئەم کوردستانە دەزانێ کە ئەو ژمارەیە لە دەنگی لایەنگرانی خۆی و لەدەنگی ئەو کەس و کادیرانەی ناو یەکێتی پێك دێت کە لەبەر هەر هۆیەك دەنگیان بەو لیستە دابوو، ئەمە سەرەڕای تەزویرێکی زۆر، بەتایبەتی لە سلێمانیدا، کە بەپێی زانیاری هەندێ لە نوێنەرانی لیستی کوردستانی کە سەر بە یەکێتی بوون بە خەت مایل دەرچوون و ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ لیستی گۆڕان کرد.

بۆیە ناکرێ ئەم دەنگانە بە موڵکی لیستی گۆڕان حیساب بکرێ، چونکە بە کۆتا هاتنی هۆیەکان ئەوانە حەتمەن لەو لیستە دەبنەوە.

* رۆژنامەی (رۆژنامە) لە هەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردبۆوە کە گوایە لەو هەڵبژاردنەی کوردستاندا سلێمانی پێش هەولێر کەوت، بە حیسابی ئەوەی زۆرترین خروقات لە هەولێر و دهۆك تۆمارکراوە و لە سلێمانیش هیچ..!!

ئەگەر سەیری لاپەڕەی (٤)ی ژمارەی (٣١) ی گۆڤاری هەڵبوون بکەین لێدوانێکی سەرچاوەیەکی لیستی گۆڕان بەدی دەکەین کە دەڵێ: زۆرترین خروقات لە سلێمانی ئەنجام دراوە نەك لە هەولێر یان دهۆك.. بەخۆشم رۆژی هەڵبژاردن گوێم لە نوێنەرێکی لیستی گۆڕان بوو لە دهۆك کە دەیگوت: هیچ خروقاتێك ئەنجام نەدراوە و پرۆسەکەش زۆر بە شەفافییەت بەڕێوە دەچێت..!!

* ئەوەی لیستی گۆڕان گەرەکی بوو بۆی نەچووە سەر ئەوەی رۆژانە لە پاشکۆی (بەرەو گۆڕان) بڵاوی دەکردەوە کە گوایە ٥ رۆژی دیکە و ٤ رۆژی دیکە و ٣ رۆژی دیکە

و ٢ ڕۆژی دیکە و سبەی دەیگۆڕین تەنها درۆشمێکی ڕووت و بێ بنەما بوو.
ئەو لیستە چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد لە ٤٠٪ی دەنگەکان وەدەست بێنێ و حکومەتیش بە هاوپەیمانی لیستێکی دیکە پێك بهێنێ و بۆ ئەم مەبەستەش کاندیدی خۆی هەبوو بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران..!!
کەچی نە لە ٤٠٪ کەی هێناو نەتوانای ئەوەشی هەیە بە هاوپەیمانی لیستێکی دیکە حکومەت پێك بهێنێ، کەواتە ئەو گۆڕانەی کە ئەو لیستە ویستی بیکات، پێی نەکرا و لەمەشدا دەکرێ بڵێین ئەمە شکستێکی دیکەی ئەو ڕەوتەیە و هەقە بەوپەڕی جورئەتەوە ئەو شکستەی خۆی رابگەیەنێ..!!
* کەمال میراودەلی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی ڕاگەیاندبوو کە ئەو بەو پێیەی ٥٥-٦٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە هەولێر و دهۆکیش ٦٠٪ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە ئەوا هەر خۆی سەرۆکی شەرعی هەرێمی کوردستانە و ئاماژەشی بەوە کردبوو کە ٧٠٪ی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش دەنگیان پێداوە..!!
ئەنجامە بەراییەکانی کۆمسیۆن دەریانخست کە کەمال میراودەلی نەك هەر لە هەولێر و دهۆك ٦٠٪ی نەهێناوە بەڵکو لە سلێمانیش ئەو ڕێژەیەی نەهێناوە کە ئەو باسی لێوە دەکات.
بەپێی ئەنجامە بەراییەکان کەمال میراودەلی لە سلێمانی ٣٢,٩٪ی دەنگەکانی هێناوە و لە هەولێر ١٤٪ و لە دهۆکیش ٤,٧٪ ئیتر ئەم لە ٦٠٪ی سلێمانی و لە ٦٠٪ی هەولێر و دهۆکی لە کوێ هێناوە، لە هەمووی سەیرتر ئەو لە ٧٠٪یەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایشە کە منداڵ بە منداڵییەتی خۆی باوەڕی پێ ناکات..!!
* پاشکشەی لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازی، بەتایبەتی هەردوو حزبە ئیسلامییەکە بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەو دەنگە ناڕەزاییانەی کە پێشتر بە یەکگرتوو یان کۆمەڵ دەدرا ئەمجارە درایە لیستی گۆڕان، دووەمیان دەنگ نەدانی خودی ئەندامانی ئەو دوو حزبەیە بە هۆی هاوپەیمانی بەستنیان لەگەڵ دوو حزبی عەلمانی کە ئەوانیش سۆشیالیست و زەحمەتکێشانی باڵی قادر عەزیزە.
ئەوەی پێشتر ئیسلامی بوو و دەنگی بە حزبە ئیسلامییەکەی خۆی دەدا پێی وابوو کە ئەمە ئەرکێکی ئاینیە و پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات، بەڵام پاش بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ دوو حزبی عەلمانییدا، هەر ئەو دەنگدەرە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە حزبەکەی لە ئامانجە ئاینییەکەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و بەرەو ئامانجی سیاسی هەنگاو دەنێت، هەتا ئەندامێکی یەکگرتوو پاش دەرچوونی ئەنجامە بەراییەکان گوتی: ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد ڕوویدا، هەروەك چۆن قادر عەزیز سەری حزبەکەی خۆی خوارد ئەوا سەری ئێمەشی خوارد.
هەقە ئەو حزبە ئیسلامییانە دان بە هەقیقەتی ئەو پاشەکشەیە بێنن و چیتر پەنا نەبەنە بەر دەرکردنی بەیاننامەی ناڕەزایی و تۆمەت هەڵبەستن بە لیستی کوردستانی کە گوایە خروقاتی کردووە، واتە شکستی خۆیان بەسەر لیستی کوردستانی بسڕنەوە.
ئوسامە جەمیل ناوێك کە سەر بە حزبێکی ئیسلامییە لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی ئەلشەرقیە نەیدەزانی چۆن ئەو سیناریۆیە ڕێك بخات کە بەهۆیەوە بیسەلمێنێ کە بەڵێ لیستی کوردستانی خروقاتی کردووە و سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵاش سەر بە حزبێکی ناو لیستی کوردستانییە.
جارێك گوتی: خروقاتەکە لە ماوەی درێژکردنەوەی ماوەی دەنگدانەکە بوو کە گوایە بە قسەی خۆی لە سەعات(٧) وە تا سەعات هەشت بەردەوامی هەبوون، جارێکیش لە وەڵامی پرسیاری ئامادەکار کە ئایا بۆ چاوەڕوانی ئەنجامی کۆمسیۆنی باڵا ناکەن، گوتی: سەرۆکی کۆمسیۆنەکە بێ لایەن نییە و کاتی خۆی بەرپرسی لقی(٥)ی پارتی بووە.
یەکەم ئەو ماوەیەی کە درێژکرایەوە لە سەعات(٦)وە تا سەعات(٧)ی ئێوارە بوو نەك لە سەعات(٧-٨)، دووەمیش فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵا هیچ کاتێك بەرپرسی لقی (٥) نەبوو، بەڵکو ئەندام لق بووە، ئەو دوو تێبینییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو هەڵایەی هەندێ لیست دروستی دەکەن بەخۆشیان نازانن چۆن ڕێکی بخەن بەشێوەیەك کە قەناعەت بەلایەنگرانیان بێنن.
باشە ئەو چوار حزبە ئەگەر ڕاست دەکەن بۆ بەرامبەر ئەوە خروقاتانەی کەلەلایەن لیستی گۆڕانەوە لە سلێمانی دەکرا بەیاننامەیان دەرنەکرد، وەك ڕووداوی جادەی سەهۆڵەکە و هەروەها سووتاندنی ئاڵای کوردستان و ...تاد..!! بەڕاستی ئەمانە هەر هەموویان جێی پرسیار و هەقە وەڵامیان بدەنەوە.
* چاوپۆشی لە خروقاتی لیستەکانی دیکە، بەتایبەتی لیستی گۆڕان هەر لەبەر پەرۆشی لیستی کوردستانی بوو بەمەبەستی سەرخستنی پرۆسەکە و پاراستنی ناوبانگی کورد، ئەگینا ئەگەر ئەو پەرۆشییە نەبوایە کۆمسیۆنی باڵا ئەوەندەی نەمابوو ناوی کەمال میراودەلی لە پاڵێوراوی بکوژێنێتەوە، ئەویش بەهۆی سکاڵایەکی سەرۆك بارزانی لەسەر ئەو زاتە لەبەرامبەر ئەو قسە حەلەق و بەلەقانەی کە کردبووی، بەڵام کە سەرۆك بارزانی بەمەی زانی هەر زوو داوای لە نوێنەری خۆی کرد ئەو سکاڵایە بکشێنێتەوە.
بۆ ئاگاداری تەنیا لە سلێمانی لیستی کوردستانی سەدان سکاڵای دژبە لیستی گۆڕان لەلای کۆمسیۆنی باڵا تۆمارکردبوو، کەچی بۆ جارێکیش بەیاننامەی ناڕەزایی ئاراستەی بان کی مۆن و باڵیۆزانی بەریتانیا و ئەمەریکا و نوری مالیکی و... تاد نەکرد، مەبەستیش لەمە پاراستنی ناوبانگی کورد و ئەزموونی کوردستان بوو، لە بەرامبەر دا جێ نەما لیستی گۆڕان و لیستی چاکسازیی بەیاننامەکانی خۆیان ئاراستە نەکەن..!!
کە ئەم ڕەفتارەش بەرای من ڕەفتارێکی نا بەرپرسانەیە و هەق بوو گیروگرفتەکانمان لە ماڵی خۆماندا چارەسەر بکردایە نەك ئەو هەموو هاوارەمان لێ هەڵبستێ و خۆمان لەبەردەم ئەو هەموو لایەنانە ناشرین بکەین کە ئەسڵەن وا نەبوو.
* ئەوەی جێی داخە هەڵوێستی هەندێ لە چاودێرانی هەڵبژاردنەکە بوو، کە بەڕاستی لە گۆڕان گۆڕانتر دەرچوون و بەپێی ڕێنوێنی گۆڕان دەجوڵانەوە، بەیانی و نیوەڕۆ و تا کۆتایی هاتنی پرۆسەکەش قسەی باشیان دەکرد، بەڵام کە دیتیان ئەنجامەکە بەو شێوەیە نابێ کە چاوەڕوانیان دەکرد، هەر زوو لەلایەن گۆڕانەوە فیتدران و ئیتر کەوتنە ڕەخنە گرتن لە پرۆسەکە، مـن بەهۆی برادەرێکی دانیشتوی وڵاتێکی بیانی ئەوەم دەزانی کە بەر لە هەڵبژاردن لیستی گۆڕان داوای لە هەندێ لە ئەندامانی ڕێکخراوی چاك کردبوو کەخەڵکانێك وەك چاودێر بنێرن و خەرجییەکانیشیان لەسەر ئەو لیستە بێت و پاش ئەنجامدانی پرۆسەکەش لە ڕووی ماددییەوە هاریکاری دەکرێن..!!

**بەپێی زانیاری هەندێ لە نوێنەرانی لیستی کوردستانی کە سەر بە یەکێتی بوون بە خەت مایل دەرچوون و ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ لیستی گۆڕان کرد**

**لە سلێمانی لیستی کوردستانی سەدان سکاڵای دژبە لیستی گۆڕان لەلای کۆمسیۆنی باڵا تۆمارکردبوو، کە چی بۆ جارێکیش بەیاننامەی ناڕەزایی ئاراستەی بان کی مۆن و باڵیۆزانی بەریتانیا و ئەمەریکا و نوری مالیکی و... تاد نەکرد، مەبەستیش لەمە پاراستنی ناوبانگی کورد و ئەزموونی کوردستان بوو**

# ئیرادەی سـ
# بەڕێوەبردنی ململانێکـ



فوئاد سدیق

پڕۆسەی هەڵبژاردن تەواو بوو ، کەچی بە پێچەوانەی هەموو هەڵبژاردنەکانی دونیا ڕاگەیاندن بە هەمان ئەو ئاوازانەی پێش هەڵبژاردن بەردەوامەو ئاراستەکەی نەگۆڕاوە ، وەك ئەوەی هەر لایەك بیەوێ لایەکەی تر بسڕێتەوە ، لەکاتێکدا هەموو ئەو قەوارە سیاسیانەی دەنگیان وەدەستهێناوە ، خەڵك بۆ ئەوە دەنگی پێداون تا ململانێ لەسەر زیاتر خزمەتکردن بکەن ، نەك سڕینەوەی یەکتر. بۆیە دوای هەڵبژاردن پێویست بەوە دەکات قۆناخی ئەم چوار ساڵەی داهاتوو ، هەموولایەك لە پرسە نیشتمانییەکان کە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە هاودەنگ بن.ئا لێرەدایە ناکرێ دژایەتیکردنی یەکتری بگوازینەوە ناو پێگەی خەڵك، چونکە قۆناخی هەڵبژاردن تەواو بوو ، ئیتر کاتی داڕشتنی بەرنامەی خزمەتگوزاری و سیاسی و نیشتمانییەکانە.

لێرەوە ئەرکی سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان مەسعود بارزانی زۆر قورس و هەستیار(حساس) دەبێت، چونکە لەلایەك هێشتا لەنیوەی ڕێگاداین و کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەرنەبووە، لەلایەکی تریشەوە ، ئەرکی سەرۆکە تەبایی و یەکڕیزی لە بەرامبەر پرسە نیشتمانییەکان لە کوردستان قووڵبکاتەوە. ئەم قووڵکردنەوەی تەباییە ، هونەری بەڕێوەبردنی ململانێکان لە لایەن سەرۆکی کوردستانەوە دەردەخات ،بەتایبەت کە بەڕێوەبردنی ململانێ زانستە وەك هەر زانستێکی دیکە ، چونکە ئەویش یاساو ڕێسای خۆی هەیە.. هەڵبەت لە قووڵکردنەوەی تەبایی و یەکڕیزیشدا قەت مەبەستم ئەوە نییە هەموو لیستەکان بە پێی دەنگەکانیان بەشداری لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بکەن ،یان هەرچی لیستی کوردستانی وتی هەموو لیستەکانی تریش هاودەنگ و هاوڕا بن لەگەڵیدا ،بە دڵنیاییەوە لە حاڵەتی وادا ئۆپۆزیسیۆن هیچ بەهاو مانایەکی بۆ نامێنێتەوە. بۆیە ئەمجارە لە لایەك هەم سەرۆکی نوێی پەرلەمان و هەم سەرۆکی نوێی حکومەت کە نازانین کوێ دەبن ، دەبێت زۆرترین پشوو درێژییان پێوەبێت و پڕۆسە دیموکراسیەکانیش هەڵگری ئەم پشوو درێژییەبن. لە لایەکی تریشەوە سەرۆکی کوردستان ئەوەندەی گوێ لە لیستی براوە دەگرێ، پێویستدەکات ئەمەندەش گوێ لە لیستەکانی دیکە بگرێ، چونکە دواجار تەنها سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستانە بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات .کەواتە ئەم چوار ساڵەی داهاتوو رەنگە بۆ سەرۆکی کوردستان زۆر قوڕس بێت ، چونکە لەلایەك خەڵك چاوەڕوانی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ، ئەمەش دونیایەك گرفتی لەناو منداڵدانی خۆیدا هەڵگرتووە ، لە لایەکی تریشەوە پێویستە ڕێگە لە هەموو دەستتێوەردانێکی دەرەکی بگیرێ ، بۆ تێکدانی هاودەنگی لیستە جیاوازەکان لەبەرامبەر پرسە نیشتمانییەکان، ئەمەشیان هەر ئاسان نییە، چونکە دوژمنانی کورد هەمیشە یەك چرکەش غافڵ نەبووینە لە دووبەرەکینانەوەو دروستکردنی هێزی نەیار لەناوخۆماندا.

پێموایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان ، چ بۆ لیستی کوردستانی ، چ بۆ جەنابی سەرۆك بارزانی لە ناوچەی سلێمانی ،زۆر وانەی لێدەکەوێتەوە ، بەڵام گرنگ ئەوەیە چەند سوود لەو وانانە وەربگرین ، بۆ نموونە لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم لەئەنجامی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی پێکهاتبوو ، ئیتر نەك هەر سەرۆکی حکومەت ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتی بەسەرنەدەکردەوەو بۆ خودی یەکێتی جێهێشتبوو ، بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەبەر خاتری یەکێتی بەسەرکردنەوەی ئەم ناوچانەی بۆ یەکێتی جێهێشتبوو ، لەکاتێکدا سەرۆکی کوردستان ، سەرۆکی کوردستانە، دوور لە هەموو لیست و حزب و لایەنی جودا جودا، بەڵام گرفتی گەورە ئەوەیە جەنابی کاك

# ـەرۆک بارزانی و
# ـان له دوای هەڵبژاردن

مەسعود چەندین جار قوربانی بەخۆی داوە بۆ ئەوەی پرۆسەی یەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد جێگیر بێت ، ئەگەر ئەمەیان بۆ رابردوو راست بووبێ، بەدڵنیاییەوە پێویستیش دەکات ئەمجارە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان گلەییەکانی خەڵك لەهەموو شوێنەکانی کوردستان بە گەرمیان و سلێمانیشەوە نەهێڵێت.شکاندنی ئەو رێچکەیە تەنها بە ئیرادەی لەبن نەهاتووی سەرۆك بارزانی دەکرێ، دەنا دەبێتە نەریتێك دوای چوارساڵی تر هەر کەسێك ببێتە سەرۆکی کوردستان ناتوانێ سەرۆکی هەموو کوردستان بێت ، چونکە بە درێژایی مێژووی ٣٠ ساڵی رابردوو هیچ سەرکردەیەك بەقەد مەسعود بارزانی ئیرادەیەکی پۆڵایین و لەبن نەهاتووی نەبووە. بوونی ئەم ئیرادەیەی مەسعود بارزانی هەمان ئیرادەی (غاندی)مان بیردەخاتەوە ، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە غاندی ئیرادەکەی بەکارهێناو نازناوی (رووحێکی مەزن)ی بەباڵادا برا، پێموایە ئەگەر سەرۆك بارزانی ش ئیرادە لەبن نەهاتووەکەی بەکار بهێنێ، نەك تەنها نازناوی (رووحێکی مەزن)ی بەباڵادا دەبردرێ، دڵنیام هەمان نازناوەکانی جۆرج واشنتۆن (پاڵەوانی سەربەخۆیی، باوکی دامەزرێنەری وڵات) ونازناوی چوارەم سەرۆکی ئەمریکا جیمس مادیسۆن(باوکی دەستوور) و نازناوی شانزەمین سەرۆکی ئەمریکا ئیبراهیم لینکۆلن کەبە (رزگارکەری کۆیلە و هەروەها بە یەکخستنی وڵاتە یەکگرتووەکانی باشوورو باکوور ناودەبردرێ) و زۆر نازناوی تری سەرۆکەکانی جیهان هەن ، دەکرێ لەماوەی ئەم چوار ساڵەی داهاتوودا بە باڵای مەسعود بارزانی دا ببڕدرێ.بەڵام لەبیرمان نەچێ جۆرج واشنتۆن بناغەیەکی سیاسی ئەوتۆی دارشت کە تا ئێستاش لە هەندێ رووەوە سەرۆکەکانی ئەمریکا پێرەوی سیاسەتەکەی واشنتۆن دەکەنەوە ، بە تایبەت لە بینینی ئەو رۆڵە ناوەندییەی کە لە دامەزراندنی ئەمریکا بینی.لەخۆڕا نەبووە گەلی ئەمریکا تا ئەمڕۆش جۆرج واشنتۆن و ئیبراهیم لینکۆلن بە مەزنترین سەرۆکەکانی ئەمریکا ناودەبەن.

لەدوای هەڵبژاردنیش هێشتا راگەیاندنی کوردی بەگشتی لەهەڵچوون و ئاڵۆزی ماندوو نەبووە ، ئەمە وایکردووە راگەیاندنەکان ئاراستەی جیاواز وەربگرن ، بە رادەیەك خەڵك بخەنە دڵەراوکێوە ،بۆنموونە باسی ئەوە دەکەن ئەگەر سکاڵاکان لە لایەن کۆمیسیۆنەوە بە هەند وەرنەگیران ، بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنی ئۆکرانیای ساڵی (٢٠٠٥) خۆپیشاندانی سەرتاسەری سازدەدەن و خەڵك جۆشدەدەن ، لەکاتێکدا کوردستان و ئۆکرانیا دوو نموونەو دوو وێنەی تەواو لێکجیاوازن، ئەوەی ئۆکرانیا ململانێکان لە بنەڕەتدا لە نێوان روسیاو ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاوەبوو ، رێژەی دەنگەکانیش لەنێوانیاندا جیاوازییەکی زۆر نەبوو ، وێڕای ئەوەی سێ نەتەوە لە ئۆکرانیا هەبوون و هەر یەکەو سەر بە لایەنێك بوون ، بەڵام کوا لە کوردستان ژمارەی گەلانی مونا فیس ،یان نزیکبوونەوەی رێژەی دەنگەکان ، ئینجا کوا ئەو دەوڵەتانەی لەکوردستان شەڕی بە وەکالەت دەکەن ،وەك ئەوەی لە ئۆکرانیا کردیان ؟. بۆیە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت لە سەردەمی ئیبراهیم لینکۆلن شەڕی ناوەخۆ هاتە ئاراوەو یانزە ویلایات جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان راگەیاندو ناویان لێنا ویلایەتی کۆنفیدڕالی ئەمریکی، بەڵام لینکۆلن توانی بە گورزی هێز ئەم یانزە ویلایەتە بگەڕێنێتەوە بۆسەر حکومەتی ناوەندی. ئەمە تا ئێستاش بە یەك لە دەستکەوتەکانی لینکۆلن و گەلی ئەمریکا ناودەبردرێت و گەلی ئەمریکاش ئیبراهیم لینکۆلن بە هێمای دیموکراسی دەزانن بۆ خۆیان.لەکاتێکدا شارەکانی باشوور زۆرترین زیانیان بەرکەوت و تێکرای زیانی ئەو شەڕی ناوخۆیە بە زیاتر لە ٦٠٠،٠٠٠کەس مەزەندە دەکرێ. هیوادارم ئەزموونێکی باشمان لە خەباتی گەلانی دونیا وەرگرتبێ.

# خوێندنەوەیەک بۆ پـــرۆسەی دەنگدان وئاکامەکـ



# ئاستی بەرزی بەشداری و سەرکەوتنی پرۆسەی دەنگدان هەنگاوێکی دیکەیە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی



**كاتێك دەنگ بە نوێنەرێك دەدات، دەنگدەر دەزانێت، ئەو نوێنەرەی ئەو دەنگی پێداوە ١٠٠٪ نوێنەرايەتی ئيرادەی ئەو ناكات، ئەم گومانەی لای دەنگدەر دروستدەبێت و بوونی هەيە**

ديموكراتيەت باشترين سيستەمی حكومرانی نييە، بەڵام لە سيستەمی ديموكراتی باشتر تا ئێستا دروست نەبووە، بۆيە تەنها باشی سيستمی ديموكراتی لەو خاڵەدا چڕدەكەينەوە،كە ئەم سيستەمە ڕێگە دەدات دەست لەسەر كەموكورتيەكان دابنێين و لەهەمانكاتدا لايەنە باشەكانيشی وەك ئەوەی هەيە بيخەينە ڕوو،كەواتە لەم پرۆسەيەدا هەموو ئەو لايەن و قەوارە سياسيانەی بەشداری هەڵبژاردن دەكەن، لايەنی باش و خراپيان لەبەردەم دەنگدەراندا ئاشكرايە، بۆيە كاتێك دەنگدەر دەچێت دەنگدەدات، دەنگ بە باشترين حزب يان قەوارەی سياسيی نادات، بەڵكو دەنگ بەو لايەنە دەدات كە بە بۆچۆنی خۆی لەلايەنەكانی ديكە كەموكورتی كەمترە، يان هێندەی لێ ڕادەبينێت،بۆ ٤ ساڵ تاقيبكاتەوە يان متمانەی ٤ ساڵی ديكەی بۆ تازە بكاتەوە، بۆيە ئەو قەوارە سياسيانەی بەشداری لە هەڵبژاردن دەكەن و زۆرينەی دەنگەكانی دەنگدەرانيش وەردەگرن، بە مانای حزبی باش، قەوارەی سياسيی باش، يان باشترين نيين،نەخێر لەبەر ئەوەی ديموكراتی پێناسەی باش و باشترين بە هيچ لايەنێك نادات، ئەوەی ئاكامی دەنگدانيش پێمانی دەدات، پۆلێنكردنی پارت و قەوارە سياسيەكانە لە كەمترين كەموكورتيە وە بۆ زۆرترين كەموكوڕی، لە پرۆسەی ديموكراتيدا دەنگدەر كە متمانە دەدات بە لايەنێك يان قەوارەيەك يان هاوپەيمانيەكی سياسيی، ئەو دەنگدانە مانای ئەوە نييە دەنگدەر تا ٤ ساڵی ديكە ئيرادەی خۆی تەسليمی ئەو پارتە يان ئەو قەوارە سياسيە كردووە، بە ڵكو متمانەدانێكی ناچاريە، ناچاری بەو مانايەی هيچ تاكێك ئامادەنيە دەستبەرداری مافی حكومرانی خۆی بێت و بيبەخشێت بە نوێنەرەكەی، بۆيە لەبەر ئەوەی ناكرێت خۆی حكومرانی خۆی بكات، چونكە ناكرێت هەموو دەنگدەران ئەندامی پەرلەمان بن و ڕاستەوخۆ بەشداری دروستكردنی بڕياری سياسيی بكەن، بۆيە بە ناچاری دەنگی خۆی دەداتە ئەو نوێنەرەی كە پێيوايە كەمترين پێشيلكاری بەرامبەر ئيرادەی ئەو دەكات، ئەمەش واتە كاتێك دەنگ بە نوێنەرێك دەدات، دەنگدەر دەزانێت، ئەو نوێنەرەی ئەو دەنگی پێداوە ١٠٠٪ نوێنەرايەتی ئيرادەی ئەو ناكات، ئەم گومانەی لای دەنگدەر دروستدەبێت و بوونی هەيە، هەتا ئێستا هيچ پارتێك يان هاوپەيمانيەك يان قەوارەيەكی سياسيی نەيتوانيوە بيرەوێنێتەوە،بۆيە كە دەنگی داو، نوێنەرەكان چوونە پەرلەمان، ئيدی تاك يان دەنگدەر مافی خۆيەتی چاودێری ئەو نوێنەرانە بكات كە بە متمانەی ئەو نوێنەرايەتی دەكات، مافی خۆيەتی چاودێری كارەكانی حكومەت بكات كە بەرێگەی نوێنەرانی ئەو دەنگی پێداوە.

**هەموو ئەو پارت و قەوارە سياسيانەی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەكەن، لەبەر ئەوە دەنگيان پێنادرێت، كە يەكێكيان لە هەموو ئەوانی ديكە باشترە، بەڵكو لەبەر ئەوە دەنگی پێدەدرێت، كە لە ديدی دەنگدەردا و بۆ ئەم قۆناخە كەموكورتيەكانی لە لە لايەنەكانی ديكە كەمترە**

ديارە چاودێريكردنی تاكيش بۆ نوێنەرەكانی كارێكی ئاسان نييە،لەبەر ئەوەی هەر تاكێكی دەنگدەر ئەو توانايەی نييە بە تەنيا وەك تاك چاودێری نوينەرانی خۆی بكات ئاخۆ خيانەت لەو متمانەيە دەكات كە ئەو پێيداوە يان نە، بۆيە جارێكی ديكە پەنا بۆ چەند ميكانيزمێك دەبرێت،كە ڕێگە لەوە بگرێت نوێنەرەكان و،حكومەت،لە چوارچێوەی ئەو متمانەيە كاربكەن،ئەمەش واتە دەنگدەر پێش ئەوەی بچێتە سەرسندوقی دەنگدان،بەوە ڕازی دەبێت دەسەڵاتێك هەبێت كە بەدەنگی ئەو هەڵنەبژێرابێت، ئامادەش نەبێت ئەم دەسەڵاتە بخرێتە بەردەمی سندوقی دەنگدان و تاقيبكرێتەوە، هەردوولاش دەنگدەر و نوێنەران و حكومەتيش ملكەچی ئەو دەسەڵاتە بن، كە ئەويش دەسەڵاتی دادوەريە لە وڵاتدا، بۆيە كاتێك كێشەيەك يان گرفتێك لە نيوان قەوارە سياسيە بەشداربووەكان لەسەر ئيشكاليەتی پرۆسەی دەنگدان ڕوودەدات، نە دەنگدەر نە قەوارە سياسيەكان ئەو مافەيان نييە، پێش دەسەڵاتی دادوەری بكەون،حوكمی پێش وەختە بدەن، هۆكاری سادە بۆ ئەمە ئەوەيە، پێش ئەوەی گەمەی ديموكراسيەكە دەستپێبكات، هەموو لايەك بە دادوەری دەسەڵاتی دادوەری ڕازيبوون كە دادوەری لە نێوانياندا بكات،كە دەسەڵاتی دادوەری ( بێگومان كۆمسيۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانيش كە هەڵبژاردنەكە بەڕێوە دەبات، تەنها ڕۆڵی چاودێرو بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەكە دەگێڕێت، پاشان ئەگەر تانوت و پێشيلكاری ئەو تۆ هەبوو خۆی بۆی چارەسەر نەكرا، ڕووبەرووی دەسەڵاتی دادوەری دەكاتەوە)بڕيارىدا ئەم هەڵبژارنە شايستەی ئەوەی بەپێی ئەو ستاندەرەی وەك پێوانە بۆ سەركەوتنی هەڵبژاردن دانراون بە سەركەوتووی ناو ببات، مانای ئەوەنيە ئەو هەڵبژاردنە ١٠٠٪ پاك وبێگەردبووە، هيچ خروقات و پێشيلكاريەك ڕوونەداوە، نەخێر ئەم بڕيارەی لەسەر سەركەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەدرێت، بڕيارێكی ڕێژەييە دروست وەك نمرەی ئاستی زانكۆيە كە بڕياری سەركەوتنی بۆ قوتابيەك پێدەدرێت، بۆ ئەوەی لە قۆناخێكەوە بچێتە قۆناخێكی ديكە، يان بڕوانامەی لەيەكێك لە زانستەكاندا پێبدرێت، بۆيە كاتێك دەڵێن قوتابيەك بە پلەی ناياب سەركەوتووە، مانای ئەوە نيە ئەو قوتابيە ١٠٠٪ لەو زانستە سەركەتوو بووە، نەخێر مانای ئەوەيە ڕێژەی هەڵەكانی لە نيوان ١-١٠٪يە،يان كە دەڵێن قوتابيەك بە پلەی زۆر باشە سەركەوتووە، مانای وايە ڕێژەی هەڵەكردنی لە نيوان ١٠-٢٠٪ ە، كە دەڵێن باشە واتە ڕێژەی هەڵەكردنی لە نێوان ٢٠-٣٠٪، ئەمە پێمان دەڵێت هەڵسەنگاندنی سەركەوتن ڕێژەييە، هيچ هەڵبژاردنێكيش لەبەر ئەوە پێی ناگوترێت هەڵبژاردنێكی سەركەتووە لەبەر ئەوەی باشترين هەڵبژاردنە، بەڵكو لەبەر ئەوە پێی دەگوترێت هەڵبژاردنێكی سەركەتوو،كە ڕێژەی پێشيلكاری و ساختەكاری ئەو سنورەی نەبەزاندووە، كە پێوەرە نێودەوڵەتيەكان بۆی ديايكردووە، لێرەوە دەگەينە ئەم دەرەنجامانە:

١- هەموو ئەو پارت و قەوارە سياسيانەی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەكەن، لەبەر ئەوە دەنگيان پێنادرێت، كە يەكێكيان لە هەموو ئەوانی ديكە باشترە، بەڵكو لەبەر ئەوە دەنگی پێدەدرێت،كە لە ديدی دەنگدەردا و بۆ ئەم قۆناخە كەموكورتيەكانی لە لە لايەنەكانی ديكە كەمترە، نەك كەموكورتی نيە.

٢- هيچ پرۆسەيەكی هەڵبژاردن بێ كەموكورتی نييە، لە هەموو هەڵبژاردنێكدا، تەنانەت لە هەڵبژاردنەكانی جيهانی يەكەميشدا،پێشلكاری و خروقات هەيە، بەڵام لايەنە سياسيەكان و قەوارە سياسيەكان خۆيان جێگەی دەسەڵاتی دادوەری ناگرنەوە، بەڵكو هەموو ملكەچی

دەسەڵاتی دادوەری وڵاتی خۆیان دەبن، بەو بریارە رازی دەبن کە دەسەڵاتی دادوەری دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی دەنگدان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە رادەگەیەنرێت.

٣- ئەوەی لەهەموو خاڵەکان گرنگترە ئەوەیە، زۆربەی دەنگدەران لە ١٠٠٪ بڕوای بەو قەوارە سیاسیە نیە کە دەنگی پێدەدات، دەنگدەر بە گومانەوە دەنگدەدات، کە دەنگیش دەدات دیسان گومانەکەی نەرەویوەتەوە بۆیە چاودێری ئەو دەسەڵاتە دەکات کە خۆی دەنگی پێداوە و نوێنەرایەتی خۆی پێسپاردووە.

### دوای پرۆسەی دەنگدان و پێکهێنانی دەسەڵات

دوای پەسەندکردنی ئاکامەکانی دەنگدان و پابەندبوونی لایەنەکان بە ئاکامی دەنگدانەوە، جوانیەکی دیکەی سیستەمی دیکەی دیموکراتی ئەوەیە، لەبەر رۆشنایی ئاکامەکانی دەنگدان، پۆلێنی قەوارە سیاسیەکان دەکاتەوە، ئەمەش واتە لەم سیستەمەدا،هیچ لایەك لە پرۆسە سیاسیەکە ناچێتە دەرەوە، بەڵکو بەپێی ئاکامی دەنگدانی هاوڵاتیان،شوێنی لە پرۆسە سیاسیەکەدا بۆ دیاریی دەکرێت، ئەم قۆناخە تای قۆناخی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەگۆرێت بۆ دیالۆگی نێوان لایەنە سیاسیەکان، لەبەر ئەو لایەنەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە خۆی ختسۆتە ژێرباری گەورەترین بەرپرسیاریەتی ٤ ساڵی داهاتووەوە دەشزانێت بە تەنها ئەو بارە قورسەی بۆ هەڵناگیرێت، بۆیە هەوڵدەدات:

١- ئەگەر پێ لەسەر ئیستحقاقی ئینتخابی دابگرێت و سوود لەو شەرعیەتە وەربگرێت،کە سندوقی دەنگدان پێیداوە، ئەوا دەبێت ٤ ساڵی حکومرانی داهاتوو بکاتە ئەولەویەتی بەرنامەی حزبەکەی خۆی و ئەگەر هاوپەیمانی بوو، دەبێت تەواوی ئەندامانی هاوپەیمانیەکە بەرنامەی ٤ ساڵی داهاتووی حکومەت بکەنە ئەولەویەتی بەرنامەی حزب و قەوارە سیاسیەکانی ناو هاوپەیمانیەکە،لەم حاڵەتەشدا کە پێ لەسەر ئیستحقاقی ئینتخابیش دادەگرن، دیسان ئەو لایەنەی کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێناوە، هەر دەزانێت بەتەنها و بێ بەشداری خەڵکانی دیکە ئەو ئەرکەی پێ هەڵناگیرێت، بۆیە لەبری ئەوەی پەنا بباتە بەر حکومەتی ئیئتیلافی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکاندا، پەنا دەباتە بەر حکومەتی تەکنوکرات و سەروەری یاسا،بەڵام دەبێت ئەوەشی لەبەر چاو بێت، پەنابردن بۆ تەکنۆکرات و سەروەری یاسا قوربانیدانی بە بەرژەوەندی حزبی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی دەوێت، ئەم حاڵەتە بە ئاسانی دروست نابێت، پێویستی بە رەگداکوتانی سەروەری یاسا و کەلچەری دیموکراسی هەیە، لە وڵاتێکدا ئەم دوو مەسەلە گرنگە رەگیدانەکوتابێت،دەبێت ئەو تەحەدی و مەترسیانەی رووبەرووی حکومەت دەبنەوە بە ووردی لەبەر چاوبگیرێن و ئامادەباشی تەواویشی بۆ وەربگیرێت.

٢- ئەگەر بە لەبەر چاو گرتنی ئیستحقاقی ئینتخابی بیر لە حکومەتی هاوپەیمانی یان حکومەتێك کە هەموو لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردن هەریەك بەپێی قەوارەی خۆی کرایەوە، ئەمە لایەنی سلبی و ئیجابی هەیە و دەبێت هەردوو لایەنەکەی لەبەر چاو بگیرێت، ئەوەی لایەنە سلبی و ئیجابیەکان دیاری دەکات چۆنیەتی دروستکردنی ئەو هاوپەیمانی و رێککەوتنەیە کە لایەنەکان لە نێو خۆیاندا لەسەری رێکدەکەون، لێرەدا دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ بکەین:

أ- ئەگەر بنەمای هاوپەیمانیەکە رێککەوتن بوو لەسەر بەرژەوەندی حزب و قەوارە بەشداربووەکان، ئەوا لایەنی سلبی لە حکومرانیدا زاڵ دەبێت بەسەر لایەنی ئیجابیدا، لەم حاڵەتەدا، راستە هەموو پێکەوە کاردەکەن، بەڵام هەر لایەك کار بۆ بەرژەوەندی حزبی خۆی دەکات نەك بەرژەوەندی گشتی و، کە باریشی لە هاوپەیمانیەکە لاسەنگ بوو یان ئەو ئامانجەی هەیبوو نەهاتە دی، ئەوا لاسەنگی بەرژەوەندیە حزبیەکەی،لەبەرگی بەرژەوەندی گشتیدا پێشانی جەماوەر دەدات.. وەك لە حکومەتی هاوپەیمانی پێشووی هەرێمی کوردستان بینیمان، بەتایبەتیش بەشداری ئەو لایەنانەی کە بە وەزارەتێك یان دوان بەشداریان کردبوو،ئەم هاوپەیمانیە نەبوونی باشترە.

ب- ئەگەر بنەمای هاوپەیمانیەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی گرێبدرێت، هەموو لایەنە بەشداربووەکان ئامادەبن لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیەوە ئەدای خۆیان لە پەرلەمان و حکومەت دیاریبکەن، ئەمە هەر بەقسە دروست نابێت، بەڵکو دەبێت لایەنەکان ئامادەباشیان تێدابێت،پێش هەموو شت، بەیاسا کاری میدیا لە کوردستان رێکبخرێت.

ت- بەیاسا رێکخستنی کاری میدیا، واتە میدیا لە پاشکۆی حزبەکانەوە بگۆرێت بۆ دامەزاوە و یاسا ئەرکەکانی دیاری بکات نەك ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان، لە وڵاتێکدا میدیای ئازاد بوونی نەبێت، چاودێری بەرژەوەندی گشتی بوونی نابێت، دروست وەك بارودۆخی ئێستای کوردستان، ئەوەی لای هاوڵاتیان گرنگ نەبێت هەواڵ و ریپۆرتاژەکانی میدیایە،تەنانەت لای ئەندامانی ئەو حزبانەشی کە دەنگیان بە حزبەکەی خۆشیانداوە حکومرانی بکات، باشترین نموونە میدیاکانی پارتی ویەکێتیە،پارتی ویەکێتی بەپێی ژمارەی ئەو دەنگانەی لەم هەڵبژاردنە بەریانکەتووە، واتە زیاتر لە یەك ملیۆن دەنگدەری ژن وپیاو،کچ وکور، کە تەمەنیان لەسەروو ١٨ ساڵیەوەیە،دەگی پێداون، ئەگەر رێژەی ئەو کاسانەی لەم زیاتر لەیەك ملیۆن هاوڵاتیە تەنها ٢٠٪یان ئامادەبن رۆژنامە بخوێننەوە،هەر پێنج کەسیشیان یەك رۆژنامە بکرن، دەبوو تیراژی خەبات و کوردستانی نوێ، کە دوو رۆژنامەی ئۆرگانی پارتی ویەکێتین هەریەکەیان لەسەروو، ٥٠ هەزار دانەوە بوایە، کەچی تیراژەکە زۆر کەمە فرۆشتنی،ئەمە بۆ هەموو رۆژنامەکانی دیکەش هەروایە، بۆ نموونە لیستی گۆران ئیدعای ئەوە دەکات،نزیکەی نیو ملیۆن کەس دەگی پێداوە،بەڵام تیراژی رۆژنامەی رۆژنامە، زۆر کەمە. ئەوانەشی بە خۆیان دەڵێن میدیای سەربەخۆ و ئەهلی حاڵیان لە حاڵی میدیا حزبیەکان باشتر نییە، باشترینیان تیراژی هەفتانەی ناگاتە دووهێندەی خەبات و کوردستانی نوێ، کە دوو رۆژنامەی رۆژانەن .ئەم ژمارانە راستیەکمان پێدەڵێت،چیدیکە نابێت خۆڵ بکەینە چاوی خۆمان ( نەك چاوی جەماوەر و هاوڵاتی، لەبەر ئەوەی کەس ناتوانێت خۆڵ بکاتە چاوی جەماوەر

**هیچ پرۆسەیەکی هەڵبژاردن بێ کەموکورتی نییە، لە هەموو هەڵبژاردنێکدا، تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی جیهانی یەکەمیشدا، پێشلکاری و خروقات هەیە**

**چیدیکە نابێت خۆڵ بکەینە چاوی خۆمان ( نەك چاوی جەماوەر و هاوڵاتی، لەبەر ئەوەی کەس ناتوانێت خۆڵ بکاتە چاوی جەماوەر و هاوڵاتی)**

و هاوڵاتـــی )، مەبەســـت لـــەوەی خۆڵ نەکەینە چاوی خۆمان بـــە پلەی یەکەم رۆژنامەنووسان و بەپلەی دووەم حکومەت دەگرێتەوە، بـــەوەی هەوڵبدەن وەك خۆی واقیعەکە ببینـــن، دەبێت ئەرکی ئاییندەی ســـەندیکای رۆژنامەنوســـانی کوردستان وەڵامدانـــەوەی پرســـیارەکەی ســـەرۆك بارزانی بێت کە لـــە کۆبوونەوەی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی کوردســـتان لێی پرسی رۆژنامەنووس کێ یە، کێ رۆژنامەنووسە؟ ئەم پرســـیارەی ســـەرۆك بارزانی ماناو دەلالەتێکی قووڵی هەیە دەبێت هەموومان خۆمانی پێوە ماندوو بکەین،پێش هەموان دەبێـــت ســـەندیکای رۆژنامەنووســـانی کو ر د ســـتا ن وەڵامی بداتـــەوە، رۆژنامەنووس دەبێت بە ئیتیکـــی رۆژنامەوانـــی کار بکات نەك یاسای رۆژنامەنووســـی، رۆژنامەنووس دەبێت بـــێ لایەن بێت،ئامانجی گەیاندنی زانیاری وردو دروست بێت، نەك شێواندنی راســـتیەکان بۆ بەرژەوەندی ئەم لایەن یان ئەو لایەن،دەستخســـتنە سەر ئەم راستیانە بـــەو مانایە نییـــە، هەفتەنامەی گوڵان دەیەوێت موزایەدەی رۆژنامەنووسی بەسەر سەندیکای رۆژنامەنوسانەوە بکات، نەخێر ئێمە دەست دەخەینە سەر کێشەیەك و باس لە گرنگی بوونی میدیای ئازاد پرۆفیشناڵ نەدەکەین، نـــەك میدیایەك کە نەزانێت بە زمانی رۆژنامەنووسی بدوێت و بانگێشە بۆ میدیای ئازاد سەربەخۆ بکات، دەگەرێنەوە سەر مەسەلەی خۆڵکردنـــە چـــاوی خۆمـــان، ئێمەی رۆژنامەنووسان بـــە پلـــەی یەکـــەم و حکومـــەت بـــە پلەی دووەم، دەبێت ئەو راستیە باش بزانین تیـــراژی رۆژنامەکانمـــان لـــە ژمـــارەی ئـــەو کاربەدەستانە کەمترە کە پارتی و یەکێتی پلە و پایەیان بۆ دیاریدەکات،پرسیار ئەوەیە تیراژی رۆژنامەکانمـــان لە ژمارەی ئەو کاربەدەســـتانە کەمتر بێـــت کە خۆیان بە دەســـتبژێری هەردوو حزب دەزانن، دەبێت ئاستی رۆژنامەگەری لەو وڵاتی ئێمە لە چ ئاســـتێکی خراپدا بێت، پرسیار ئەوەیە تاکەی ئێمەی رۆژنامەنووسان بەم واقیعە رازی دەبین و تاکەی حکومەت لەم کێشە گرنگە خەمسارد دەبێت.

ث- رازی بوونی رۆژنامەنووسان بەم واقیعە، واتە کامڵنەبوونی کەسێتی رۆژنامەنووسی کوردســـتان بۆ ئەوەی رۆڵـــی چاودێر و چاوی ئێشـــکگر بۆ بەرژەوەندی گشتی بگێرێت، هەروەها خەمساردی حکومەتیش لەم مەسەلەیە واتە حکومەت رازیە بەوەی چاوی ئێشگر لەسەر بەرژەوەندی گشتی نەبێت،بەتایبەتـــی لـــەم قۆناخەی دادێ، باردۆخی سیاســـیی کوردستان پیویستی بـــە میدیایەکی کامڵ و پێگەیشـــتووە، بۆئەوەی هاوڵاتیان لە پاشکۆبوونی حزبە سیاسیەکان دەربهێنێت و چیدیکە سەنگەر بەندی ئایدۆلۆژی لە کوردســـتاندا بوونی نەمێنێت، با هاوڵاتیان بەیانیان پێش ئەوەی بچنە سەرکارەکانیان رۆژنامەکان بخوێنەوە، بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئەو رۆژەیان لەسەر را ســـتگۆ یی

**تیراژی رۆژنامەکانمان لە ژمارەی ئەو کاربەدەستانە کەمترە کە پارتی و یەکێتی پلە و پایەیان بۆ دیاریدەکات، دەبێت ئاستی رۆژنامەگەری لەو وڵاتی ئێمە لە چ ئاستێکی خراپدا بێت**



رۆژنامەکان بونیاد بنێن نەك ئەو هەواڵانەی کە دەبری ئایدۆلۆژیەتی حزبێکی دیاریکراوە،هەوڵدەدات راستیەکان بشێوێنێت.

بەهەرحاڵ چ لە حاڵەتی ئەوەی ئەو لایەنە یان ئەو هاوپەیمانیەی زۆرینەی دەگەکانی بەدەستهێناوەو دەسەوێت بەیەکێك لەو رێگەی سەرەوە ( ئیئتیلافی یان ئیستحقاقی ئینتخابی ) حکومەت پێکبهێنێت، لە هەردوو حاڵەتدا پێویستی بە هاریکاری لایەنی دیکە و بەتەنیا حکومەتی بۆ بەرێوە ناچێت، بەڵام تەنها جیاوزیەکە ئەوەیە لە حاڵەتێکدا ئەگەر لەسەر ئیستحقاقی ئینتخابی حکومەت پێکبهێنرێت، ئەوا رێژەی کادرە تەکنۆکراتەکان زیاتر دەبێت، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای ئیئتیلافی سیاسی پێکبهێنرێت،رێژەی کادرە حزبیەکانی سەرجەم لایەن و قەوارە سیاسیەکان زیاتر دەبێت، ئێستا رای گشتی کوردستان بەو ئاراستەیە تەیار کراوە، کە رێگەی یەکەم( دروستکردنی حکومەت لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی ئینتخابی) زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە ئەمجارە تاقیبکرێتەوە،بەڵام باشی ئەم رێگەیە کە تارادەیەك رای گشتی داوای دەکات، تەنها بەراوردکردنە لەگەڵ حکومەتی پێشوو کە حکومەتێکی ئیئتیلافی بووە، نەك لەبەر ئەوەی حکومەتی ئیستحقاقی ئینتخابی تێبینی و سەرنجی لەسەر نابێت،ئێمە لەم راپۆرتە سلبیات و ئیجابیەتی هەردوولامان خستە روو، هەروەها ئەوەش لە خوێنەری خۆمان ناشارینەوە، کە پسپۆرانی سیاسی بۆ ئەم قۆناخە هێشتا حکومەتی ئیئتیلافی بە پەسەندتر دەزانن لە حکومەتی ئیستحقاقی ئینتخابی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەردوو رێگەکە لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، لەوانەیە مەرجێك کە لە ئاکامی دیالۆگ و کۆبوونەوەی لایەنە بەشداربووەکانی پەرلەمانی دێتە ئاراوە، بریاری ئەوە یەکلاییکاتەوە کام رێگەیان بۆ ئەم قۆناخە لەوی دیکەیان باشترە، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەریەك لەم دووریگەیە ئەگەر تاقیبکرێتەوە، بەندە بە مەرجێکی سەرەکیەوە، ئەویش لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەلی کوردستانە .

## سەرۆکی هەڵبژێراوی کوردستان دەبێت چەتری پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بێت

بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان ومێژووی حکومرانی کوردا، سەرۆك مسعود بارزانی وەك یەکەم سەرۆکی هەڵبژێراوی راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بە رێژەی دەنگدانی نزیکەی ٪٧٠ی دەنگدەرانی کوردستان پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێسپێردرا.

گرنگی ئەم پۆستە لەوەدایە کە ئەو کەسانەی دەنگیان بە سەرۆك بارزانی داوە،زیاترن لەو کەسانەی دەنگیان بە پارتی و یەکێتی داوە، هەروەها زیاترە لەو دەنگدانەشی کە لیستی کوردستانی وەك هاوپەیمان بۆ لیستەکە مەزندەی کردووە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوانەی دەنگیان بە سەرۆك بارزانیداوە بۆ ئەو پۆستە، ئەوجا بە رێژەی کەم یان زۆر، رەنگدانەوەی تێکرای پێکهاتە سیاسیی و ئاینیی و نەتەوەییە جیاوازەکانی کوردستانە،واتە ئەم رێژەی دەنگدانەی بە بەرێز مسعود بارزانی دراوە، سنوری ئادۆلۆژیەتی هەموو حزبەکانی بەزاندووە، هەروەها سنووری ئەو فەرمانانەشی بەزاندووە،کە هەندێك لایەن بۆ بەرژەوەندی حزبی و ئایدۆلۆژیەتی خۆی، هەوادارانی خۆی بەو جۆرە ئاراستە کردووە دەنگ بە بارزانی نەدەن،ئێمە لێرەدا باسەکەمان ئەوە نییە، باشیان کرد یان خراپیان کرد دەنگیان بە بارزانیدا یان نەدا، بەڵکو باسی ئەوە دەکەین، کە چەند ئایدۆلۆژیەتی حزبە سیاسیەکان بیانەوێت هاوڵاتیانی کوردستان ملکەچی ئایدۆلۆژیەتی خۆیان بکەن، بەڵام ئەگەر هاوڵاتی ئیرادەیەکی خێر ببێنێت کە دەکرێت وەك ئیرادەی خێر بۆ بەرژەوەندی گشتی متمانەی پێبدرێت ئەو سنورانە لەبەردەمیاندا خۆیان ناگرێت، ئەمەیە پێمان

**گرنگی ئەم پۆستە لەوەدایە کە ئەو کەسانەی دەنگیان بە سەرۆک بارزانی داوە، زیاترن لەو کەسانەی دەنگیان بە پارتی و یەکێتی داوە**

**دەبێت ئیرادەیەکی خێر هەبێت ببێتە چەتری کۆکردنەوەی جیاوازیەکان و بەرژەوەندی گشتی**





دەڵێت، لەرۆژی ٢٥ی تەموز هاوڵاتیانی کوردستان بەوانەی دەنگیان بە بارزانی داوە و بەوانەشی دەنگیان پێنەداوە، مەسەلەیەکی زۆر هەستیار و گرنگیان یەکلاییکردەوە،ئەویش ئەوەیە دەبێت ئیرادەیەکی خێر هەبێت ببێتە چەتری کۆکردنەوەی جیاوازیەکان و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت،ئەم راستیەش کێ پێمان دەڵێت، بێگومان رێژەی ئەو دەنگانەی کە بەسەرۆک بارزانی دراوە،واتە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بەوانەشی دەنگیان پێنەداوە، سەرۆک بە پیویستیەکی ئەم قۆناخە دەزانن بۆ ئەوەی بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت، دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

-١-

### پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بە رێگەی ئەو دەسەڵاتەی کە دەستوور بەسەرۆکی داوە

دەستووری کوردستان دەسەڵاتی سەرۆکی وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکار لە کوردستاندیاریکردووە،ئەمدەسەڵاتەدەتوانێت هەر بریارێك یان یاسایەك لەبەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستاندا نەبێت رای بگرێت، بێگومان بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، تەنها بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی ناگرێتەوە، بەڵکو بەرژەوەندی گشتی بێجگە لە بەرژەوەندیە نیشتمانی و نەتەوەییەکان، بەرژەوەندی تاکەکانیش دەگرێتەوە، لە هەموو بوارەکانی خۆشگوزەرانی، ئاسودەیی، کلتوری، ئازادی، مافی موڵکداریەتی،لەم حاڵەتەدا سەرۆك رۆڵی چاودێری بەرژەوەندی گشتی دەگێرێت، هەروەها هەموو پێکهاتە و نەتەوەکان و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان وەك یەك سەیر دەکات.

-٢-

### ئەو دەسەڵاتەی سەرۆك کە گوشار و رای گشتی پشتیوانی لێدەکات

پەیوەندی راستەوخۆی سەرۆك لەگەڵ گەلی کوردستان و پەیوەندی راستەوخۆی گەلی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی خۆی، دەسەڵاتێکی دیکەی سەرۆکە کە نەیاسا و نەدەستووری کوردستان ناتوانێت سنورداری بکات، ئەم دەسەڵاتە سەرۆك لە سەرۆکێکی گۆشەگیرەوە دەگوازێتەوە بۆ سەرۆکێکی ناو جەماوەر و میللەتی خۆی، بۆیە ئەگەر یاسایەك یان بریارێکی حکومەت لە رووی یاسایەوە هیچ کەموکورتیەکی نەبێت، بەڵام لەبەرژەوەندی گشیدا نەبێت، ئەوا سەرۆك دەتوانێت پشتگیری رای گشتی جەماوەر بکات بۆ ئەوەی ئەو یاسایە یان ئەو بریارە جێبەجێ نەکرێت یان بگەرێنرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی رای گشتی ئەو خاڵانە هەموار بکرێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یەکنا گرێتەوە. ئەم حاڵەتە لەو کاتانەدا روودەدات کە بەرژەوەندی زۆربەی پەرلەمانتاران لەگەڵ توێژێك یان چینێك یەکدەگرێتەوە و توێژو چینەکانی دیکە فەرامۆش دەکەن، با ئەو چین و توێژانەش کەمینە بن، لەم حاڵەتەدا، کە سەرۆك ناتوانێت بە پێی دەستوور ئەو یاسایە یان ئەو بریارە رەتبکاتەوە، ئەوا دەتوانێت پەرلەمان ناچار بکات گوێ لە رای گشتی بگرێت.یان لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەیەکانماندا، بۆ نموونە ئەگەر باس لەوە بکرێت ( ئاڵا و سرودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بگۆرێت) و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بۆ ئەم بریارەدا، لەم حاڵەتەدا سەرۆك دەبێت رای گشتی لەبەر چاو بگرێت، هەوڵبدات رای گشتی بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بجولێنێت،بۆئەوەی رێگە نەدرێت ئەم بەرژەوەندیە هاوبەشەی گەلی کوردستان نەکرێت بە قوربانی زۆرینەو کەمینەی ناو پەرلەمان، لەم حاڵەتەندا پەیوەندی نیوان سەرۆك و گەلی کوردستان دەبێتە ئەو هێزەی رێگە نەردرێت بەرژەوەندی گشتی لەبەر هەر هۆکارێك بێت لەبەر چاو نەگیرێت.

### چۆن ئاکامەکانی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بخوێنینەوە

هەتا ئەم دێرانەش دەنووسین بەداخەوە بەشی زۆری ئەو خوێندنەوانەی بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەکرێت، خوێندنەوەیە لەبەرژەوەندی لایەن و قەوارەسیاسیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە روانگەی بەرژەوەندی گشتیەوە، ئەمە بەو مانایە تەفسیر نەکرێت،لایەنێك بەو جۆرە دەیخوێنێتەوە ولایەنێکی دیکە بە جۆرێکی دیکە،بەڵکو ئاراستەی کاردانەوەی شەقام و دەربرینی خۆشی و کاردانەوەی ئاکامەکان، لەشەقامەوە دەخوێنرێتەوە نەك لەو پەیامانەی لەپشتی مایکرۆفۆنەکانەوە رادەگەیەنرێت، بۆیە گرنگە خوێندنەوەیەکی دیکەش بێتە ئاراوە کە تەنها سەیری بەرژەوەندی گشتی بکات، لانی کەم، هەوڵبدات بە هاوڵاتیان یان بە خوینەری خۆی رابگەیەنێت:

١- لە دیموکراسیدا پۆلێنکردنی قەوارەی هێز و لایەنە سیاسیەکان دیاریدەکرێت نەك براوە و دۆراو،ئەمەش واتە گەل بریار دەدات، چ لایەنێك حکومرانی بکات وچ لایەنێك چاودێری بکات، کە لە بنەرەتدا ئەرکی چاودێر کە پێیدەڵێن ئۆپۆزسیۆن لە ئەرکی دەسەڵات گرنگتر و قورسترە.

٢- لە دیموکراسیدا ململانێی خزمەتکردن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی هەیە، جیاوازی هەیە وەك رێگە چارەی بەدیل بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك ململانێی دەست بادان و دەستشکاندن و دوژمنایەتی بۆ لە ناوبردنی یەکتری.

٣- لە دیموکراتیدا دیالۆگ هەرگیز کۆتایی نایەت، هەر کاتێك دیالۆگ و لێتێگەیشتن کۆتایی هات، واتە دیموکراسیش کۆتایی هاتووە، بۆیە لە دیموکراتیدا هیچ ئاکامیك نەدنیای پێ کۆتایی دێت، نە هەموو کێشەکانی پێ چارەسەر دەکرێت، بۆیە دیموکراتی ئەو گیانە زیندوویە کە کۆمەڵگە ئەکتیڤ دەکات بۆ ئەوەی بەردەوان بەدوای کەموکورتیەکانی کۆمەڵگە بگەرێت، نەك جاری کۆتایهاتنی کەموکورتیەکان بدرێت، هەر کاتێك کەموکورتی نەما، واتە ئەکتیڤی کۆمەڵگەش بوونی نەماوە.

٤- خیتابی دیموکراتیخواز، خیتابێکە هەموو راستیەکانی تێدا جێگە نابێتەوە، بۆیە دەبێت هەموو خیتابە دیموکراتیخوازەکان،بەشی یەکتری قبوڵکردن وریزگرتن لە رای بەرامبەری تیابمێنێتەوە، ئەگەر ئەمە نەبوو، هەروەها لایەنێك ئیدعای ئەوەی کرد هەموو هەقیقەت لای ئەوە و تەنها بەرنامەکەی ئەو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دەکات، ئەوە هەر ناوێك لە خۆی بنێت دیموکرتخواز نییە، جا هەر هیزو لایەنیك بێت.



## بەرنامەی لیست و قەوارە سیاسییەکان لەسەر ئاستی گشتی هاوبەشن و لەشێوازی کارکردندا جیاوازیان هەیە، بەڵام بەرژەوەندی گشتی پاراستنی یەکڕیزییە

**د.شیرزاد نەجار بۆ گولان:**

# بۆئەوەی سەرۆک بارزانی سەرکەتووبێت دەبێت رۆژانە بەڕاستگۆیی لە نەهامەتیەکانی خەڵک ئاگاداربکرێتەوە



**د.شێرزاد نەجاڕ بێجگە لەوەی ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لەهەمانکاتدا یەکێکە لە شرۆڤەگەر و چاودێرە سیاسییە دیارەکانی کوردستان، لەسەر پرسە سیاسییە جیاوەزەکانی کوردستان و عێراق و جیهان بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە و لەزۆربەی میدیاکانی کوردستان و عێراقی و عەرەبیش وەك شرۆڤەگەر و چاودێرێکی سیاسی بۆ شرۆڤەی پرسە گەرمەکان بانگهێشت دەکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی دەنگدان لەهەڵبژاردنی کوردستان و مەزندەکانی بۆ رۆڵی سەرۆك بارزانی لەم قۆناخە هەستیارە و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی کوردستان لەگەڵ د. شیرزاد نەجاڕ ئەم دیمانەیەمان سازکرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

*** ئێمە پێمانوایە بەهای دیموکراسی دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەستپێدەکات، چۆن ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەبنە وەرچەرخانێك بۆ دیموكراسی، یاخود چۆن بیانخەینە خزمەتی بەرەوپێشبردنی دیموکراسیەوە؟**

- من هاوڕانیم لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا، بە تێڕوانینی من دیموکراسی لە ئاکامەکانی هەڵبژاردنەوە سەرهەڵنادات، بەڵکو دیموکراسی وەك مومارەسە، نەك وەك چەمك، دەبێت پێش هەڵبژاردن ئامادەسازی بۆبکرێت، واتە هەڵبژاردن ئاکامی چەسپاندنی دیموکراسییە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە هەڵبژاردن جیاواز بێت لەهەڵبژاردن لەسیستمی تۆتالیتاری، نیمچە تۆتالیتاری، فاشیی و نازییەکان، لەگەڵ هەڵبژاردن لەسیستمە دیموکراسیەکاندا، چونکە لەمەی دواییدا، پێشتر پێشمەرجەکانی دیموکراسی هاتونەتەدی، دیموکراسی چەسپێنراوە و دواتر هەڵبژاردنی ڕاستەقینە ئەنجامدراوە، کە هەڵبژاردنیش ئەوە دیاریدەکات کێ دەبێتە حکومڕان، کێ حوکم دەکات، ئەمەش بە پشتبەستن بەڕا و ئیرادەی دەنگدەران، کەواتە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر ئەو بنەمایە پێکدێت. دواتر حکومڕانیکراوەکان دەتوانن لەم چوارچێوەیەدا موحاسەبەی حکومڕانەکان بکەن، بەو پێیە هەڵبژاردن دوو مانای سەرەکی هەیە، یەکەم پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی بەپێی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دیاریدەکرێت، دووەم هاوڵاتیان دەتوانن موحاسەبەی دەسەڵاتی سیاسی بکەن، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە چ کاتێك دەتوانن ئەم موحاسەبەیە بکەن، ئەوان دەتوانن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەم کارە بکەن، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا تا چ ڕادەیەك بەرنامە و بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ کردووە، چونکە هەمیشە لەهەڵبژاردندا دیاردەیەك هەیە کە بریتیە لەوەی بەڵێنی زۆر دەدرێت بەڵام کەمی جێبەجێ دەکرێت، لەبەرئەوە زۆرجار بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەم بەڵێنانەوە بۆشاییەك دروستدەبێت. لێرەدا من دەتوانم ئەوە بڵێم مانای دیموکراسی لەپێش هەڵبژاردنەوە دەستپێناکات، بەڵکو دەبێت پێشتر زەمینەی بۆ سازکرابێت، ئەویش بەپێی زاناکانی زانستی سیاسەت وەك لیبز دوو بنەمای سەرەکیە، یەکەمیان ئاستی خوێندن و دووەم ئاستی پێشکەوتنی ئابووری.

*** مەبەستی ئێمە لەوەی دیموکراسی لەدوای هەڵبژاردنەوە دەستپێدەکات ئەوەبوو ئەگەر لایەنەکان بەشێوەیەکی شارستانی و هاوچەرخانە مامەڵەیان لەگەڵ ئاکامەکانی هەڵبژاردندا نەکرد؟**

- لەڕاستیدا قبوڵنەکردنی دەرئەنجامەکان کێشەیەکی گەورەیە و مایەی گیروگرفت دەبێت بۆ پرۆسە سیاسیەکە، بەڵام دەبێت پێشتر ئەوە بزانین ئایا هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەمان ئەنجامداوە، واتە هەڵبژاردنێکی ئازاد و کراوە و کۆنترۆڵکراو، کۆنترۆڵکراو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، یان نا، بەڵکو لەلایەن دەستەیەکی سەربەخۆی بێلایەنەوە، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەمان ئەنجامداوە. دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لەهەموو هەڵبژاردنێکدا سكاڵا و تانووت لێدان هەیە لەسەر هەندێ پێشێلکاری کە ڕەنگە لەشوێنێکی دیاریکراو ڕوویدابێت، بەڵام نابێت ئەم تانووت لێدانانە بگەنە ئەوەی کە کاریگەریان هەبێت لەسەر ئاکامە بنەڕەتیەکانی هەڵبژاردن، چونکە ئەمە مانای وایە کە ئێمە هەڵبژاردنمان لەچوارچێوەیەکی دیموکراسیدا ئەنجامنەداوە، بەڵکو لەچوارچێوەیەکی دیکەدا، لێرەشدا ناڕەزای دژی ئاکامەکان دەستپێدەکات، کە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ ئەوەی لە قەیرانی هەڵبژاردن دەربچێت و ببێتە قەیرانی سیاسی کە مەترسیدارترینیان ئەوەیە شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسی بخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە، لەبەرئەوە زۆرجار زاناکانی بواری سیاسی وەك ماکس ڤیبەر و دواتر هابرماز جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەوڵەتی هاوچەرخ ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە دەبێتەوە، لەبەرئەوە دەبێت هەموو کارێك بکات بۆ ئەوەی ڕەوشەکە نەگاتە ئەو ئاستەی کە هاوڵاتیان گومان لە شەرعیەتی سیستەمە سیاسیەکە بکەن، ئەویش بەوە دەکرێت کە زۆر بە وریایی و دیققەتەوە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، دەسەڵاتی سیاسی نەبێتە لایەنێك تێیدا، بەڵکو دەبێ دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەهەمان مەسافە لەئاست هەڵبژاردنەکاندا بوەستن، بەپێچەوانەوە کێشە و گیروگرفت ڕوودەدات، ئێمە ئەمە لەئێراندا بەدی دەکەین، هەروەك ئەمە لەئۆکرانیا و جۆرجیاش ڕوویدا، بەڵام لەدەوڵەتە دیموکراسیەکاندا چونکە دیموکراسی چەسپێنراوە، ئەوا دەسەڵات خۆی دەپاڵێوێت و هەوڵدەدات متمانەی خەڵك بەدەست بهێنێت، بەڵام هەندێ جار لەو وڵاتانەشدا تانەلێدان هەر دەبێت وەك ئەوەی لە سەردەمی سەرۆك بۆشدا ڕوویدا کە دووبارە دەنگەکانی ویلایەتی فلۆریدا هەژمارکرانەوە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، نابێت ئەو تانەلێدانە ببێتەهۆی گۆڕینی ئاکامە ئەسڵی و ئەساسیەکانی هەڵبژاردنەکە.

*** ئایا ئەم جۆرە تانەلێدانانە چین کە ئەم کاریگەریەیان دەبێت؟**

- مەبەستم لەوەیە ئەو تانەلێدانانە، یاخود ئەو سکاڵایانە لەو پێشێلکاریەکانە بکرێت کە ئەگەری ئەوەیان هەیە کاریگەربن لەسەر کەمکردن و زیادکردنی ڕێژەی کورسیەکانی پەرلەمان، چونکە زۆرجار بە تەنها کورسیەك ڕێژەی کەمینە و زۆرینە دەگۆڕێت، واتە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پێکهاتەی وەزاری حکومەتەکە، بەڵام ئەگەرهاتوو جیاوازیەکەش گەورەبوو، واتە نەدەبووە هۆی یەکلاکردنەوەی مەسەلەی کەمینە و زۆرینە، ئەوا دیسان کاریگەری دەبێت لەسەر کورسیەکانی پەرلەمان، چونکە ڕاستە زۆربەی یاساکان پێویستیان بەزۆرینەی سادە هەیە، بەڵام هەندێ جار مەسەلە سەرەکی و هەستیارەکان پێویستیان بە ڕێژەی دو لەسەر سێ یان سێ لەسەر چوار دەبێت . لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بە مەسەلەیەکی دیکە بکەم کە ئەلیکس دی تۆکفیل لە کتێبی «الدیموقراطیە فی امریکا» باسی لێوەدەکات، ئەویش تاکڕەوی زۆرینەیە، واتە دەبێت لەبەرامبەر حوکمی زۆرینەدا مافی کەمینەکان بپارێزرێت. خاڵێکی دیکە لە تیۆری نوێی دیموکراسیدا باس لەوە دەکرێت کە هەمیشە زۆرینە لە سەر حەق نییە، بەڵکو هەندێجار بڕیاری هەڵەدەدات، لەبەرئەوە پێویستە کەمینە هەبێت یاخود ئۆپۆزسیۆن هەبێت.

*** ئایا چۆن ئەو سکاڵا و تانەلێدانانە یەکلادەکرێنەوە؟**

- لەڕاستیدا لەڕووی یاساییەوە ڕێگەدراوە کە سکاڵا و تانەلێدان بەرزبکرێتەوە لەسەر پێشێلکاریەکان، کە زۆرجار دادگایەکی تایبەت پێکدەهێنرێت بۆ ئەو مەبەستە، سکاڵاکانیش ڕەنگە لەسەر بەکارهێنانی ناسنامەیەکی نادروست بێت، یان لەسەر فشارخستنە سەر دەنگدەران بۆ ئەوەی دەنگ بە لایەنێکی دیاری کراو بدەن، یاخود بانگەشەکردن لەکاتێکدا کە هەڵمەتەکە ڕاوەستاوە، لێرەشدا ئەگەر هاتو سەلمێنرا ئەوە ڕوویداوە ئەوا دەنگە بۆ لایەنە ساکاڵاکارەکە

**هەمیشە لەهەڵبژاردندا دیاردەیەک هەیە کە بریتیە لەوەی بەڵێنی زۆر دەدرێت بەڵام کەمی جێبەجێ دەکرێت، لەبەرئەوە زۆرجار بەهۆی جێبەجێنەکردنی ئەم بەڵێنانەوە بۆشاییەک دروستدەبێت**

**دەبێ دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بەهەمان مەسافە لەئاست هەڵبژاردنەکاندا بوەستن، بەپێچەوانەوە کێشە و گیروگرفت ڕوودەدات، ئێمە ئەمە لەئێراندا بەدی دەکەین، هەروەک ئەمە لەئۆکرانیا و جۆرجیاش ڕوویدا**

**هەمیشە زۆرینە لە سەر حەق نییە، بەڵکو هەندێجار بڕیاری هەڵەدەدات، لەبەرئەوە پێویستە کەمینە هەبێت یاخود ئۆپۆزسیۆن هەبێت**

حیساب دەکرێت، هەروەها ئەگەر ڕاست نەبوو ڕەت دەکرێتەوە. ئەم پێشێلکاریانەش لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا کەمترە بەپێچەوانەوەی وڵاتە دواکەوتووەکانەوە.

*** ئێمە دەزانین لەکوردستاندا ململانێیەکی سیاسی توند هەبوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ڕاگرتنی پرۆسەکە و لە ڕۆژی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامدرا؟**

- ئەمە ڕاستە، بەڵام زۆرجار پێشێلکارییەکان لەکاتی بەڕێوەچوونی دەنگدانەکەدا ڕوودەدات، بۆنموونە ڕەنگە کەسێك مافی دەنگدانی نەبێت دەنگ بدات، یاخود لە بری کەسێك دەنگ بدرێت کە لەژیاندا نەماوە، یاخود کەسێك لێرە نییە لەبری ئەوە دەنگ دەدرێت، کە هەموو ئەم مەسەلانەش پێویستە بە بەڵگەوە بسەلمێنرێن.

*** تاچەند مەزەندەی ئەوە دەکرێت ئەو لایەنەی حکومەت پێکدەهێنێت بەپێی بەرژەوەندییە گشتییەکان هەنگاو بنێت؟**

- ئەگەر لەڕوانگەی ئەو دەستورەوە بڕوانین کە لەپەرلەمانی کوردستاندا پەسەندکراوە و وا چاوەڕوان دەکرێت بخرێتە ڕاپرسییەوە، هەروەها بەپێی دەستورەکانی دیکەش ئەو لایەنە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت تەکلیف دەکرێت حکومەت پێکبهێنێت، لێرەدا لایەنی براوە لەبەردەم دوو ڕێگاچارەدایە، یەکەمیان ئەوەیە بەتەنها حکومەت پێکبهێنێت کە مافی خۆیەتی، یاخود دەیەوێت حکومەتێکی بنکەفراوان دروستبکات، ئەمەش دەوەستێتەسەر بارودۆخەکە، ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیر بوو، ئەوا لیستی براوە مافی خۆیەتی بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات و بەتەنها حکومڕانی بکات، بەڵام من پێموایە لە کوردستان پێویست بەوە دەکات هەموو لایەنە سیاسییەکان هاوبەشبن.

*** ئێوە وەك شیکەرەوە و چاودێرێکی سیاسی، چ ڕاسپاردەیەکتان هەیە، بۆئەوەی حکومەتی داهاتووی کوردستان پێکبهێنرێت؟**

- من پێموایە بەرژەوەندی گشتی پاراستنی بەکرێزیەکە دەخوازێت، بەڕای من پێویستە بەرژەوەندی تێکڕایی لایەنە سیاسییەکان ڕەچاوبکرێت و حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنرێت لەو لایەنانەی بەشداربوونە لە پرۆسەکە.

*** بەڵام زۆر کەس پێیانوایە ئەگەر هەموولایەك بەشداری بکەن ئەوا ئۆپۆزسیۆن دروستنابێت، بەو پێیە دووبارە دیموکراسیمان لەدەستدەچێت؟**

- نەخێر، من پێموایە ئۆپۆزسیۆن هەر دەمێنێت لەبەرئەوەی بیروبۆچونی جیاوازمان لەناو حکومەتدا دەبێت، بیروبۆچونی جیاوازمان لەناو پەرلەماندا دەبێت. ئەوکاتە بەرنامەی لایەنەکانی دیکەش دەبێتە بەشێك لەبەرنامەی حکومەت، واتە بەرنامە حکومەت تەنها بەرنامەی لیستێکی دیاریکراو نابێت. من بۆ دەڵێم ئۆپۆزسیۆن هەر دەمێنێت، لەبەرئەوەی زۆرجار تێپەڕاندنی پرۆژەی یاسایەك پێویستی بەڕەزامەندی لایەنەکانی دیکە دەبێت، یاخود بڕیارەکانی حکومەت پێویستی بەڕەزامەندی لایەنەکانی دیکە دەبێت واتە ئەوانیش بەشداری لەڕێ و شوێنەکانی دەرکردنی بڕیارەکاندا دەکەن، من پێموایە بارودۆخی ئێستای کوردستان ئەمە دەخوازێت. واتە بەبۆچونی من پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی بۆ بەرژەوەندی گشتی باشترە، بەڵام ئەگەر نەتوانرا، ئەوکاتە کار بە شێوازەکەی دیکە بکرێت.

*** چۆن دەتوانین ئەم هەموو قەوارە سیاسییە بەو هەموو بیروبۆچونە جیاوازانەوە لەسەر تایبەتمەندییەکان ڕێکبکەون و ببێتە هۆکارێك بۆ بەجێهێشتنی ئەم قۆناخە؟**

- ئەگەر سەیری بەرنامەی تێکڕایی لیست و قەوارەکان بکەین، لە دوو ئاستدان، یەکەمیان ئاستی گشتییە کە تێکڕایی لایەنەکان لەم ئاستەدا هاوبەشن، وەك پەرەپێدانی ئابووری، وەك بەرگریکردن لەهەرێم و پاراستنی دەستکەوتەکان، بەڵام ئاستی دووەمیان پەیوەستە بەشێوازی کارکردنیانەوە، واتە پەیوەندی بە فیکری سیاسی و فەلسەفەی سیاسیانەوە هەیە، لێرەدا هەندێ جیاوازی دروستدەبێت، بەڵام ئێمە لەقۆناخێکی ئینتیقالی هەستیارداین، کێشەکانمان نەك تەنها پەیوەندی بە بەغداوە هەیە، بەڵکو بە سیاسەتی ئیقلیمیشەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بەو هاوپەیمانیتیە هەیە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە ئەزمونی وڵاتانی فەرەنسا، نەمسا و ئەڵمانیای دوای شەڕ بکەین کە لەهەلومەرجی هەستیار و مەترسیدار، سەرکرە سیاسییەکان هەستیان بەبەرپرسیارێتی کردووە و هاتونەتە ناو پرۆسەی سیاسی و ئەو بارودۆخەیان تێپەڕاندووە و دواتر کەوتونەتە ململانێ، لەم ڕوانگەیەوە من پێموایە بەرژەوەندی گشتی زاڵە بەسەر بەرژەوەندی تەسکدا و ئەمەش بەرپرسیارێتی دەخاتەسەر شانی هەمو لایەنە سیاسییەکان، کەواتە بەرپرسیارێتیەکە هەم سیاسی و هەم ئەخلاقیە، بەوپێیە دەبێت سازش لەسەر هەندێ بەرنامەی سیاسی خۆیان بکەن لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

*** هەمیشە لەهەڵبژاردنەکاندا بۆ ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەران جەخت لەسەر مەسەلە ناوخۆییەکان دەکرێتەوە، بەڵام لەحکومڕانێتیدا دەبێت بایەخ بەمەسەلە دەرەکیەکانیش بدرێت، بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا کە ئیلتیزاماتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیمان لەسەرە و هێشتا هەندێ مافمان هەیە لە بەغدا وەرمان نەگرتۆتەوە، چۆن بتوانین خیتابێکی سیاسی یەکگرتوومان هەبێت لەلایەن حکومەتەوە، واتە چۆن ئیرادەی تاك بکەین بە سەرچاوەی ئەم خیتابە؟**

- لەڕاستیدا هەموو هەڵبژاردنێك بەئیرادەی تاك دەستپێدەکات و دواتر ئیرادەی گشتی لێدەکەوێتەوە، کە ئەویش ئیرادەی زۆرینەیە، جا ڕێژەکە لە سەدا ٦٠ بێت یان ٧٠ بێت یان هەر ڕێژەیەکی دیکە، بەڵام دەبێت لە مەسەلە سەرەکی و گشتیەکاندا یەك هەڵوێستی هەبێت، واتە سروشتی کێشە سیاسییەکان ئەوەت بەسەردا دەسەپێنێت کە دەبێت هەڵوێستی هاوبەشت هەبێت، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ڕاوبۆچونی کەمینەکانیش یان ئەو لایەنانەی بەشداریشیان لەحکومەتدا نەکردووە، بە جیددی وەربگیرێت، بە هەند وەربگیرێت، واتە تەنها ڕاوێژێکی شکلی نەبێت، حیکمەتی سیاسەتیش ئەوەیە بتوانین ئەم هەڵوێستە هاوبەشە بەڕاوێژکردنێکی ڕاستەقینە لەگەڵ تێکڕایی لایەنەکاندا بکرێت.

*** مەسەلەیەکی دیکە بوونی سەرۆکی هەرێمە، ئێمە دەزانین جاری پێشوو لەلایەن پەرلەمان و بەڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی دانرا، بەڵام ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا، ئەمەش دەسەڵاتێکی گەورەی دەداتێ، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم دەسەڵاتە بکەین بەئیرادەی خێر، بەکاری بهێنین بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان، بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و یەکڕیزی ماڵی کورد؟**

- من جیاوازیەکە تەنها لەڕووی سایکۆلۆژیەوە دەبینم، واتە پێموانییە ئەگەر سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا ئەوا پێگەیەکی لاوازی دەبێت، واتە ئەوە تەنها مەسەلەیەکی سایکۆلۆژییە پێمانوابێت

پێویستە بەرژەوەندی تێکڕایی لایەنە سیاسیەکان ڕەچاوبکرێت و حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنرێت لەو لایەنانەی بەشداربوونە لە پرۆسەکە

ئێمە لەقۆناخێکی ئینتیقالی هەستیارداین، کێشەکانمان نەک تەنها پەیوەندی بە بەغداوە هەیە، بەڵکو بە سیاسەتی ئیقلیمیشەوە هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستمان بەو هاوپەیمانیتیە هەیە

پێموانییە ئەگەر سەرۆک لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرا ئەوا پێگەیەکی لاوازی دەبێت، واتە ئەوە تەنها مەسەلەیەکی سایکۆلۆژییە پێمانوابێت سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت پێگەیەکی بەهێزتری دەبێت



**سیاسەت بریتی نییە لەچارەسەركردنی كێشەكان، بەڵكو بریتیە لەپێشبینیكردنی كێشەكان و ئیشكردن لەسەریان بۆئەوەی نەبنە سەرچاوەی كێشە، من پێموایە ئەگەر سەرۆكی هەرێم بەمشێوەیە كاربكات، ئەوا دەستكەوتێكی گەورەیە، بەپێچەوانەوەی خۆی تووشی ئەگەر و مەترسی دابڕان دەكات**

سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێت پێگەیەكی بەهێزتری دەبێت، لێرەدا من ئاماژە بە دوو نموونە دەكەم، لەئەڵمانیا سەرۆك لە لایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێردرێت، لە نەمسا لەلایەن پەرلەمانەوە، هەردووكیشیان هەمان دەسەڵاتیان هەیە، واتە مەسەلەكە ئەوەنییە ئەگەر سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرا دەسەڵاتی زۆرە، چونكە لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم، یان سەرۆكی دەوڵەت لەلایەن دەستوورەوە دیاری دەكرێت و دەبێت لەو چوارچێوەیەدا مومارەسەی دەسەڵاتەكانی بكات. بۆ مەسەلەی ئیرادەی خێر من دەبێت بگەڕێمەوە بۆ ئەرستۆتالیس كە سیاسەت بەو شێوەیە دیاری دەكات كە بریتیە لەجێبەجێكردنی بەرژەوەندی گشتی، یان سوودی گشتی، واتە خێری گشتی و ئەمەش ئیرادەی خێرە، لەڕوانگەی ئەرستۆوە ئەگەر سیاسەت لەم چوارچێوەیەدا كارنەكات ئەوا پێی ناوترێت سیاسەت، بەهەمان شێوە هابرمازیش پێیوایە لەبەرئەوەی سیاسییەكان لەمەیدانی گشتی، یان پانتایی گشتیدا كاردەكەن ئەوا دەبێت كار بۆ بەرژەوەندی گشتی و بۆ خێری گشتی بكەن، كەواتە دەبێت سیاسیەكانمان ئەوەیان لەبەرچاو بێت كە سیاسەت بریتیە لە هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی كە دەتوانن لەم چوارچێوەیەشدا بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بهێننەدی.

*** پاڵێوراوی لیستی كوردستانی بۆ سەرۆكی هەرێم، دواتر دەبێتەوە سەرۆكی تێكرایی هەرێمەكە، چۆن بتوانین كاربكەین بۆئەوەی ببێتە خاڵی بەیەكگەیشتنی هەموو لایەنەكان لەكوردستاندا بەبێ جیاوازی؟**

- لەڕاستیدا دوای سەركەوتنی سیفەتی ئەوەی لەسەر نامێنێت كە پاڵێوراوی لیستێكی دیاریكراوە، بەڵكو دەبێت سەرۆكی تێكرایی هەرێمەكە و ئەمەش وای لێدەكات كە لەچوارچێوەی خێری گشتی و بەرژەوەندی گشتیدا كاربكات، واتە لەبڕیار و ئیجرائاتەكانیدا مەوزوعی و بێلایەن بێت و جیاوازی نەكات، واتە سەرۆكی ئەو هەرێمە دەبێت هەمیش ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی بكات، كە بەمشێوەیەش دەتوانێت متمانەی خەڵك بەلای خۆیدا كەسب بكات.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە كرد كە سەرۆك دەتوانێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵكدا پەیوەندی بكات، بۆ نموونە چەرچڵ، دیگۆل و ڕۆزەفلت ئەم كارەیان كرد، واتە ئەو شتەیان دروستكرد كە پێی دەڵێن ئاگردانی موناقەشە، بۆئەوەی لەچەند مەسەلەیەكدا گفتوگۆیان لەگەڵدا بكات، چۆن دەكرێت ئەمە لەكوردستاندا ڕووبدات، واتە تاچەند پێویست سەرۆكی هەرێم ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵكدا بدوێت؟**

- دەتوانێت، ئەگەر ستافێكی بەهێز و ڕاوێژكاری بەهێزی هەبێت، هەروەها پشت بە لێكۆڵینەوەی ئینستیتوتە ئەكادیمییەكان ببەستێت. لەڕاستیدا سیاسەت بریتیە لە ئیشكردن و ئیجرائات وەرگرتن بۆ چارەسەركردنی كێشەكان، تەنانەت یەكێك لە زانا سیاسەكان دەڵێت سیاسەت بریتی نییە لەچارەسەركردنی كێشەكان، بەڵكو بریتیە لەپێشبینیكردنی كێشەكان و ئیشكردن لەسەریان بۆئەوەی نەبنە سەرچاوەی كێشە، من پێموایە ئەگەر سەرۆكی هەرێم بەمشێوەیە كاربكات، ئەوا دەستكەوتێكی گەورەیە، بەپێچەوانەوەی خۆی تووشی ئەگەر و مەترسی دابڕان دەكات، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی سەركەوتو نەبێت لە كارەكانیدا، لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە نموونەیەك بكەم، «كۆرت ڤاڵتهایم»، سیاسیەكی سەركەوتوبوو، پێشتر ئەمینداری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بوو، پێشتر وەزیری دەرەوەی نەمسا بوو، بەڵام كە بوو بەسەرۆكی نەمسا هەر چوار ساڵەكە بەگۆشەگیری سەرۆكایەتی كرد، واتە نەیتوانی كارلێك لەگەڵ میللەتەكەی خۆیدا بكات، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر

**ئەگەر سەرۆكی هەرێم پشت بە لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی زانستی نەبەستێت، ئەگەر ستاف و ڕاوێژكاری بەهێزی نەبێت و نەیەتە ناو كێشەكانی خەڵكەوە ئەوا خۆی دووچاری مەترسی ئەوە دەكاتەوە كە دووربكەوێتەوە لەكێشەكانی خەڵك**

دەبێت پشت بەتواناسازیی خەڵکانی لێهاتوو ببەستین، ئێمە خەڵکانێکی لەم چەشنەمان زۆرن، بەڵام دەبێت بەدوایاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، هەندێجار دەبێت بەچراوە بەدوایاندا بگەڕێن نەک لەشەودا، بەڵکو لەڕۆژیشدا، چونکە ئەو کەسانە خۆیان نایەنە پێشەوە

لەم سەردەمەدا بێ مەعریفە ناتوانین هیچ دەزگا و دامەزراوەیەک بەڕێوەببەین

زۆر پێویستە سەرۆک کارلێک لەگەڵ مەینەتیەکانی خەڵکدا بکات، واتە بەدابڕان و گۆشەگیری سەرۆکایەتی ناکرێت، مەرج نییە سەرۆک بێتە سەر جادە، بەڵام دەبێت ئاگای لەکێشە و نەهامەتیەکانی خەڵک بێت

پشت بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستی نەبەستێت، ئەگەر ستاف و ڕاوێژکاری بەهێزی نەبێت و نەیەتە ناو کێشەکانی خەڵکەوە ئەوا خۆی دووچاری مەترسی ئەوە دەکاتەوە کە دووربکەوێتەوە لەکێشەکانی خەڵك، چونکە زۆرجار ئاماژە و موئەشیرات بۆ سەرهەڵدانی کێشە بەدی دەکرێت کە دەبێت کار بۆئەوە بکرێت ڕێگە لەسەرهەڵدانی بگیرێت. لێرەدا من پێم وایە دەبێت سەرۆك بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتدا ئەم کارە بکات، چونکە هەردوولایان دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدەهێنن.

*** یەکێکی دیکە لەمەسەلەکان، مەسەلەی گەندەڵییە، کە لەلایەن بەرپرسەکانیشەوە باس دەکرێت، هەروەها مەسەلەی بوونی خیتابێکی یەکگرتوو، واتە ئەم دوو ئەرکە ڕووبەڕووی سەرۆك دەبنەوە، چۆن بتوانرێت چارەسەریی ئەم مەسەلانە بکرێت؟**

- مەسەلەی گەندەڵی دیاردەیەکی زەقە و ڕەنگە قەبارەکەشی گەورە بێت، چونکە هاوڵاتیانیش هەستی پێدەکەن، هەستکردنەکەش ئەوەیە هاوڵاتیان ئیش و کارەکانیان ناڕوا، بەڵام ئەوەش دەبیستین ئەگەر واستە هەبێت ئەوا ئیشەکەیان جێبەجێ دەبێت. من دەڵێم چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە ئاسان نییە و زەحمەتە، سەرۆکی هەرێم باسی لەدروستکردنی دەستەی نەزاهە کرد، من پێموایە ئەمە تەنها ئامرازێکە بۆ بەگژداچونەوەی گەندەڵی، واتە پێویستمان بە دەرکردنی یاسا هەیە، بەسەپاندنی سزای سەخت هەیە، هەروەها بەکەمکردنەوەی ڕۆتین هەیە بۆئەوەی هاوڵاتیان بیر لە پەنابردن بۆ شێوازی نادروست نەکەنەوە. لەبەرئەوە دەبێت بەمشێوەیە کار بۆ کەمکردنەوەی بکەین، چونکە زیادبوونی وەك ئەوە وایە نەخۆشی لەکەسێکدا گەورە بێت و تەشەنە بکات ئەمەش چارەسەرکردنەکە زەحمەت دەکات.

*** سەرۆکی هەرێم کە ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە متمانەی پێدەدرێت، چۆن دەتوانین ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندی بگرێت و بیانکاتە بەشێك لەو فشارەی کە پێویستە بخرێتەسەر حکومەتی بەغدا بۆئەوەی کێشەکان چارەسەربکات، بۆنموونە سەرۆك ڕۆزەفلت توانیتی قەناعەت بەگەلی ئەمەریکا بهێنێت بۆ ئەوەی ئەمەریکا بچێتە جەنگی جیهانی دووەمەوە؟**

- بەچەند هەنگاوێك، یەکەمیان ئەوەیە کەسانێکی ڕاست و دورست و پاك لە حکومەتدا دابنرێت، ئەوەی پێی دەڵێن کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، دووەم هەندێ یاسا دەربکرێت کە ئەوە دیاری بکات کێ گەندەڵە، بۆ نموونە لەڕێی جێبەجێکردنی ڕێسای « من این لك هژا»، واتە سەروەرت و سامانی بەرپرسەکان ئاشکرا بکرێت، تەنانەت هەندێ جار دەبێت حساباتی بانك و جوڵەی بانکیان ئاشکرا بکرێت، واتە بەم شەفافیەتەوە کاربکرێت، ئەمەش کارێکی گەورە و زەحمەتە و ئاسان نیە، بەڵام دەبێت دەست پێبکرێت.

* دیاردەیەك هەیە کە خەریکە دەچەسپێت و بریتیە لەوەی کە دەبێت هەمیشە ڕۆشنبیر دژی دەسەڵات بێت و دەسەڵاتیش گوێی لێنەگرێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە چۆن بتوانین کاری ڕۆشنبیر بەکاربهێنین بۆ خزمەتی دەسەڵات، مەبەستم ئەوەنییە ببنە پاشکۆی دەسەڵات، بەڵکو ببنە گوشارێك بۆ ڕاستکرنەوەی دەسەڵات نەك بۆ دژایەتیکردنی، لێرەدا پەیامی تۆ چییە بۆ ڕۆشنبیران؟

- لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ گرامشی، کە باس لەڕۆشنبیری ئۆرگانیکی دەکات، واتە ئەو ڕۆشنبیرەی لەگەڵ ئێش و ئازار و مەینەیتەکانی کۆمەڵگەکەیدا دەژی و لێیان دابڕاو نییە، بەپێچەوانەی ڕۆشنبیرانی دەسەڵات کە تەنها تەپڵ لێدەدەن، واتە ئەم ڕۆشنبیرانە تێڕوانین و تەماشاکردنێکی ڕەخنەییانەیان هەیە، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین، وەك دۆرکهایم، هابرماز و ئیریك فرۆم، کە ئەمانە تەماشکردنێکی ڕەخنەییانەیان هەبوو، نەك تەنها لەئاست دەسەڵاتدا، بەڵکو لەئاست کۆمەڵگەشدا، واتە ئەمانە، توانیان فیکری ئینسان بگۆڕن، بۆ نموونە سارتەر، فۆکۆ، واتە توانیان خەڵکەکە لەئینسانێکی خامۆشەوە بکەنە خەڵکانێکی چالاك بەچەشنێك داواکاریان هەبێت لەحکومەت.

*** چی بکەین بۆئەوەی دەسەڵات ڕۆشنبیر بەدوژمن نەزانێت، لەهەمان کاتدا ڕۆشنبیریش خۆی بەدوژمنی دەسەڵات نەزانێت؟**

- لەراستیدا ئەمە ئەوەی پێویستە کە هیگڵ پێی دەڵێت « الدوله المعقلنه» واتە دەوڵەتێکی بەئەقڵانیکراو و حکومەتێکی بەئەقڵانکیراو دروستبکەین بۆئەوەی ڕێز لەم ئەرکە بگرێت، چونکە ئەگەر دەوڵەتێکی تۆتالیتارمان هەبێت، یان دەوڵەتێکی نەزانمان هەبێت ئەوا بوار بەم کارە نادات. بەڵام ڕەنگە ئێستا ڕۆشنبیری ئۆرگانی وەك ئەوەی گرامشی باسی دەکات بوونی نەبێت، بەڵام ئەمە بەوە دەبێت کە ئەو کەسە کارلێك لەگەڵ نەهامەتی و مەینەتیەکانی خەڵکدا بکات، هەروەها ئەم واقیعە ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر مێشك و دەماغی ئەو، واتە بیرکردنەوەی بجوڵێنێت، ئەمەش وای لێدەکات پرسیار بکات و بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت و دواتر پرسیار ئاڕاستەی ئەو دەسەڵاتە بکات کە بەرپرسیارە لەو واقیعە، لەقوتابخانەی فرانکفۆرت بەهۆی کارلێکردن لەگەڵ ئەم موعاناتە لەگەڵ بوونی مەعریفەدا ئەمە دروست بوو.

*** ئەگەر بتەوێت باسی شتێکی دیکە بکەیت کە ئێمە پرسیارمان لەبارەیەوە نەکردووە؟**

- ئەوەی من بەدی دەکەم ئەوەیە کێشەیەکی زۆر کەڵەکەبوونە، هەر لەمەسەلەی خزمەتگوزارییەوە تاوەکو مەسەلەی حکومڕانی، کە هەندێکیان چارەسەرنەکراون و هەندێکیشان نیوە بەنیوە چارسەرەکراون، من پێموایە دەبێت پشت بەتواناسازیی خەڵکانی لێهاتوو ببەستین، ئێمە خەڵکانێکی لەم چەشنەمان زۆرن، بەڵام دەبێت بەدوایاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، هەندێجار دەبێت بەچراوە بەدوایاندا بگەڕێن نەك لەشەودا، بەڵکو لەڕۆژیشدا، چونکە ئەو کەسانە خۆیان نایەنە پێشەوە، هەروەها لەو بوارەدا پێویستمان بەمەعریفەش دەبێت، چونکە لەم سەردەمەدا بێ مەعریفە ناتوانین هیچ دەزگا و دامەزراوەیەك بەم ڕێوەببەین.

*** تا چەند پێوستمان بەسەرۆکە کە لەناو موعاناتی خەڵکدا بێت؟**

- زۆر پێویستە سەرۆك کارلێك لەگەڵ مەینەتیەکانی خەڵکدا بکات، واتە بەدابڕان و گۆشەگیری سەرۆکایەتی ناکرێت، مەرج نییە سەرۆك بێتە سەر جادە، بەڵام دەبێت ئاگای لەکێشە و نەهامەتیەکانی خەڵك بێت، بۆنموونە ئۆباما خۆ هەمیشە لەناو خەڵکدانیە، بەڵام ئەو دەستەیەی لەگەڵیدان ڕاستگۆ و ڕۆژانە ڕاپۆرتی دەدەنێ، سەرەڕای ئەوەش ئێمە پێوستمان بەناوەندی لێکۆڵینەوە و دیراسات هەیە، لەئەمەریکا، فەڕنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا بەسەدان لەم ناوەندانە هەن کاردەکەن و لێکۆڵنەوەکانیان حکومەت دەیبنێت، یاخود زۆرجار لەلایەن حکومەتەوە تەکلیفیان لێدەکرێت، سیاسەت پرۆسەیەکی ڕۆژانەیە نابێت سستی تێدابکەیت و و تۆ ڕۆژانە پێویستت بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە هەیە.

# مەرج نییە بەشداری هەموو لایەنەکان لەحکومەتدا تاکە ڕێگا یان باشترین ڕێگابێت

## د.ڕەفیق سابیر بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن، لەو کەشوهەوا ئازادە و بەو ئارامیەی بەڕێوەچوو، دەستکەوتێکی گەورەیە و دەبێت شانازی پێوەبکەین



د. ڕەفیق سابیر ئەکادیمی و ڕوناکبیری ناسراوی کورد، یەکێکە لەتێکۆشەرە دێرینەکانی گەلەکەمان و کاندیدی لیستی کوردستانیە بۆ پەرلەمانی داهاتووی کوردستان، خاوەنی ڕای تایبەتی خۆیەتی و وەك کەسایەتێکی سەربەخۆ بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر کێشە و پرسە سیاسییەکان دیاریدەکات، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی دوای پرۆسەی هەڵبژاردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە:



**ئایا مەرجە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی چەپکەگوڵ تەنیا لەوەدا کۆبکرێنەوە کە هەموو یان زۆرینەی لایەنەکانی نێو پەرلەمان لەحکومەتدا بەشدار بکرێن؟**

*** مانای دیموکراسی دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن دەستپێدەکات، ئەمەیش بەو مانایەی پرۆسەکە بەشێوەیەکی پاك و بێگەرد (وەك ئەوەی چاودێران شایەتی بۆ دەدەن) بەڕێوەچوبێت و ئاکامەکانی قەبووڵ دەکرێت و سەرکەوتنی پرۆسەکە رادەگەیەندرێت. کەواتا دەستپێکی پرسیاری ئێمە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئایا چۆن ئاکامەکانی پرۆسەی دەنگدان دەکرێتە وەرچەرخانێك بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دیموکراسی لەوڵاتدا؟**

-دیموکراسی تەنیا حوکمی زۆرایەتی نییە، بەڵکو پاراستنی مافی کەمایەتیشە. ئەم مافەیش تەنیا لەوەدا بەرجەستە نابێت کە کەمایەتی، یان ئۆپۆزسیۆن، ئازادیی کارو چالاکیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئازادیی رادەربڕینی بۆ دەستەبەربکرێت، بەڵکو دەبێت لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیشدا رای بەهەند وەربگیرێت و تا ئەو جێیەی لە تواناد هەیە، بەشداربکرێت. بەم مانایە بەرەوپێشەوەبردنی دیموکراسی لە وڵاتدا، پێش هەر لایەنێك، پەیوەندی بە ڕێبازی سیاسیی زۆرایەتییەوە هەیە، کە حکومەت پێکدەهەێنرێت و وڵات بەڕێوە دەبات. زۆرایەتی، لە پرۆسێسی حوکمڕانیدا، مۆدێل دەدات و کەمایەتی، یان ئۆپۆزیسیۆن، بەپەیوەندیی لەگەڵ ئەو مۆدێلانەدا، یان لە بەرامبەری ئەو مۆدێلانەدا، هەڵوێست دەردەبڕێت و رەفتاردەکات. بەو رادەیەی زۆرایەتیی حوکمڕان مافی کەمایەتی دەپارێزێت و پەیوەستی بەرنامەی سیاسیی خۆی دەبێت و دەستوور و یاسای وڵات و ڕێسا دیموکراتەکان پەیڕەو دەکات، بە هەمان ئەندازە دەتوانێت مۆدێلی نوێ پێشکەش بکات و دیموکراسی بەرەوپێشەوە بەرێت.

*** هەڵبژارنەکانی ئەم جارەی کوردستان گەرموگوڕییەکی بێوێنەی ململانێی هەڵبژاردنی لەنێو لایەن و قەوارە سیاسییەکاندا بەخۆوە بینی، وێڕای ئەو حەماس و گەرموگوڕییەی لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا هەستی پێدەکرا، بەڵام وەك بینیمان لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و لایەنی دەسەڵاتدار بەتایبەتی شایەنە ئەوەیە پێی بگوترێت بەو ئاستە کامڵ بووە کە بەرگەی گەمەی دیموکراسی بگرێت، ئەمەیش مانای ئەوەیە یان وا چاوەڕوان دەکرێت کە لە پرۆسەی دوای هەڵبژاردنیشدا، بە تایبەتی ئەو لیستەی کە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، لەروانگەی بەرژەوەندی گشتی و مام جەلال گوتەنی سیاسەتی چەپکە گوڵەکە پیادەبکرێتەوە، ئایا تاچەند مەزەندە دەکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی کوردستان لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکان لەروانگەی بەرژەوەندی گشتییەوە هەنگاو بۆ پێکهێنانی حکومەت هەڵبگرێت نەك هەمووی لەئیستحقاقاتی ئینتیخابیدا بچووك بکاتەوە؟**

- راستییەکەی تائێستا ئاگادارنیم کە لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکان، لیستی کوردستانی، چۆن و بەچی شێوەیەك حکومەت پێکدەهێنێت، یان لایەنەکانی تری ناو پەرلەمان تا چەند و بەچ مەرجێك بەشداری لەحکومەتی ئایندەدا دەکەن. ئاشکرایە رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی ئەرکی هەموو لایەنەکانە، بەڵام ئایا مەرجە رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی چەپکەگوڵ تەنیا لەوەدا کۆبکرێنەوە کە هەموو یان زۆرینەی لایەنەکانی نێو پەرلەمان لەحکومەتدا بەشدار بکرێن؟ ئەزموونی چوار ساڵی رابردوو، لەم بارەیەوە، پێماندەڵێت کە مەرج نییە ئەمە تاکە رێگا، یان باشترین رێگا بێت. بەڕای من لیستی کوردستانی لە ڕێگای چۆنییەتی حوکمڕانیکردن و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات و پاراستنی مافی هاووڵاتییان و سەروەریی یاساو پاراستنی مافی لایەنەکانی ترەوە دەتوانێت، ئەم بەرژەوەندییە گشتییە لەبەرچاو بگرێت و سیاسەتی چەپکەگوڵەکە پەیڕەو بکات و لیست و لایەنەکانی تر و زۆرینەی خەڵکی کوردستانیش بێنینە سەر ئەو باوەڕەی کە لیستی کوردستانی و حکومەتەکەی بەراستی ماف و بەرژەوەندیی ئەوانیش، وەك ماف و بەرژەوەندی خۆی بە گرنگ دەگرێت و پارێزگارییان لێ دەکات. پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە دەتوانێت تەبایی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا بپارێزێت.

*** کوردستان ئەگەر چەند هەنگاوێکیشی لە قۆناخی ئینتیقالی بڕیبێت، بەڵام هێشتا ئەم قۆناخەی تێنەپەڕاندووە، ئەمەیش بەو مانایەی دەبێت وەك ئەولەویەت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئێمە وەك گەلی کوردستان حکومەت بۆ تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی بونیاد دەنێین، بەڕێزتان دەزانن قۆناخی ئینتیقالی قۆناخێکی تایبەتییەو کتێبێك یان ئەزموونێك نییە فێرمان بکات چۆن ئەم قۆناخە تێپەڕێنین، بەڵکو ئەوەی فێرمان دەکات، یان دەبێتە هاریکاریمان بۆئەوەی بەسەرکەوتوویی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین تەنیا ئیرادەی گەلی کوردستانە کە بەشێوەیەکی ئەوتۆ هەڵبسوڕێندرێت و بخرێتەگەڕ بۆئەوەی لەبەر رۆشنایی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای خۆمان ئەم قۆناخە تێپەڕێنین، ئەمەیش پێویستی بەوە هەیە، دوای هەڵبژاردن تێکڕایی لایەن و قەوارە سیاسییەکان ئاراستەی**

**بیرکردنەوەیان لەسەر بەرژەوەندیی گشتی و خاڵە هاوبەشەکانی نێو خۆیان چڕبکەنەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چـۆن دەتوانین تێڕوانینی لایەن و قەوارە سیاسـییەکان لەڕاونگەی بەرژەوەندی حیزبییەوە بگۆڕین بۆ بەرژەوەندیی گشـتیی گەلی کوردسـتان و تێپەڕاندنـی ئەم قۆناخە ناسکە؟**

- راسـتە کوردسـتان بەقۆناخێکـی تایبەت و ناسـکدا تێدەپەڕێـت کە ئێـوە بەقۆناخی ئینتیقالی ناوتان بردووە و دەشـێت بە قۆناخی رزگاریخوازیی نیشتمانییش ناو ببرێت، چونکە ئێمە هێشـتا کێشـەی خاك و زمان و پێناس (ئایدینتیتی )ی نەتەوەییمان لەگەڵ بەغدا هەیە و داهاتووی پێشکەوتنی کوردستان بەشێوازی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە بەندە. تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە لەلایەکەوە پەیوەندی بەچۆنییەتی هەڵسـوڕاندنی ئیرادەی گەلی کوردسـتانەوە هەیـە، وەك ئێوە لەپرسـیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکـردووە، لەلایەکی دیکـەوە پەیوەندی بەو هێزو لایەنە دەرەکییانەوە هەیە کە لەخوڵقاندنی ئەم دۆخە سیاسـییەی کوردستان و پاراستنی دۆخەکەدا رۆڵی گرنگییان هەبووە. بەواتایەکی تر لەپاڵ تەبایی و یەکڕیزی نێوخۆدا، کۆمەك و هاوکاریـی وڵاتانـی رۆژئـاوا دەتوانێـت یاریدەدەرێکی گرنگی گەلی کوردستان بێت بۆ ئەوەی بتوانێت دوور لەهەڕەشەو شەڕفرۆشتنی دەوڵەتانـی ناوچەکە بـەرەو داهاتووی خۆی هەنگاوبنێـت. بـەڵام چـۆن دەتواندرێت ئەم ئیرادەیەی گەلی کوردستان هەڵبسووڕێندرێت و هەموو لایەنەکان بێنە سـەر ئـەو باوەڕەی کە بەرژەوەندیی نیشـتمانی بخەنە سـەرووی بەرژەوەندیـی حیزبی و هـەر بەرژەوەندییەکی ترەوە. بەڕای من ئەرکی سـەرەکی لەم بوارەدا دەکەوێتە ئەسـتۆی یەکێتی و پارتی. ناکرێ لەوە زیاتر ئـەم دوو هێزە خۆیان لەسـەرووی حکومەت و پەرلەمان و یاسـاوە دابنێین. یان بەناوی قۆناخـی ئینتیقالی، یـان قۆناخی رزگاریخوازیـی نیشـتمانییەوە چاوپۆشـی لەگەندەڵی و ناعەدالەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تەجاوزکردنە سـەر مافی گشـتی بکرێت. پارتی و یەکێتی دەتوانن چاکسـازی لە حکومەت و سیسـتمی سیاسـیدا بکەن و مۆدێلێکی نوێی حوکمڕانی پێشـکەش بکەن، کاتێك ئەو دوو هێزە لە سۆنگەی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە کار دەکەن و کێشـەکان چارەسـەر دەکـەن، هێزەکانی تریـش شـوێنپێی ئەوان هەڵدەگرن. ئاشکرایشـە کە حیزبپەروەری هەر حیزبپەروەری بەرهەمدەهێنێت.

*** تایبەتمەندییەکـی دیکـەی ئـەم قۆناخە بوونـی سـەرۆکی هەڵبژێـردراوی هەرێمە راسـتەوخۆ لەلایـەن گەلی کوردسـتانەوە. بێگومـان هەڵبژاردنـی سـەرۆکیش لەلایەن گەلەوە دەسەڵاتێکی زیاتری دەبێت وەك لەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە دەستنیشـانبکرێت. کەواتە لەم قۆناخەدا بێجگـە لەحکومەت و پەرلەمان و دەسـەڵاتی دادوەری، سەرۆکێکیشمان هەیە دەسەڵاتێکی هەیە، پرسـیار ئەوەیە چۆن ئەم دەسـەڵاتەی سـەرۆك دەبێتە ئیـرادەی خێر بۆ بەرژەوەندی گشـتیی گەلی کوردسـتان و بەهێزکردنـی دامـەزراوەکان و پیادەکردنی سەروەری یاسا لەکوردستاندا؟**

- راستییەکەی دەسـەڵاتی سەرۆك مەرج نییە پەیوەندی بـەوەوە هەبێت کە سـەرۆك لەلایەن گەلـەوە یـان پەرلەمانـەوە هەڵدەبژێردرێت. دەسەڵاتی سەرۆك، لەبنەڕەتدا، بەپێی دەستوور و یاسا دیاریدەکرێت. دەسەڵاتی بەهێزی سەرۆك، هەر سەرۆکێك بێت و لەهەر وڵاتێکدا بێت، وەك شمشێرێکی دووسەرە وایە کە دەشێت لە هەندێك کاتدا و لەسەردەمی ئەم یان ئەو سەرۆکدا ببێتە ئیـرادەی خێر بۆ بەرژەوەندی گشـتیی گەل و وڵات، بەڵام لە زۆر کاتیشدا لەوانەیە زەمینەی دیکتاتۆری و تاکپەرستی بڕەخسێنێت، بەتایبەتی لـەو وڵاتانەی کـە کولتـووری دیموکراتییان تێـدا نییە، یان لاوازە. بەڕای من دەسـتووری دیموکراتانە و پەرلەمانی بەهێز و بەدەسـەڵات و دامەزراوەی تایبەت بەچاودێری و پاراستنی دیموکراتـی دەتوانن، لەهەموو سـەردەمێکدا، گەرەنتی پێشـکەوتن و چەسپاندنی دیموکراتی بکەن.

*** ئایا رۆشنبیرانی وڵات بەجیاوازیی بۆچوون و بیرکردنەوەیـان، لە خاڵێکدا کە پێی دەگوترێت بەرژەوەندی گەلی کوردستان یەکبگرنەوە؟ ئایا چۆن دەتوانن هاوکاریی سەرۆك و دامەزراوەکانی وڵاتی خۆیان بکەن؟ بەڕێزتان دەزانن رۆشنبیران لەمیانەی بۆچوونە رەخنەییەکانییانەوە رۆڵیکی ئێجگار گرنگ و کاریگەر بۆ پاراستنی وڵاتی خۆیان دەگێڕن، ئەوان ئەو چاوە ئێشکگرانەن کە کەموکورتییەکانمان پێشاندەدەن، بۆیە پرسیاری ئێمە ئەوەیە، بەڕێزت وەك رۆشـنبیرێکی دیاری ئەم وڵاتە ئایا چۆن رۆشـنبیران لەم قۆناخەدا هاریکار دەبن لەگەڵ دەسـەڵات و حکومەتی خۆیان؟**

- ئاشکرایە روناکبیران، وەك خەڵکانی تر، خاوەن بیروراو بەرژەوەندی جیاوازن، بۆیە ئاسـاییە کە بۆچوون و هەڵوێسـتی جیـاوازان لە بەرامبەر هەر مەسەلە و دیاردەیەکدا، لەوانە لە بەرامبەر دەسـەڵاتدا، هەبێت، بەڵام ئەو هۆکارانەی کە پاڵ بە زۆرینـەی خەڵکەوە دەنێـن تا هاوکار و پشـتیوانی دەسـەڵات و حکومەتی خۆیان بـن، دەتوانن هانـی رووناکبیرانیـش بدەن کە هەڵوێسـتێکی بـاش و پۆزەتیڤانەیان بەرامبەر بەحکومەتی خۆیان هەبێت. هۆکارەکانیش پێش هەر شـتێك پەیوەندییان بەمەسەلەی ئازادی و دادپەروەرییـەوە هەیە. دەسـەڵات و حکومەت، بۆئەوەی بتوانن لایەنگری و هاریکاریی خەڵك بەدەسـت بهێنن و بەردەوام بن، دەبێت قەناعەت بەخەڵـك بهێنن کە ئـەوان نوێنەرییان دەکەن و بەرژەوەنـدی و ئازادییان دەپارێـزن. بەکورتی ئازادی و دادپەروەری خەم و خولیای گەورەی رووناکبیـران و مرۆڤن بەگشـتی. دیارە لەپاڵ ئەمەیشـدا بایەخدانی دەسەڵات بە ڕاو رەخنەی رووناکبیـران و هەبوونی دایەلـۆگ لەنێوانیان هەردوولادا دەتوانێـت متمانەیەکی زیاتر لەلای رووناکبیران دروستبکات، چونکە ئەو بۆچوونەی ئێسـتا لەناو زۆرینەی رووناکبیراندا بەرامبەر بە دەسـەڵات باوە ئەوەیە کە دەسـەڵات گوێ بەڕاو رەخنەی رووناکبیران نادات و لە مەسـەلە گرنگەکاندا رای ئەوان بەگرنگ نازانێت.

*** هەڵبژاردنـی ئـەم جـارەی کوردسـتان وەرچەرخانێکی دیکە بـوو لەتێڕوانینی جیهان بۆ تێگەیشـتنی گەلی کوردستان بۆ چەمکی دیموکراسـی و فەراهەمکردنـی زەمینـەی دیموکراسـی لەلایـەن حکومەتـی هەرێمی کوردسـتانەوە، ئەمە بـەو مانا رهایـە نا کە هیـچ کەموکورتیمان نییە، بەڵکو بەو مانایەی لەکوردستان دیموکراسی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لایەنە سیاسییەکان چەند جیاوازییش لەنێوانیاندا هەبێت، بـەڵام ئامادەن بەڕێگای سـندووقی دەنگدان و گەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەل چارەسەری بکەن، ئەمە دیاردەیەکی ئیجابییە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەم دەسـتکەوتە گەورەیە بپارێزین، کە بەبڕوای زۆر کەس سـەرکەوتنی پرۆسـەکە لەبردنەوەی ئەم لایەن یان ئەو لایەن گەورەترە؟**

- بەدڵنیاییەوە سەرکەوتنی پرۆسێسی هەڵبژاردن، لەو کەشوهەوا ئازادە و بەو شێوە هێمن ئارامەی بەڕێوەچوو، دەسـتکەوتێکی گەورەیە و دەبێت شـانازی پێوە بکەین و هەوڵبدەین هەندێك لەو ناتەواوییانەی هەبوون، لەداهاتوودا دووبارەنەبنەوە. قەبووڵکردنـی ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن و کارکردنـی هەموو لایەنەکان، بۆ چەسـپاندنی سیسـتمی دیموکراتـی و بەدامەزراوەکردنـی کۆمەڵـی کوردسـتان و دابینکردنی رادەیەکی ماقوڵـی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەتوانن ئەم دەستکەوتە گەورەیە بپارێزن.

*** ئەگەر شـتێکت مابێت ئێمە پرسیارمان لێ نەکردبێت؟**

- ئیمـڕۆ ئاسـتی رەوایی هەر دەسـەڵاتێکی سیاسی بەوە دەپێورێت کە ئەو دەسەڵاتە تاچەند دیموکرات و دادپەروەرە.


**ئێمە هێشتا کێشەی خاك و زمان و پێناس (ئایدینتیتی) ی نەتەوەییمان لەگەڵ بەغدا هەیە و داهاتووی پێشکەوتنی کوردستان بەشێوازی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە بەندە**

**دەسەڵاتی بەهێزی سەرۆک، هەر سەرۆکێک بێت و لەهەر وڵاتێکدا بێت، وەک شمشێرێکی دووسەرە وایە کە دەشێت لە هەندێک کاتدا و لەسەردەمی ئەم یان ئەو سەرۆکدا ببێتە ئیرادەی خێر بۆ بەرژەوەندی گشتیی گەل و وڵات، بەڵام لە زۆر کاتیشدا لەوانەیە زەمینەی دیکتاتۆری و تاکپەرستی بڕەخسێنێت**

## بەبۆچونی من وەک چاودێرێک ئەمە یەکەم هەڵبژاردن بوو لەکوردستان و عێراقدا کە تێیدا فرەییەکی راستەقینە بەدیدەکرا

**د.مەهدی جابر بۆ گوڵان:**

# هەڵبژاردنی راستەوخۆی سەرۆک لەلایەن گەلەوە تا دوا ڕادە گرنگەو خاڵێکی بەهێزە بۆ رەوتی دیموکراسی لەکوردستاندا



د.مەهدی جابر کە ئێستا ئوستادی سیاسەتە لەکۆلێژی یاساو سیاسەت لەزانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، یەکێکە لەتێکۆشەرە دێرینەکانی بزاڤی دیموکراتی لەعێراق و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراقی بووە، لەچیاکانی کوردستان هاوشانی پێشمەرگەکانی کوردستان خەباتی بۆ دیموکراتیەتی عێراق و مافەکانی گەلانی عێراق کردووە، بڕوای بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد هەیە، د. مەهدی وەك سیاسەتمەدار و ئەکادیمی و چاودێری سیاسی بارودۆخەکە لەنزیکەوە چاودێر و شاهیدی وەرچەرخانە سیاسییەکانە لەعێراقدا، بەشداریش بووە لەپرۆسەی سیاسیی عێراق دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری، هەر بۆیە هەڵسەنگاندنی رەوشی سیاسیی عێراق و کوردستان لەگەڵ کەسایەتیەکی وەك د. مهدی وتوێژەکان لەو جوغزە تەسکەی بەرژەوەندی ئەم حزب یان ئەو لایەن دەباتە دەرەوە و دەگوازرێتەوە بۆ شیکارێکی واقیعیانە لەسەربنەمای رووداوەکان و زانستی سیاسەت و بەرەو پێشەوە =بردنی دیموکراسی لەوڵاتدا، لەم روانگەیەوە بەپێویستمانزانی ئەم روانگە واقیعیە پشکدارییێت لەهەڵسەگاندن و خوێندنەوەی بارودۆخی هەڵبژاردنەکان و ئاکامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، بۆیە بەکۆمەڵێك پرسیارەوە بووینە میوانی د. مهدی جابر و بەڕاشکاوی ئەو وتوێژەمان لەسەر ئەم پرسە گرنگانە ئەنجامدا، کە ئەمە دەقەکەیەتی.

*** چۆن ئاکامەکانی هەڵبژاردن دەبنە وەرچەرخانێك بۆ دیموکراسی، یاخود چۆن بیانخەینە خزمەتی بەرەوپێشبردنی دیموکراسییەوە؟**

- من جەخت لەسەر دوو لایەن دەکەمەوە، لایەنی یەکەم هەڵبژاردن و رۆڵ و بایەخی هەڵبژاردن، دووەم چۆن بتوانین هەڵبژاردن لەسەر ئاستی دەرئەنجامەکانی بخەینە خزمەت باشترکردنی دیموکراسییەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بەلایەنی یەکەمەوە، ئەوا ئەزموونی سیستمی سیاسییە هاوچەرخەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هەڵبژاردن یەکێکە لەگرنگترین ئامرازەکانی بەشداری سیاسی، هەروەها بەشداری سیاسی یەکێکە لەگرنگترین بنەماکانی بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراتی. کەواتە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان دیموکراسی و هەڵبژاردندا و لەم ڕوانگەیەشەوە پەرە بەچەندین شێوەی مومارەسەی دیموکراتی هەڵبژاردن دراوە، بە پێی هەلومەرجی هەر وڵاتێك و بەناو و ناونیشانی جیاوازەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەیان یەکە، کە بریتییە لەئاستی نوێنەرایەتیکردن لەڕێی بەشداریکردنەوە لەپرۆسە دیموکراتیەکە و لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، بەبێ ئەم بەشداریکردنە، سیستمەکە دەگۆڕێت بۆ سیستمێکی دیکتاتۆری کە هەڵدەستێت بەزەوتکردنی ئیرادەی هاوڵاتیان لەدەربڕینی بیروبۆچونەکانی، لەبەشداریکردنی بڕیاری سیاسی و لەبنیاتنانی سیستمی دیموکراتیدا. بەدڵنیایشەوە ئەم مەسەلەیە نەگەیشتۆتە نموونە باڵاکەی لەجیهاندا. لێکۆڵەرەوانی بواری سیستمی سیاسی دەستووری باس لەوە دەکەن کە لەهەر سیستمێکی هەڵبژاردن و لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا خاڵی لاواز و کەلێن بەدیدەکرێت، جا ئەوەی پەیوەندی بەسروشتی سیستمەکەوە هەبێت، یان ئاستی بەشداریکردن، یاخود رۆڵی ئافرەت و توانای بەشداریکردنی و تد. هەرچۆنێك بێت بەپێی ئەزموونە کەڵەکەبووەکان، هەر لەمیساقی مەگناکارتاوە لەساڵی ١٢١٥ تاوەکو ئێستا، ئینسانەکان هەڵساون بەکەڵەکەکردنی ئەزموون و شارەزاییەکان تاوەکو گەیشتن بەوەی ئێستا پێی دەڵێن «دیموکراسییەتی بەشداریکردن»، واتە بەشداریکردنێکی دیموکراتیانە، ئەمەشمان لەچەمکی «هاوڵاتیبوونی دیموکراتی» بەدیکرد لەئەزموونە هاوچەرخەکانی ئەورووپادا. ئەمەش بەواتای ئەوەی دەوڵەتی هاوڵاتیبوون لەسەر بنەما دیموکراتیەکانی بنیاتدەنرێت. ئەگەر بێینە سەر وڵاتانی ناوچەکەی خۆمان و لەنێویاندا عێراق و بەتایبەتی لەهەرێمی کوردستاندا، ئەوا بەداخەوە کەڵەکەبوونی ئیستبداد و توندوتیژی و ململانێ و جیاکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان بەدیدەکەین، کە هەموو ئەمانەش رەنگدانەوەیان هەبووە بەسەر سیستمە سیاسیەکەدا، لەهەمان کاتدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە ئەزموونی زیاتر لەهەشتا ساڵی عێراق و تاوەکو ٢٠٠٣ هیچ رواڵەتێکی دیموکراتی راستەقینەی تێدا بەدیناکرێت، من نکۆڵی لەبوونی چەند ساتەوەختێکی تێپەڕ ناکەم، بەڵام نەبوونە هۆی بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراسی. ئەگەر لەئەزموونی ئەم چل ساڵەی دواییش بڕوانین ئەوا سەرکوتکاری، کوشتنی بەکۆمەڵ، بەکارهێنانی چەکەقەدەخەکراوەکان، سووتاندنی گوندەکان، تەعریب و ئەنفال و هتد بەدیدەکەین، ئەمانەش بوونە هۆی دروستبوونی کولتووری سەرکوتکردن و ئەمەش بووە بناخەی دروستبوونی فەرهەنگی تاکحزبی، تاکڕەنگی و تاکفیکری. بەو پێیە چەند نەوەیەك ئاشنایەتیان لەگەڵ سندووقەکانی دەنگداندا نەبوو، بەڵکو تەنها رایەکی دیاریکراویان بەسەردا دەسپێنرا، تەنانەت ئەو دوو راپرسیەی لەسەردەمی سەددام حوسێنیشدا کرا، دەرئەنجامەکانی یان ١٠٠٪ یان ٩٩٪ بوون، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە دۆخێکی نوێ لەعێراقدا دروستبوو، پێشتریش لەکوردستان لەدوای راپەڕینەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا هەڵبژاردن ئەنجامدرا، واتە ئەم مومارەسە و نەریتانە بوونە هۆی بەشداریکردن لەچەسپاندنی کولتووری نوێدا کە جیاوازبێت لەوەی ڕابردوو، بەڵام بۆئەوەی موبالەغە لەم شیکردنەوەیەدا نەکەم، ئەوا دەڵێم ئەم کولتوورە نوێیە لەبونیادێکی کۆمەڵایەتی کەڵەکەبوودا کاردەکات کە لەسەر کولتوورێکی جیاوازتر بنیاتنراوە، ناوی هەرچیەکی لێدەنێیت، بەڵام کولتوورێکی دیموکراتی نەبوو، دواتر بەرەی کوردستانی هات و سەرەتایەکی نوێی چەسپاند، من دەڵێم سەرەتایەکی لاواز و ناتەواو بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا سەرەتایەکی گرنگ بوو و نابێت نکۆڵی لەڕۆڵی بەرەی کوردستانی بکەین لەم ڕووەوە، دواتر دامەزراوەکان، پەرلەمان، پارتە سیاسییەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵیان هەبوو لەچەسپاندنی کولتوورێکی نوێدا. لەعێراقیشدا لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە بارودۆخێکی نوێ دەستی پێکرد و ئێستاش ئێمە لەقۆناخێکی نوێداین، ئەمە جگە لەگۆڕان و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و داواکارییە بەرفراوانەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و مافە نەتەوەییەکانی گەلان، هەروەها ئەو هەرەسهێنانەی لەئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوویدا کە بەرجەستەبوونی ڕەتکردنەوەی تاکڕەوی بوون، هەموو ئەمانەش لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی هەلومەرجێکی گونجاویان خوڵقاند بۆ گۆڕانکاری بەئاراستەی بنیاتنانی سیتسمێکی دیموکراتی کە گوزارشت لەئیرادەی گەل بکات. لەعێراقدا لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ەوە سێ ئەزموونی دیموکراتی ئەنجامدران، یەکەمیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و دووەم بۆ ڕاپرسی لەسەر دەستوور و سێیەمیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کە کوردستان لەهەر سێکیاندا بەشداری کرد، هەروەها لەمانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٩دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ١٤ پارێزگادا بەڕێوەچوو، کەواتە ئاڵوگۆڕێکی نەوعی بەدیدەکەین بەرەو کولتووری دیموکراتی. هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی کوردستانیش بەشێك بوو لەبەرەوپێشچوونەکان لەم سیاقەدا لەنێو زنجیرەیەك لەبەرەوپێشچوون و بنیاتنان و کەڵەکەکردنی ئەزموونداد، بەبۆچوونی من وەك چاودێرێك ئەمە یەکەم هەڵبژاردن بوو کە تێیدا فرەییەکی راستەقینە بەدیدەکرا، ٢٤ لیستی بەشداریان کرد کە بەرجەستەبوونی هەمەرەنگییەکی سیاسیی، فیکریی، کۆمەڵایەتی و ئایینیان دەکرد، واتە هاوڵاتی کوردستان لەبەردەم تابلۆیەکی جۆراجۆر و هەمەچەشنەدا بوو و بواری دەنگدانێکی ئازادی هەبوو، هەم بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کە ١١١ ئەندامی هەیە و هەم بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە دووەمجارە ئەنجامدەدرێت، چونکە ساڵی ١٩٩٢ ئەنجامدرا، بەڵام ئەم جارەیان بەسیغەیەکی نوێ کە پێنج پاڵێوراو هەبوو، بۆچوونی من ئەوەیە ئەمە بەرەوپێشچوونێکی نەوعییە لەڕەوتی پرۆسەی دیموکراتی و هەڵبژاردن لەکوردستان و عێراقدا بەشێوەیەکی گشتی.

*** دوای ڕاگەیاندنی ئاکامە بەراییەکانی هەڵبژاردن، ئێستا دوو ڕێگە بۆ دروستکردنی حکومەتی ئایندە هەیە، یان ئەوەتا بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن حکومەت پێکبهێنرێت، یات ئەوەتا هەمو لایەنەکان بەشداری بکەن، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لەڕاستیدا بەپێی یاسا ئەوە لایەنەی زۆرینەی بەدەستهێناوە حکومەت پێکدەهێنێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بەو بەرەوپێشچوونانەی کوردستان و عێراق و بەشێوەیەکی گشتی ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت، ئەوا من پێموایە باشترە حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنرێت بەپێی خاڵ و زەمینە هاوبەشەکان کە کار بۆ هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد بکات، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هێشتا کوردستان بە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانیدا تێدەپەڕێت، ئەم قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەییەش پێویستی بەبەرفروانترین بەشداری هاوڵاتیان و هێز و پێکهاتەکانی

**لەهەر سیستمێکی هەڵبژاردن و لەهەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا خاڵی لاواز و کەلێن بەدیدەکرێت، جا ئەوەی پەیوەندی بەسروشتی سیستمەکەوە هەبێت، یان ئاستی بەشداریکردن، یاخود رۆڵی ئافرەت و توانای بەشداریکردنی و تد**

دیکە هەیە، لەبەرئەوەی هەموویان هاوبەشن لەئامانجی بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد و دیاریکردنی ئایندەیدا، ئەمەش پێویست بەبەشداریکردنی زۆرترین لایەن و هێزەکان دەکات بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی نیشتمانی، من پێموایە ئەمە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی نەهێشتنی کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکان، ئەوکاتە هاوپەیمانێتی و هاوکاری، جێی لێکدوورکەوتنەوە دەگرێتەوە، من پێموایە کارکردن بەمشێوەیە هەنگاوێکی دیموکراتی گرنگە. لەگەڵ ئەوەشدا من نکۆڵی لەبوونی سلبیات ناکەم، جا لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە بێت یان لەئەزموونەکەدا، بەڵام خاڵە بەهێز و ئیجابیەکان زۆر زیاترن و دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ هەنگاونان بەرەوپێشەوە. من دەڵێم بەشداریکردنی تێکڕایی لیستی براوەکان هەنگاوێکی دیموکراتی ئیجابی دەبێت، من داوای پێکهێنانی حکومەتێك ناکەم بە یەکسانی، بەڵام پێکهێنانی حکومەتێك کە بەشی هەر لیستێك لەبەرچاوبگرێت. ئەمە دەبێتە سەمامی ئەمان بۆ بەرەوپێشچوون و دەبێتەهۆی ئەوەی دەنگدەر و هاوڵاتی کوردستان متمانە بەبەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە بکات، واتە وایلێدەکات هەست بکات کە دەنگی بەهەر لیست و لایەنێك دابێت ئەوا بەهای خۆی دەبێت لەبەشداری کردن لەدەرکردنی بڕیارەکاندا، واتە نەك هەر بەشداریکردن لەهێنانەدی پەرلەماندا، بەڵکو بەشداری کردن لەدوای پەرلەمانیشدا کە بریتییە لەحکومەتی نیشتمانی. من پێموایە ئەمە پێویستی بەئیرادە و هۆشیاری و هەستێکی بەرزی بەرپرسیارێتی هەیە لەلایەن تێکڕایی لایەنەکانەوە.

*** بەڵام زۆر کەس پێیانوایە ئەگەر هەموو لایەك بەشداری بکەن ئەوا ئۆپۆزسیۆن دروستنابێت، بەو پێیە دووبارە دیموکراسیمان لەدەستدەچێت؟**

- لەڕاستیدا ئەمە ئیشکالیەت و پرسیارێکی گەورەش دەوروژێنێت، چونکە پێویستمان بەڕای دیکە و ئۆپۆزسیۆن هەیە، بەڵام من پێموایە ڕای دیکە بوونی هەیە تەنانەت پێش هەڵبژاردنیش. هەروەها ئەگەر بەراشکاوی بدوێین ئەوا لەڕاگەیاندنی کوردیدا ئازادییەکی گەورە و بەرفراوان هەیە و دەتوانێت باسی هەموو شتێك بکەن، بەڵام کاتێك من باسی پێکهێنانی حکومەتی نیشتمانیم کرد، ئەوا پەیوەستم کردەوە بەو تەحەددیاتانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان دەبنەوە لەعێراق و لەسەر ئاستی ئیقلیمیش، واتە ئەم تەحەددیاتانە پێویستیان بە یەکڕیزی هەیە، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە مافی ڕادەربڕین بەوانی دیکە نەدرێت، یاخود مافی ئەوە بەئۆپۆزسیۆن نەدرێت سەرنجەکانی خۆی لەسەر دیاردە سلبیە جۆراجۆرەکان نەدات، بەوپێیە ئەم حکومەتە نابێتەهۆی زەوتکردنی مافی ڕادەربڕین لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە. لەعێراقی ئێستا کار بەو بنەمایە دەکرێت کە پێی دەڵێن دیموکراسیەتی تەوافوقی، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا ڕای دیکە و ڕەخنە و ئۆپۆزسیۆن هەیە، کەواتە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پێویستیان بەنموونەیەکی تایبەتی هاوکاری، هاوپەیمانێتی و ئۆپۆزسیۆنبوون هەیە، زەحمەتە بتوانین نموونەی ئەوروپا لێرە پیادە بکەین، واتە ئەوەی سەرکەوتن حوکم بکات و ئەوەی دۆڕاندی ئۆپۆزسیۆن بێت. لە ڕاستیدا ئێمە پیوستمان بە تێپەڕاندنی قۆناخی ئینتیقالی هەیە، پێویستە لەم قۆناخەدا ئەرکە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان تەواو بکرێت و دواتر کار بەو ئەزموونە بکەین.

*** مەسەلەیەکی دیکە سەرۆکی هەرێمە، ئێمە دەزانین جاری پێشوو لەلایەن پەرلەمان و بەڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی دانرا، بەڵام ئەمجارەیان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەسەڵاتی سەرۆك بکەین بەئیرادەی خێر، بەکاری بهێنین بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان، بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا و یەکڕیزی ماڵی کورد؟**

- جێی سەرسوڕمان نییە سەرۆك بارزانی بەڕێژەی لەسەدا ٧٠ دەنگەکان بەدەستبهێنێت، لەبەرئەوەی ئەو بەتواناتر و خاوەنی کەفائەتی زیاترە، بەهۆی ئەو ئەزموون و شارەزاییەی هەیەتی لەئیدارەکردنی کوردستاندا هەر لەساڵی ١٩٩١ەوە، هەروەها هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە تا دوا ڕاددە گرنگە و خاڵێکی بەهێزە بۆ ڕەوتی دیموکراسی لەکوردستاندا. من هاوڕانیم لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە دەبێت سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، چونکە هەڵبژاردنی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی دیموکراسیدایە، دووەم سەرۆك لەبەردەم چەندین تەحەددی گەورەدایە و دەسەڵاتەکانیشی بەپێی ڕەشنوسی دەستوورەکە دیاریکراوە، کە من پێموایە بەپێچەوانەوەی ئەو خوێندنەوانەی بۆی کراوە، سەرۆك دەسەڵاتێکی ڕەهای نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی سنووورداری هەیە. من دەڵێم سەرۆك لەبەردەم تەحەددیدایە، هەم لەسەر ئاستی هەرێم، هەم لەسەر ئاستی عێراق، بەهەمان شێوە لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش، ئەمە چوار تەحەددای جۆراجۆرن، هەروەها هێشتا کێشەی کورد کۆتایی نەهاتووە، چەندین مەسەلە ماون کە کاریان بۆ دەکرێت، وەك سنوری هەرێمی کوردستان، کێشەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠ و چەندین مەسەلەی دیکە. ئەمەش پێویستی بەئیدارەیەکی خاوەن کەفائەت و ئارامگر دەبێت بۆئەوەی سیاسەتێکی نەرم و ڕاست و دروست پیادە بکات بۆ گەیاندنی کوردستان بەکەناری ئارامی و بەدەستهێنانی مافەکانی. ڕاستە لەدەستوری هەمیشەی عێراقدا دەستکەوتی زۆر بەدەستهاتوون، بەڵام هێشتا زۆرێك لەو مەسەلانەی لەدەستووردا هاتوون جێبەجێنەکراون و پەکخراون، بەرپرسیارێتی پەرلەمان و حکومەتی نوێ زیندووکردنەوەی ئەم مەسەلانەیە و گرتنەبەری سیاسەتێکی ئەقڵانی و نەرمە، سیاسەتێك لەسەر بنەمای گرژی دانەڕێژرابێت، کە دەبێت کار بۆ دەستکەوتی زیاتر و دوورخستنەوەی زەرەر و زیان بێت لەچوارچێوەی دەستووردا. ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە تاکە مەرجەع عێراقیەکان کۆدەنگ بن لەسەری دەستووری عێراقە، هەروەها سەرۆك بارزانیش لەڕۆژی هەڵبژاردندا، نەك تەنها خەڵکی کوردستان، بەڵکو خەڵکی هەموو عێراقی دڵنیاکردەوە کە دەستوور و گفتوگۆکردن تاکە زەمانەتی چارەسەرکردنی کێشە و جیاوازیەکانە. سەرۆکی هەرێم بەرپرسیارێتیەکی گەورەی لەئەستۆیە نەك لەئاست کوردستاندا بەڵکو لەسەر ئاستی سەرخستنی ئەزموونی عێراقیش، من پێموایە سەرۆکیش بەهۆی ئەو توانا و ئەزموونی هەیەتی دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت. هەندێ ئەو ڕاستیە لەبیردەکرێت کە کوردەکانیش ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیان هەیە لەسەرخستنی ئەزموونی عێراقدا، ئەم بەرپرسیارێتیە قورس و ئاڵۆز و گەورەیە ناچاریان دەکات قوربانی بدەن، ئەقڵانی بیربکەنەوە، ئارامگر بن و پشت بەچارەسەری ناوەندی و سازش ببەستن بۆ گەیشتن بە چارەسەری دروست و گونجاو.

*** چۆن بتوانین کاری ڕۆشنبیر بەکاربهێنین بۆ خزمەتی دەسەڵات، مەبەستم ئەوەنییە ببنە پاشکۆی دەسەڵات، بەڵکو ببنە گوشارێك بۆ ڕاستکرنەوەی دەسەڵات نەك بۆ دژایەتیکردنی، لێرەدا پەیامی تۆ چییە بۆ ڕۆشنبیران؟**

- ئەوەی من لەئەزموونی عێراق و کوردستاندا بەدیدەکەم، کەلێن و کەموکورتیەك هەیە، چونکە سیاسیی لەپلەی یەکەمدا دێت و دواتر ڕۆشنبیر، من لێرەداو لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنەم ئاڕاستەی سیاسییەکان دەکەم، کە بایەخی پێویستیان بەڕۆشنبیر نەداوە، ئەمەش بۆتە هۆی پاشەکشە و گۆشەگیربوونیان. دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە من مەبەستم ڕۆشنبرێکی بەرپرسیارە کە بەشێوەیەکی ئیجابی بەشداری لەبنیاتنانی ئەزمونە دیموکراسییەکەدا دەکات، نەك ئەوانەی تەنها باس لەسلبییات دەکەن و هەوڵی شێواندن دەدەن و داوای دوورەپەرێزی دەکەن. من پاڵپشتی

**بەبۆچوونی من وەک چاودێرێک ئەمە یەکەم هەڵبژاردن بوو کە تێیدا فرەییەکی راستەقینە بەدیدەکرا، ٢٤ لیستی بەشداریان کرد کە بەرجەستەبوونی هەمەڕەنگییەکی سیاسیی، فیکریی، کۆمەڵایەتی و ئایینیان دەکرد**

**من پێموایە باشترە حکومەتێکی نیشتمانی پێکبهێنرێت بەپێی خاڵ و زەمینە هاوبەشەکان کە کار بۆ هێنانەدی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد بکات، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هێشتا کوردستان بە قۆناخی ڕزگاری نیشتمانیدا تێدەپەڕێت**



لەڕۆڵی رۆشـــنبیرێکی چالاك، ئۆرگانیکی و کارا دەکەم کە پشـــتیوانی لەلایەن باشەکان دەکات و هەوڵـــی چارەســـەرکردنی لایەنـــە سلبییەکان دەدات. من پێموایە ئێستا ئاسۆکان پتر کـــراوەن، دەرگاکان زیاتر واڵان بۆئەوەی ڕۆشـــنبیر ئەم ڕۆڵە ببینێـــت، هەروەها من داوای ئەوە دەکەم سیاســـییەکان زیاتر دڵیان بکەنەوە بۆیان، هەروەهـــا نەدوات بکرێت بۆ کۆکردنەوەیـــان و بـــۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ بۆئەوەی پتر بەشداری لەپرۆسەکە و دارِشتن و دەرکردنی بڕیارەکاندا بکەن. ڕۆشنیر تەنها وشەی هەیە و سیاســـیش پێویستی پێیەتی بۆئەوەی ڕۆشـــنگەر بێت، لەو باوەڕەدام هیچ سیاسییەك بێ بوونی ڕۆشنبیر لەئەرکەکەیدا ســـەرکەوتوونابێت. کەواتە هەردوولا دەتوانن لەم چوارچێوەیـــەدا هاوکاری یەکتر بکەن بۆ خزمەتکردنی ئەزموونەکە. بۆچونی من ئەوەیە ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵی زیاتر ببینن، چونکە ژمارەیەکی گەورەی ڕۆشنبیر لەکوردستان و عێراقدا هەن، هێشـــتا ڕۆڵی خۆیان نەبینیوە و توانای خۆیان نەخســـتۆتەگەڕ بۆ ئەوەی بەشـــداریەکی کارا بکـــەن، لێـــرەوە من داوا لەسەرۆکی کوردســـتان و لەعێراقیش دەکەم بۆئـــەوەی کاری زیاتر بکەن بۆ ڕاکێشـــانی ڕۆشنبیران بۆئەوەی بەشداری زیاتر لەپرۆسە سیاســـیەکەدا، چونکـــە ئەمـــە زەمانەتی ســـەرکەوتن و ســـەقامگیر پرۆسەکە دەکات، چونکە ئەوان دەربڕی ئیـــرادەی کۆمەڵگەن و ئـــەوان دەتوانن ڕۆڵـــی بەرچاوڕونکردنەوە و ســـازدانی ببینـــن بەرەو یەکێتی پرۆســـە سیاسییەکە و سەرختنی.

*** چی بکەین بۆئەوەی دەســـەڵات ڕۆشنبیر بەدوژمن نەزانێت، لەهەمانکاتدا ڕۆشنبیریش خۆی بەدوژمنی دەسەڵات نەزانێت؟**

- من پێموایە ئەم کارە پێویســـت بە گفتوگۆ دەکات، هەروەهـــا دەبێت دەســـەڵات کار بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و ســـازدانی کۆڕ و کۆبوونـــەوە بکات، بەهەمان شـــێوە دەبێت دامەزراوەکان کارا بکرێن، بۆ نموونە یەکێتی نووسەران هەیە، ســـەندیکای ڕۆژنامەنوسان هەیە و چەندین دامـــەزراوەی تایبەتمەندی دیکە، ئەم دامەزراوانە هەن، بەڵام لاوازن، بۆ نموونە یەکێتی نوســـەران کە بەداخەوە ڕۆڵی چاوەڕانکراوی خۆی نەبینی، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بـــەوە بکەم کە ململانێـــی نێوان دوو پارتە سەرەکیەکە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبوو، ئەمەش بەپرســـیارێتیەکە دەکەێتە ئەستۆی دەســـەڵات. کەواتە دەبێت ئەمانە کارا بکرێن و دامەزراوەی دیکەش دروســـتبکرێت لەسەر بنەمایەی ڕاست و دروست و سەربەخۆ، وەك ڕێکخراوە و کۆمەڵـــە لاوان و گەنجان، واتە نابێت تەنها ڕۆشنبیری فەردمان هەبێت، بەڵکو دەبێت دامەزراوەی ڕۆشـــنبیریمان هەبێت کە ڕۆڵ دەبنینن لەدەرکەوتنی ڕۆشنبیرەکاندا.

*** ئەگەر بتەوێت باسی شتێکی دیکە بکەیت کە ئێمە پرسیارمان لەبارەیەوە نەکردووە؟**

- دەمەوێـــت ئامـــاژە بـــە تەحەددیاتـــەکان بکـــەم کە من پێموایـــە گەورەترین دەروازەش بۆئەوەی ڕووبەڕوویان ببینەوە بریتیە لەبەرەی ناوخۆیی، واتە تاوەکو بتوانین باشـــتر بنەما دیموکراســـییەکان بچەســـپێنین ئەوا باشـــتر دەتوانین ڕووبەڕووی تەحەددیاتە ناوخۆیی و دەرەکیـــەکان ببینەوە. ئەمڕۆ قۆناخێکی نوێ لەمێژووی گەلی کوردستاندا دەستی پێکرد، هەروەها من ئامادەگی هەردوو پارتەکەم بەدی کرد بۆ قەبووڵکردنی هێزی دیکە کە ململانێیان بکات، هەم لەپەرلەمـــان، هەم لەحکومەت و کۆمەڵگە و ڕاگەیاندن و بوارەکانی دیکەشدا، ئەم ئامادەگی و تێگەیشـــتنە دەبنە بنەمای ئایندەیەکی باشـــتر بۆ گەلی کوردســـتان. لەبەرئـــەوە دەبێت پەرە بـــە کولتووری یەکتر قبوڵکـــردن بدەین، بە کولتـــووری جیاوازی و ڕا و ڕای جیـــاواز، ئەمڕۆ لەکوردســـتاندا پارتگەلێکـــی زۆر هەن، هـــەر لەچەپەوە بۆ ڕاســـت، هـــەر لەعەلمانییەوە بـــۆ ئایینی، ئەمـــەش خاڵی بەهێزە نـــەك لاوازی چونکە زەمینـــەی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، ئەویش کێشـــەی نەتەوەیەکە کە دەیان و بگرە سەدان ســـاڵە قوربانیداوە، خوێنی ڕشتووە و ئازاری چەشـــتووە، لێرەدا ئێمە ڕەســـیدێکی زۆرمان هەیە، بەڵام ئاستەنگیش هەیە، دەستکەوتمان هەیە، بەڵام سلبیاتمان هەیە، ئایا دەکرێت کار لەسەر ئەم ڕەســـیدە بکەین و پەرەی پێبدەین بەرەو کەمکردنەوەی سلبیاتەکان، من پێموایە بەڵێ، بەڵام ئەمەش دەوستێتەســـەر ئیرادەی بڕیار بەدەستان، من لێرەوە داوا لەلایەنی براوە دەکـــەم کە ئەو ڕاســـتیەی لەبەرچاو بێت کە لەکوردســـتاندا فرەیی هەیە و دەبێت کار بۆ برەوپێدانی بکات بەو ئاڕاســـتەیەی کە پێی دەڵێـــن فرەیـــی لەچوارچێـــوەی یەکێتیکدا، یەکێتی گەلی کوردســـتان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکان و بـــەرەو مافی بڕیاردانی چارەنووس.

**ئەوەی من لەئەزموونی عێراق و کوردستاندا بەدیدەکەم، کەلێن و کەموکورتیەک هەیە، چونکە سیاسیی لەپلەی یەکەمدا دێت و دواتر ڕۆشنبیر، من لێرەداو لەم چوارچێوەیەدا ڕەخنەم ئاڕاستەی سیاسییەکان دەکەم، کە بایەخی پێویستیان بەڕۆشنبیر نەداوە**

## پرۆسەی رۆشنگەری و هۆشیاری نیشتمانی ئایندەی وڵاتمان دیاریدەکات

سەرۆ قادر (بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان):

# بۆ ئەوەی لاوەکانمان چیدیکە نەبنە سووتەمەنی ئایدۆلۆژییەت، دەبێت پرۆسەی رۆشنگەری ئەرکی ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت

سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان کە رۆژی ٢٥ی تەمموزی رابردوو بەڕێوەچوون، وەرچەرخانێکی دیکەیە لە هەنگاو هەڵگرتنمان بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز و یەکتری قبوڵکردن، جوانی ئەم پرۆسەیە لەوەدا نییە کێ بردوویەتیەوەو کێ دۆڕاندوویەتی، بەڵکو وەك سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێکرد، گەورەیی پرۆســەکە ئەوەیە گەلی کوردستان لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو بوو، ڕوویەکی گەش و جوانی پیشانی جیهاندا و بە شاهیدی هەموو ئەو چاودێرە بیانی و ناوخۆیانەی بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکان هاتبوونە کوردستان، هەروەها بە شـاهیدی کۆمسـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقیش، ئەم پرۆســەیە بە ئاستی ستاندەری جیهانی بۆ بەڕێوەبردنی پرۆســەی هەڵبژاردن بەڕێوەچووە ئەگەر هەندێك پێشــلکاریش هەبووبێت کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن نەبووە هاوشێوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی وڵاتانی جیهانی یەکەم بووە نەك جیهانی سێیەم، بۆیە هەفتەنامەی گوڵانیش ئەوەندەی جوانی و سەرکەوتنی پرۆسەکە بەلاوە گرنگە، هێندە ئاکامەکانی هەڵبژاردن گرنگ نین، بۆیە لە راپۆرتەکانیدا کە لەم ژمارەیەدا بڵاودەبنەوە، لەڕوانگەی بەرژەوەندی گشــتی و هۆشیاری نیشتمانیمانەوە بۆ تێڕوانین لەم پرۆســە گرنگە، جارێکی دیکە بیروبۆچوونە جیاوازەکانــی هێناوەتەوە ئاخاوتن . بە ئامانجی ئەوەی تای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کۆمەڵگەی ئێمە بەربدات و کەشــوهەوایەکی دیکە بێتە پێشــەوە کە هەموو دەرگاکانی دیالۆگ لەبەردەم ســەرجەم قەوارە سیاســیەکان کراوە بن بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ پەرلەمان و دامەزراندنی کابینەی نوێ هەڵبگیرێت،، بۆیە لە پێناوی ئەوەی جارێکی دیکە دیالۆگ و لێکتێگەیشــتن و یەکتری قبوڵکردن دەســتپێبکاتەوە و ئەگەر کێشەیەکیشمان هەبێت لەبەردەمی دادگا و لە ژێر سەقفی پەرلەمانداو بە شێوازێکی مەدەنیانە یەکلاییبکەینەوە، بۆ موناقەشــەکردنی ئەم باســە گرنگە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵا بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی (پ.د.ك) بەڕێز ســەرۆ قادر کرد بۆئەوەی وەك هەنگاوی یەکەم دەرگای دیالۆگ لای پارتی دیموکراتی کوردســتانەوە بخەینە سەرپشت، بۆ ئەوەی کۆمەڵێك چەمك لەبەر دەست بن بۆ موناقەشەکانی ئایندە و ئومێدیش دەخوازین هەر موناقەشەی نێوان رۆشــنبیران و رۆژنامەنووسان ببنە نەخشە رێگایەك بۆ ساناکردنی یەکلاکردنەوەی پرسە ئاڵۆزەکان، ئەمەش دەقی وتووێژەکەیە.

**به بڕوای من لیستی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بۆیە دژی دەستووری کوردستان بەو ئاستە راوەستان، لەبەر ئەوەی لە ناو دەستووری کوردستاندا ماددەیەک ئەوان دژی ئەو ماددەیەن و دەیانەوێت ئەو ماددەیە لەبەر یەکهەڵبوەشێنەوە، ئەو ماددەیەش ئەمەیە (هەرێمی کوردستان هەرێمێکی یەکپارچەیە بە چوار پارێزگا و بەسنوری تایبەتی خۆی...ئەم هەرێمە ناکرێت هەرێمی دیکەی تێدا دروست بێت، ) ئەوان دژی ئەم ماددەیەن و نایانەوێت هەرێمی کوردستان بەیەک پارچەیی بمێنێتەوە**



*** سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی کوردستان، تەنها ئەو ئاکامە سەرەتاییانە نییە کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕۆژی ٢٩ی تەموز رایگەیاند، بەپێچەوانەوە پێش راگەیاندنی ئاکامەکان، سەرکەوتنی پرۆسەکە لە چەند خاڵێکدا دەرکەوت، وەك، ئاستی بەشداری هاوڵاتیان بۆ دەنگدان، بەڕێژەی ٪٧٤,٥، هەروەها شاهیدی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەری سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی بەوەی ئەم پرۆسەیە بە ئاستی پێوەرە نێو دەوڵەتییەکان بە پاك و بێگەردی ئەنجامدراوە، ئەگەر چەند پێشلکارییەکیش هەبوویێت، کاریگەری لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان نابێت، پرسیاری ئێمە لەم خاڵەوە دەستپێدەکات، ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆسە سەرکەتووە بکەین؟**

> **سلێمانی بە رۆشنبیری و زیندویەتی خەڵکەکەیەوە بەناوبانگ بوو، نابێت ئەم لایەنە گرنگەی لەدەست بچێت، بە ئامادەباشیبوونی بۆ کرانەوە و پێشکەوتن بەناوبانگە، دەبێت ئەم لایەنەی زیاتر بکرێت**

- ئەم پرسیارە بیرکردنەوەیەکی جوانە، دەبێت ئێمە پێش هەموو شتێك بەوجۆرە سەیری واقیعی بارودۆخی سیاسیی کوردستان بکەین،کە ئەوەی بزووتنەوە سیاسییەکەی و رۆشنبیران و پاشان هەمووی پێکەوە کە سەرەنجام ڕای گشتی پێکدەهێنێت، لایەنگیر و پشتگیری ئەو شێوازەن کە ئەمڕۆ لە کوردستان پیادە دەکرێت، ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەش کە لەکوردستان بەڕێوەچوو، بەو شێوەیەی کە ڕای گشتی جیهانی دەستخۆشی لێدەکات ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە ژیانەیە کەگەلی کوردستان بریاریداوە لەناو سیستەمێکی دیموکراتیدا بژی، دیارە دیموکراسیش بەپێی تایبەتمەندی وڵات و فرەییو بە گونجاو لەگەڵ کولتووری ئێمە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین لە هەموو وڵاتان گەوهەری دیموکراتی یەك گەوهەرە بەڵام شێوەکانی ڕێکخستنی ژیانی دیموکراسی جیاوازی هەیە، هەر بۆنموونە ئێمە ناتوانین لە عێراق یان لە کوردستاندا، بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بە شێوەی زۆرینەو کەمینە بڕیار بدەین، ئەمەش واتە ناتوانین لەسەر ئەو نەتەوەو ئایینە جیاوازانەی لەگەڵماندا دەژین ناتوانین بەکەمینەو زۆرینە یاسایان بەسەردا بسەپێنین، بۆیە دەبێت شێوازی هاوبەشی یان ئەوەی پێی دەگوترێت دیموکراتییەتی تەوافقی یان دیموکراتیەتی پێکهاتن، واتە لەناوخۆماندا لەسەر تایبەتی و مافەکان پێکدێین ئەوجا دیموکراتی پیادەدەکەین، ئەو دیموکراتیەتەی لە کوردستاندا پیادەدەکرێت، بەشێکی دیموکراتیەتی پێکهاتنە (تەوافقی) بەشێکی دیکەی لەبەر ئەوەی گەلی کورد زۆرینەیە، ئەوا لەسەر بنەمای کەمینەو زۆرینەیە لە رایەکاندا پیادە دەکرێت،کەواتە سیستەمی دیموکراتی لە وڵاتی ئێمە سیستەمێکی تێکەڵاوو ئاڵۆزە، بەڵام ئەم تێکەڵاوی و ئاڵۆزییە رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگایانەیە کە پێکهاتەکەی فرەییە، لە فرەیی نەتەوەیی، ئایینی، کولتووری، هەتا هەندێك جار لە تایبەتمەندی ناوچەیی.

ئێمە پێش ئەوەی باس لە ڕوانگەی ئیجابی دەرەوە بکەین لەسەر تێڕوانینیان بۆ شێوازی سیستەمی حکومڕانی ئێمە، دەبێت ئێمە خۆمان پێداچوونەوە بکەین بۆ خۆمان، لەبەر ئەوەی ئێمە تەنها لەبەر ئەوە دیموکراسییەت پیادە ناکەین، هەتا دەرەوە پێمان بڵێن کارێکی باش دەکەن، نەخێر پیادەکردنی دیموکراسی لە کوردستان لە پێش هەر لایەك بۆ خۆمانەو بۆ پێشکەوتنی خۆمانە، بۆ ئەوەیە گەلی ئێمە بەرەو بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی هەنگاو هەڵبگرێت، دوای ئەمە بێگومان هەموومان خۆشحاڵدەبین کە وڵاتانی دیموکرات و چاودێرانی بیانی کاتێك دەبینن ئێمە بە ئاشکرا نەك لە پەنادا دیموکراسی پیادە دەکەین و شاهیدی ئەم حاڵەتەمان بۆ دەدەن و، پێمان دەڵێین ئێوە میللەتێکن جیاوازییەکانی ناوخۆتان قبوڵدەکەن، ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنەی وەك سێیەمین هەڵبژاردنی پەرلەمان و یەکەمین هەڵبژاردنی سەرۆك بەشێوەی راستەو خۆ لەلایەن گەلەوە، کە لە وڵاتانی خاوەن سەروەریی و دیموکراتی کە تیایدا پرۆسەی دیموکراسی چەسپیوە، هێشتا کارێکی ئاسان نییەو،حکومەت و کۆمەڵگە زۆر ماندوو دەبێت هەتا هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو ئەنجامدەدات، پێمان دەڵێن دەستخۆش ئێوە سەرکەتوو بوون، بێگومان لەم رووەوە خۆشحاڵین کە دەوڵەتانی دیموکراتی ئەم شاهیدیەمان بۆ دەدەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کارێکی باشمان کردووە، سیستمە سیاسییەکەمان جێگەی متمانەیە پێش هەموان بۆ گەلەکەی خۆی، دوای ئەمە شوێنی خۆمان وەك کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لە نێو کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی نێودەوڵەتی بکەینەوە، ئەوانەشی پێمان دەڵێن نموونەیەکی جوانتان پێشکەشی دەوربەرو رۆژهەڵاتی ناوەراست کردووە، دیسان ئەمەشیان جێگەی خۆشحاڵییە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی کوردستان و بەرەو پێشەوە چوونی بزووتنەوەی سیاسیی لە کوردستاندا، ئەم دووخاڵە هەردووکیان گرنگن و جێگەی شانازین، لەبەر ئەوەی جێگەی شانازییە وڵاتی ئێمە تەقەبولی دیموکراتی و یەکتری قبوڵکردن دەکات، هەروەها جێگەی شانازیشە کە بزووتنەوەی سیاسیی شۆرشگێڕی کوردستان بە درێژایی سەد ساڵ لە پێناوی چەسپاندنی ئەم کولتوورە لە وڵاتی خۆیدا خەباتی کردووە و قوربانی داوە، ئەمە فێری کردووین لە جیاوازیماندا نابێت توڕە بین و نابێت ماندووبین، نابێت پرۆژەی جیاواز بە نامۆ بزانین، بەڵام ئەگەر جیاوازی تا ئاستی لەتکردنی وڵات بڕوات، تاسنوری چەواشەکردنی کۆمەڵگە بڕوات، ئازادی تێکەڵاوی ئاژاوەو گێرەشێوێنی بکرێت.، ئا لێرەدایە دەبێت بوەستین و هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

> **بۆچی سلێمانی لەماوەی ٤ ساڵی رابردوو وەک پێویست پێشنەکەوت؟**

*** لایەنێکی جوانی دیکەی ئەم پرۆسەیە، ئاکامی هەڵبژاردنەکانە، ئەوجا چ ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان لیستی کوردستانی وەك لیستی براوە لە هەڵبژادنی پەرلەمانیدا، جوانییەکەی ئەوەیە ئاکامەکان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیش ناچێت، زیاتر لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی دەوڵەتانی ناوەراستی ئەوروپا و هاوشێوەی دیموکراتییەکانی رۆژئاوا دەچێت، بۆ نموونە بۆیەکەمجارە لە مێژووی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و دەوروبەریشدا، سەرۆك بەرێژەی ٪٧٠ دەنگدان دەربچێت، ئەوەی بینیومانە رێژەی ٪٩٩،٩٩بووە، یان لیستی حزبی دەسەڵاتدار بەرێژەی کەمتر**

**له ٪٦٠ بـــووه، ئه‌مه‌ش مانـــای ئه‌وه‌یه كه ئاكامی ده‌نگدانـــه‌كان ره‌نگدانه‌وه‌ی كامڵبوونی كه‌ڵچـــه‌ری دیموكراتییه له كوردستان، پرسیاری ئێمه ئه‌وه‌یه بۆچی لای هاوڵاتیـــان و لای هـــه‌ردوو حزبی هاوپه‌یمـــان كه‌ڵچه‌ری دیموكراســـی له‌و ئاســـته به‌رزه‌دایه، به‌ڵام لای ئه‌وانیتر به هه‌مان شێوه نییه؟**

- لـــه پرســـیاری پێشـــووتاندا، من له‌و خاڵه‌دا وه‌ســـتام،كاتێك پرۆژه‌و بۆچوونی جیاواز،ملكـــه‌چ نه‌بێـــت بۆ یاســـا و بۆ دیموكراتی، به‌شێوه‌یه‌كی خراپ له ئازادی تێبگات، تا ئه‌و ئاسته‌ی سه‌روه‌ری وڵات ببه‌زێنێت و مافی خه‌ڵكی دیكه پێشێلبكات و هه‌موو شـــتێك ره‌تبكاته‌وه، لێره‌دا ده‌بێت ئێمه به جیدی موناقه‌شـــه‌ی ئه‌م پرســـه گرنگـــه بكه‌ین، دوای موناقه‌شـــه‌كردن ئه‌گه‌ر قه‌ناعه‌تیان نه‌هـــات، ئه‌وا ده‌بێت حكومـــه‌ت و یاســـا به ئه‌ركـــی خۆیان هه‌ڵبستن، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دیموكراسیه‌ت له به‌ره‌ڵاییه‌وه دروست نابێت، دیموكراسیه‌ت لـــه‌و پـــه‌ڕی پابه‌ندبوون به ســـه‌روه‌ری یاساوه دروســـتده‌بێت، دیموكراسی دوای پیاده‌كردنی سه‌روه‌ری یاسا دروست ده‌بێت، پێش سه‌روه‌ری یاسا ناكه‌وێت، ئازادی له چوارچێوه‌ی سه‌روه‌ری یاسادا له سیستمی دیموكراســـیدا ڕێكده‌خرێت، ئازادی به‌بێ یاساو ده‌سه‌ڵاتی نیشتمانی ده‌بێته ئاژاوه و هیچ مانایه‌كـــی نابێت، كه‌واته ئه‌وه‌ی ئێستا ئێمه باســـی ده‌كه‌ین ئه‌لف و پێی ئازادی و یاسا و دیموكراسیه، كه دووسێ ســـه‌ده به‌ر له ئێستا له سه‌ده‌ی ١٧ و١٨ موناقه‌شـــه ده‌كرا، زۆر به‌داخه‌وه ئێســـتا لیستێك هاتۆته مه‌یدان، ده‌بێت ئه‌و ئه‌لف و بیبانه‌ی پێش ٣ سه‌ده به‌ر له‌ئێستای بۆ دووباره بكه‌ینه‌وه، هه‌تا پێی بڵێین ئه‌وه‌ی تـــۆ ده‌ته‌وێت له ســـه‌ده‌ی ٢١ تێكیبده‌ی له‌ســـه‌ده‌ی ١٧ و١٨ موناقه‌شـــه‌ی كراو كۆتایی هات، ئێســـتا كارێكی عه‌یبه‌یه بگه‌ڕێینه‌وه بۆ ئـــه‌و روانگایانه، بێگومان ئه‌وه‌ی من مه‌به‌ســـتمه له‌م موناقه‌شه‌یه لیســـتی گۆڕانه كه نه‌وشیروان مسته‌فا ســـه‌رۆكایه‌تی ده‌كات، ئه‌م لیسته هێشتا بیروبۆچونیـــان پاشـــماوه‌ی كۆمه‌ڵگه‌ی ئه‌قتاعـــی و شۆرشـــی جوتیـــاری تێنه‌په‌ڕاندووه، هه‌ڵگـــری كلتوری پچڕ پچڕكردنی و پێشێلكردنی سه‌روه‌رییه‌كانی وڵاته، ئه‌و بۆچوونه‌ی كه پێی وایه هه‌ر ئاغایه‌ك له ناوچه‌كـــه‌ی خۆی ده‌توانێك پادشـــای ناوچه‌كه‌ی خـــۆی بێت، ئه‌م ڕوانگه‌یه له ناو لیستی گۆڕان به‌داخه‌وه په‌ره‌ی پێده‌درێت و بانگێشه‌ی بۆ ده‌كرێت، مه‌به‌ستیشـــیان له‌م بانگێشه‌كردنه ئه‌وه‌یه بۆ به‌رژه‌وه‌ندی ئه‌وه‌ی ئێســـتا پێی ده‌ڵێن بزووتنـــه‌وه‌ی گـــۆڕان و ســـه‌رۆكه‌كه‌ی نه‌وشیروان مسته‌فا پارچه‌یه‌ك له كوردستان دابـــڕن و له‌و پارچه‌یه‌دا وه‌ك حزبوڵلا له باشـــوری لوبنان ببنـــه خاوه‌نی هه‌موو شتێك، یاسا ته‌نها بریتی بێت له بڕیار و بۆچوونه‌كانی ئه‌وان. یان وه‌ك ئه‌وه‌ی پێشتر ئه‌نســـار و ئیسلام له‌به‌شێكی هه‌ورامان و هه‌ڵه‌بجه پیاده‌یان ده‌كرد، ئێمه ئه‌م ئه‌زموونه فاشـــیله‌مان تێپه‌ڕاندووه،جارێكی دیكه بـــۆی ناگه‌ڕێینه‌وه،كارێكی ره‌واش نییه سیاسه‌تمه‌دارێكی وه‌ك نه‌وشیروان مسته‌فا لاوانی شاری سلێمانی و ده‌وروبه‌ری به‌م ڕوانگه‌یه چه‌واشه بكات، بۆیه به بڕوای من ره‌تكردنه‌وه‌ی ئاكامه‌كانی هه‌ڵبژاردن بۆ ئه‌م بۆچوونه سه‌قه‌ته ده‌گه‌ڕێته‌وه، ئه‌گه‌ر نا ده‌سه‌ڵاتی كۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردن له ده‌ســـتووری عێراقدا دیاریكراوه، ئه‌م كۆمسیۆنه سه‌رپه‌رشـــتی هه‌ڵبژاردنه‌كان ده‌كات، كاتێك ئه‌م كۆمســـیۆنه بریارده‌دا شتێكی یاساییه ده‌بێت هه‌موومان پێوه‌ی پابه‌ندبین، بۆ نموونه لیستی كوردستانی ده‌یویســـت په‌ســـه‌ندكردنی ده‌ســـتووری كوردستان له‌گه‌ڵ هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مان و سه‌رۆكایه‌تی هه‌رێمدا تێپه‌ڕێنیت و بخرێته ده‌نگدانـــه‌وه، به‌ڵام كۆمســـیۆنی باڵای هه‌ڵبژادنـــه‌كان، هه‌ر هه‌مان كۆمســـیۆن گوتیـــان ناكرێـــت، ناتوانیـــن هـــۆكاره ته‌كنییه‌كانی خۆیان گووت.

لێره‌وه با ســـه‌رنج بده‌ین ئێمه وه‌ك لیستی كوردســـتانی و شه‌خسی سه‌رۆك بارزانی له هه‌ڵمه‌ته‌كانی هه‌ڵبژاردندا بانگێشه‌مان بۆ سه‌روه‌ریی یاســـا ده‌كرد، به‌ڵام كاتێك كۆمســـیۆن ئێواره رایگه‌یانـــد ده‌نگدان له‌سه‌ر ده‌ســـتوور دوا ده‌خرێت، بۆ رۆژی دوایی ســـه‌رۆك بارزانی له گوتاره‌كانی خۆیدا باســـی ده‌ســـتووری نه‌كردوو به بڕیاره‌كه‌ی كۆمسیۆنی باڵاوه پابه‌ند بوو، كه‌باســـی نه‌كرد نه‌ك له‌به‌ر ئه‌وه‌ی وازی له ده‌ســـتوور هێناوه، نه‌خێر له‌به‌ر ئه‌وه بوو ڕێز له ده‌ستووری عێراق ده‌گرێت، ڕێزی بڕیاره‌كانی كۆمسیۆنی باڵا ده‌گرێت كه له ده‌ستووردا ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌ی پێدراوه، ئه‌مه ڕێزگرتنه له یاســـا و له‌سه‌روه‌ری یاساو له ده‌ستوور.كۆمسیۆنی باڵا دادوه‌رێكی بێ لایه‌نه له‌نێوان ســـه‌رجه‌م ئه‌و پێكهاته سیاسیانه‌ی له هه‌ڵبژاردنه‌كانی عێراق و كوردســـتاندا به‌شداری ده‌كه‌ن، له‌به‌ر ئه‌وه شتێك نییه به ناوی ئه‌وه‌ی لایه‌نێك بڵێت من قبوڵی ناكه‌م، به‌ڵام ده‌توانن تێبینیان هه‌بێت ده‌توانن شكات بكه‌ن، ده‌توانن ئه‌و یاســـایه بخوێننه‌وه كه كۆمسیۆنی باڵای هه‌ڵبژاردنه‌كانی له‌سه‌ر دامه‌زراوه، ده‌توانن ئه‌و ڕێنمایانه‌ش بخوێننه‌وه كه كۆمسیۆنی باڵا ڕێكی خســـتووه و په‌رله‌مانی عێراق په‌ســـه‌ندیكردووه، به‌پێی ئـــه‌و ڕێنمایانه ده‌توانـــن گازنده‌كانی خۆیـــان بگه‌یه‌نن و،هه‌وڵـــی خۆشـــیان به جیـــدی بده‌ن، به‌ڵام بۆیـــان نییه لایه‌نگرانـــی خۆیان له‌دژی كۆمســـیۆن هانبـــده‌ن یان ئه‌وه‌ی ئێســـتا ده‌یكه‌ن، خۆ ئه‌گه‌ر وابووایه وه‌ك ئه‌وان بانگێشـــه‌ی بۆ ده‌كـــه‌ن، ئه‌وا یه‌ك هه‌ڵبژاردنیش له جیهاندا سه‌رینه‌ده‌گرت، له‌به‌ر ئه‌و لایه‌نه‌ی كه ده‌یدۆڕێنیت ده‌ڵێت قبوڵی ناكه‌م و ده‌بێت هه‌ڵبوه‌شـــێته‌وه، خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌مه بكرایه ئه‌وا ئه‌م پرۆســـه‌ی هه‌ڵبژێـــره‌و هه‌ڵبوه‌شـــێنه‌وه هه‌تا رۆژی قیامـــه‌ت كۆتایـــی نه‌ده‌هـــات و، یه‌ك كۆمه‌ڵگـــه‌ش نه‌یده‌توانـــی هه‌ڵبـــژاردن ئه‌نجامبدات، به‌ڵام جاری وا هه‌یه لیستێك له‌ســـه‌ر چه‌ند ده‌نگێك له‌ســـه‌ر ئاستی وڵات هه‌ڵبژاردنـــه ده‌دۆڕێنێت،جـــاری وا هه‌یه ئه‌گه‌ر سیســـتمه‌كه په‌رله‌مانی بێت، لیســـته به‌یه‌ك ده‌نگ له په‌رله‌مان ده‌یدۆڕێنێـــت و رازیش ده‌بێت و پاش ئه‌وه به‌رده‌وامیش ده‌بێت، بۆیه ئه‌وه‌ی ئێستا به پله‌ی یه‌كه‌م لیستی گۆڕان و نه‌وشیروان مسته‌فا ده‌یكه‌ن و، هه‌روه‌ها به‌پله‌ی دووه‌م لیســـتی چاكسازی و خزمه‌تگوزاری كه ئیسلامییه‌كانن ده‌یكه‌ن، بریتییه له یاخی بوون له یاســـا، بریتییه لـــه توره‌هه‌ڵدانی دیموكراســـی و گاڵته‌كردن به چاره‌نوسی وڵات، گاڵته‌كـــردن بـــه‌ڕای زۆرینه‌ی ئه‌م وڵاته، له‌ســـه‌روو هه‌مـــوو ئه‌مانه‌ش گاڵته‌كردن به‌و جه‌ماوه‌رییه كه متمانه‌ی

**هه‌مووی پارێزگاری سلێمانی و ئه‌نجوومه‌نی پارێزگای سلێمانی و قایمقام وئه‌نجوومه‌نی شاره‌وانییه‌كانی قه‌زاو ناحیه‌كان، به‌رپرسن له‌م كه‌موكورتیانه**

**پارێزگاری سلێمانی ئه‌وه‌نده پشوو كورته، جارێک تۆمه‌تباری ده‌كه‌یت، دێت هه‌موو كه‌ناڵه ئاسمانییه‌كان كۆده‌كاته‌وه و شكایه‌ت ده‌كات**

بەوان کردووە و دەنگی پێداون و هەموو ڕۆژێك ئەم جەماوەرە بە دارو بەردا دەدەن، ئەو ڕەتکردنەوەیەی ئەوان بەمشێوەیە دەیکەن، لەرووی یاسایەوە هیچ بەهایەکی نییەو هیچیشیان پێناکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە لیستی کوردستانیش پێی وایە غەدری لێکراوە، لیستی کوردستانی قەت چاوەڕێی ٪٥٧ و شتێکی نەکردووە، چاوەڕێی نزیکەی ٪٧٠مان دەکرد.

*** لێرەوە پرسیاری من ئەوەیە بۆچی لیستی کوردستانی توانیویەتی ئەم کەلچەری پابەندبوون بە ئاکامی دەنگدانەوە بچەسپێنێت، بەڵام لایەنەکانی ترنەیانتوانیوە پابەند بن بەو کەلتورە؟**

- لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بڕوایان بە دیموکراسی و بڕوایان بە تەبایی و یەکڕیزی گەلی کوردستان هەیە، بڕوایان بەوەهەیە لەم قۆناخەدا دەبێت ئەوان و خەڵکی دیکە دەبێت هاریکاربن بۆ چەسپاندن و بەرەو پێشەوە بردنی دیموکراسی بۆ پتەوکردنی سیستەم و نیزام لە کوردستان، بۆ بەهێزکردنی کوردستان لەبەردەم ئەو هەڕەشانەی لەسەریەتی، ئەگەر هەڕەشەشمان لەسەر نەبوایە هەردەبوو وامانبکردایە، بۆیە ئێستا کە هەڕەشەمان لەسەرە دەبێت زیاتر یەکتربگرین، تائێستا٪٤٠ی خاك و دانیشتوانی کوردستان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەو داگیرکراوە لەلایەن حکومەتی عێراق و نەگەڕێنراونەتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کەچی لیستی گۆڕان بۆ بەرەنگاربوونەوەی لیستی براوەی کوردستانی لە پەیامەکانیدا دەڵین پەنادەبەینە بەرحکومەتی عێراق و مالیکی، باشە ئەگەر حکومەتی عێراق توانای هەبووایە هێرش بکاتە سەرکوردستان، لەسەر خانەقین و کەرکوك و ناوچەکانی دیکە هێرشی دەکرد، حکومەتی عێراق حەدی چییە هێرش دەکاتە سەرکوردستان، ئەگەر هێرش بکات هەتا ناو بەغدا ڕاودەنرێت، لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە یان گاردی کوردستان زۆر لە سوپای عێراق بەهێزترە، دوای ئەوە دەستوورێك لە عێراقدا هەیە بەبێ ئەو دەستوورە، نەسەرۆك وەزیرانی عێراق نەسەرکۆمار نەپەرلەمانی عێراقی، نەسوپا ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بەبێ ڕەزامەندی سەرۆکی کوردستان بۆی نییە یەك پۆلیس ڕەوانەی کوردستان بکات.

**ئەرکی ٤ ساڵی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سلێمانی بە جۆرێکی ئەوتۆ ببوژێنێتەوە کە خەڵکی سلێمانی بگەرێتەوە باری ئاسایی خۆیان، تا ئەو کات بریاری راست بدەن**

*** تۆ باسی دەستووری عێراقت کرد، دەستووری عێراق ئەو مافەی بە هەرێمی کوردستانداوە کە وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا ئەو مافەی هەیە کە خۆی یاسا دەربکات خۆی هەڵبژاردن بەرێوە بەرێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەو لایەنانە سەروەری هەرێمەکەی خۆیان دەبەزێنن و پەنا بۆ حکومەتی عێراق دەبەن؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیە تێبگەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێکهاتەی بزووتنەوەی گۆڕان و بۆ تیوریستەکەی و سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەوشیروان مستەفایە، بۆ تێگەیشتن لە چەمك و بیربۆچوونەکانی سەرکردەی گۆڕان، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سایکۆلۆژیەت و تایبەتمەندی ئەم سەرکردەیە، لەبەر ئەوەی ئەم تایبەتمەندیانە زەمینە لە خودی ئەو کەسەدا خۆش دەکات بۆ کاری باش و کاری خراپ، هەر بۆنموونە سەرکردە گەورەکانی کە سەرکردایەتی میللەتێکیان کردووە، بە چەند سیماو تایبەتمەندییەك دەناسرێنەوە، وەك(هێمنن، خاوەن بڕیارن،بە فراوانی بیردەکەنەوە، لە خۆبردوون، لێبوردەن، ڕوانگەیان هاوچەرخە،) ئەو سەرکردانەی ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابێت دەتوانن سەرکردایەتی وڵاتێك بکەن، بەڵام ئەو کەسایەتیانەی بۆ نموونە (زووهەڵدەچن، بیرکردنەوەیان تەسك و ناوچەییە، ئەوانەی بە گوشارێکی کەم دنیایان لێ تاریك دەبێت، بە بەرژەوەندییەکی بچووك لە خۆبایی دەبن،) ئەوانەی ئەمجۆرە تایبەتمەندیانەیان تێدایە دەبینین زەمینە بۆ بیرکردنەوەی توندڕۆیی و توندوتیژی دەرەخسێنن، بەداخەوە نەوشیروان مستەفا لە جۆری دووەمی ئەو کەسایەتیانەیە کە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی تێدایە کە زەمینەی بیرکردنەوەی تەسك و توندڕۆیی و توندوتیژی بەرهەمدەهێنێت، هەربۆیە ئەم ڕەنگدانەوە بە ئاسانی هەستی پێدەکەین و لە سیمایدا دەدۆزرێتەوە، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین پیاوێکی کەئیبە، گۆشەگیرە، ڕارایە، توندە لە ڕەفتارکردندا، زمانی زبر بەکاردەهێنێت لە موناقەشەدا، لەهەمانکاتدا ئاستی گەرەك گەرایەتی ئیستغلالی ناوچەگەرێتی دەکات. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری مێژووی ئەم پیاوە بکەین، دەبینین هەرگیز نەیتوانیوە تاسەر یان تاسەرکەوتن بەردەوام بێت، هەمیشە لە نیوەی ڕێگەدا کۆڵی داوە و بەجێیهێشتووە، ڕێزی لە خەباتی هاوڕێکانی خۆی نەگرتووە، بۆ نموونە هەر لەو دیمانەی ئێوە وەك هەفتەنامەی گوڵان چەند مانگێك لەمەوپێش لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەنجامتان دابوو، ڕاشکاوانە دەڵێت، ئەو هەموو ساڵە سکرتێری کۆمەڵە بوومە و بڕواشم پێی نەبووە، ئەمەی بە ئێوە گووتوە وەك هەفتەنامەی گوڵان، من دوای ئەم دیمانەیەی گوڵان لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەرکردایەتی کۆمەڵە دانیشتووم بەسەر سوڕمانەوە دەیانگووت ئەم هەموو ساڵە سکرتێری ئێمە بووەو بڕواشی پێی نەبووە، ڕاستە ئەم کەسایەتییە لە نیو بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانی جێگەی بووە هەتا گەیشتە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبێکی گەورە، بەڵام بوونی ئەمجۆرە کەسایەتیانە لە ناو بزووتنەوە شۆرشگێرییەکاندا شتێکی نامۆ نییە، هەربۆیە لە زۆر وڵات هەتا ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردووش، دوای قۆناخی ڕزگاریش هەر ئەم کەسایەتیانەن بوونە مایەی سەریەشە،کودەتایان بەسەر هاوڕێ و هاوخەباتەکانی خۆیان دەکرد و هاورێ و هاوخەبەتەکانی خۆیان دەکوشت و دوریاندەخستەوە، هەربۆیە دەبینن ئەو زنجیرە کودەتا یەك لەدوایەکانەی لێدەکەوتەوە کە هەندێکیان هەتا ئێستاش کۆتایی نەهاتووە، بەداخەوە نەوشیروان مستەفا یەکێکە لەو کەسایەتیانەی کە ئێستا لە ناوچەی سلێمانی بە ناوی بڵاوکردنەوەی چەمکی گۆڕانەوە ئەم بیروبۆچوونە توندڕەوییە بڵاودەکاتەوەو ئامانجیشی لەم کارەی بریتیە لە:

١- تێکدانی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان.

٢- دروستکردنی ئاژاوە.
٣- دژایەتیکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان.

*** مادام باسی دەستووری هەرێمی کوردستانت کرد، جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین، بۆچی لیستی گۆڕان بە تەنها دژی دەستووری کوردستان راوەستا؟ لە کاتێکدا لەم دژایەتی کردنەی وەك بینمان بە تەنیا بوو، تەنانەت لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری یان راشکاوانەتر بڵێین ئیسلامییەکانیش دژی دەستوور نەبوون، ئایا هۆکاری دژبوونی بۆ دەستووری کوردستان چی بوو؟**

- بە بڕوای من لیستی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا بۆیە دژی دەستووری کوردستان بەو ئاستە راوەستان، لەبەر ئەوەی لە ناو دەستووری کوردستاندا ماددەیەك ئەوان دژی ئەو ماددەیەن و دەیانەوێت ئەو ماددەیە لەبەر یەکهەڵبوەشێنەوە، ئەو ماددەیەش ئەمەیە(هەرێمی کوردستان هەرێمێکی یەکپارچەیە بە چوار پارێزگا و بەسنوری تایبەتی خۆی...ئەم هەرێمە ناکرێت هەرێمی دیکەی تێدا دروست بێت، ) ئەمەش واتە لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا، کوردستان یەك پارچەیە و دەبێت بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، ئەوان دژی ئەم ماددەیەن و نایانەوێت هەرێمی کوردستان بەیەك پارچەیی بمێنێتەوە.



*** بەڵام ئەوان باس لە فراوانی دەسەڵاتی پارێزگاکان دەکەن، بەڵام ئەوان ئەوە دەشارنەوە کەمەبەستیان ئەوەبێت کە سلێمانی ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەوان وای پیشاندەدەن هۆکاری خزمەتنەکردنی سلێمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پارێزگاری سلێمانی دەسەڵاتی نەبووە، ئایا ئێوە لەمبارەوە پشتگیری ئەم بۆچوونە ناکەن؟**

ـ راستە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندێتی پارێزگاکان گرنگە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بکرێتە هۆکارێك بۆ ئامانجێکی شاراوە، لە دەستووری کوردستانیشدا ئەم تایبەتمەندییە بەپێی ئاستی ناوچەیی و کولتوری و ئابووری و بازرگانی لەبەرچاو گیراوە، بۆ ئەوەی ناوچەکە بەرەو پێشەوە بچێت، ئەمە ئەنجوومەنی پارێزگای ئەو پارێزگایە کە دەبێتە سەرۆکی پەرلەمانی

**لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری، من ناوە ئەسڵیەکان دەڵێم ئەوان لیستێکی ئیسلامین، بۆئەم لیستە نامەوێت وشەی کۆنەپەرست بەکار بهێنم بەڵام پێشکەوتنخوازیش نیین، لیستێکی ئایدۆلۆژین، ئایدۆلۆژیەتی پاشکەوتووانە**

محەلی ئەم پارێزگایە و پارێزگار دەبێتە سەرۆکی حکومەتی محەلی ئەو پارێزگایە، دەتوانێت تموحاتی پارێزگاکە دابینبکات، دەبێت پشتیشی بگیرێت،بۆ نموونە پارێزگاری سلێمانی ئەگەر پارێزگارێکی باش بێت و ئەو بودجەیەی لەبەر دەستیەتی بە جوانی سەرفی بکات و ململانێ بکات لە گەڵ پارێزگاکانی دیکەی هەولێر و دهۆك و ئینشاڵڵا لە داهاتوودا کەرکوکیش، هیوادارم وەك ئەوەی سەرۆك بارزانی بەڵێنیدا لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە لە ئایندەیەکی نزیکدا دروستبێت، بۆ ئەوەی سلێمانی زیاتر پێشبکەوێت، ئاوەدانتر بێت، ناوەندێکی بازرگانی بەهێزتر بێت، ناوەندێکی رۆشنبیری بەهێزتر بێت، سلێمانی بە رۆشنبیری و زیندویەتی خەڵکەکەیەوە بەناوبانگ بوو، نابێت ئەم لایەنە گرنگەی لەدەست بچێت، بە ئامادەباشیبوونی بۆ کرانەوە و پێشکەوتن بەناوبانگە، دەبێت ئەم لایەنەی زیاتر بکرێت، بێگومان دەبێت ئەم تایبەتمەندیانەو چەندین تایبەتمەندی دیکەی پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی دیکەی کوردستان لەبەر چاو بگێریت، بەداخەوە ئامانجی لیستی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا ئەم لایەنە نییە، ئەوان دەیانەوێت دەستووری هەرێمی کوردستان ماددەیەکی تێدابێت، یان رێگەیەکی تێدابێت، سبەینێ سلێمانی لە هەرێمی کوردستان دابڕێت و دەستی بەسەردا بگرێت،ئەوجا ئەوکات دوور نییە بیکاتەوە بە پارێزگایەك لە عێراق، بەڵام با پرسیارێکی دیکە بکەین بۆچی سلێمانی لەماوەی ٤ ساڵی رابردوو وەك پێویست پێشنەکەوت؟هەموو لایەك دەزانێت ماوەی ٤ ساڵە سلێمانی لەژێردەستی نەوشیروان مستەفادایە، لەبەر ئەوەی پارێزگار و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەو کاتەی نەوشیروان مستەفا لەناو یەکێتیدا بووە هەموویان بە گووشاری نەوشیروان مستەفا دانراون، زۆربەی قایمقام و سەرۆکی شارەوانییەکانی شار و قەزاوناحییەکان و بەڕێوەبەری ناحیەکانی سەربە پارێزگای سلێمانی بە فشار و لەسەر راسپاردەی نەوشیروان مستەفا دانراون، زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناو هاوپەیمانی کوردستان بە فشاری نەوشیروان مستەفا دانراون، با واز لە پەرلەمان بێنین ئەوەیان باسێکی دیکەیە، بەڵام فەرموون زۆربەی ستافی سلێمانی لەدەستی ئەودابوو، بودجەی سلێمانی بەتەنها ٪٤٦ی هەموو بودجەی کوردستان بوو لەبەر ئەوەی پارێزگایەکی گەورەیەو زۆرترین خەڵکی تێدایە، پرسیار ئەوەیە ئایا ٪٤٦ی بودجە بۆ ئەوێ بچێت چی لێهات؟،بۆ سەرفنەکرا؟ سلێمانی بۆ پێشنەکەوت؟ بۆچی گەرمیان بە مەحرومی مایەوە؟ لە کاتێکدا بودجەی گەرمیان چووە بۆ پارێزگای سلێمانی. بۆچی هەڵەبجە وەکو خۆی مایەوە؟ بۆچی دەربەندیخان ئەم شارە جوانە هیچی بۆ نەکرا؟ بۆچی کفری و کەلار لە بیابان مانەوە؟ بۆچی سلێمانی کارەبای نییە؟ بۆچی ئاوی نییە؟ بۆ شەقام و رێگەی نییە؟ بۆچی سەرمایە لە سلێمانی نەبوژایەوە؟ بۆچی سلێمانی پاشەکشەی کرد؟ ئەمانە هەمووی پارێزگاری سلێمانی و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و قایمقام وئەنجوومەنی شارەوانییەکانی قەزاو ناحیەکان، کە بەراسپاردەی نەوشیروان مستەفا دانراون بەرپرسن لەم کەموکورتیانە، ئەوەیان کە نەکردووە جارێ دەبێت یەکەمجار پرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، کە بۆ نەیان کرد؟ ئەو پارەیە بۆکوێ چوو؟ ئەو پارانە لە رووی یاساییەوە بە ئیمزای پارێزگاری سلێمانی نەبێت ناچێت بۆ ئەو ناوچانە، ئەگەر ئەو پارەیە لێی کەم و زیاد کراوە بۆچی پارێزگاری سلێمانی قسەی نەدەکرد؟ لەبەر ئەوەی پارێزگاری سلێمانی دەمێکە وازی لەیەکێتی هێناوەو سەر بەلیستی گۆڕانە، ئەگەر لە سلێمانی ئاستەنگ هەبووە و پارێزگار نەیتوانیوە کاری خۆی بکات بۆچی پارێزگا قسەی نەدەکرد،پارێزگاری سلێمانی ئەوەندە پشوو کورتە، جارێك تۆمەتباری دەکەیت، دێت هەموو کەناڵە ئاسمانییەکان کۆدەکاتەوە و شکایەت دەکات، پرسیار ئەوەیە چۆن پارێزگاری سلێمانی لەسەر ئەم هەموو پارەیە بێدەنگ بووە، بۆیە پرۆژەی نەوشیروان مستەفا ٤ ساڵە لە سلێمانی جێبەجێ دەکرێت، بۆیە دەبێت ئێمە ئەمە باس بکەین، هەروەها ئەو بێبەشی و مەحرومیەی کەوا گەرمیان هەیەتی،ئەو پشتگوێ خستنەی کەوا هەڵەبجە هەیەتی،کە مایەی شەرمەزارییە بۆ هەموو کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەم شارە زوڵمی لێکراوە کە لە جیهاندا بە زوڵمێکراو ناسراوە، دەبوایە جوانترین شاری ئەم وڵاتە بووایە، بۆیە دەبێت بوێرانە ئەو راستییە بخەینە بەرچاو کە نەوشیروان مستەفا و پارێزگارەکەی بەرپرسن لەوە پارەی سلێمانی خوراوە. ئێستا نەوشیروان مستەفا دەیەوێت یاری بە نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان بکات کە خۆی دروستکەری نەهامەتییەکانە، بۆیە دەبێت بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، زیاد لەمەش دەیەوێت سوود لە خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتمانی وەربگرێت، هەروەك چۆن سەرۆك مام جەلال لە یەکدوو رۆژی رابردوو بە واشنتۆن پۆستی راگەیاندبوو (ئەلحەمدولیلا ئەو پەتایەمان لە کۆڵ بۆوە) لە راستیدا ئەم پەتایە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشی زۆر ئازاردا،سەرۆك مام جەلالیشی زۆر ئازاردا، ئەمەیان من ناچمە ناوی لەبەر ئەوەی برایانی یەکێتی نیشتمانی دەبێت خۆیان ئەو راستیانە بۆ خەڵك بخەنەرووئەوەی دەمەوێت ئاماژە پێبکەم ئەوەیە، نەوشیروان مستەفا دەیوویست نفوز و مێژووی یەکێتی دژی یەکێتی بەکار بهێنێت، بەڵام ئێستا دەیەوێت دژی هەموو کوردستان بەکاری بهێنێت. بەم پێیە ئەمە ڕوانگەی نەوشیروان مستەفایە کەدەیەوێت سلێمانی دابڕێت و دواتر وێرانی بکات، هەروەك چۆن ٤ ساڵە لە ناو هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ناو یەکێتی دایبڕی و نەیهێشت هیچ بکات، بۆیە دەبێت لەمڕۆوە میدیاکان لەو پرسە بپرسنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکەن بۆچی لە ٤ ساڵی رابردوو لە ناوچەکانی سلێمانی هیچ نەکراوە، پێموایە دەبێت گۆڤارەکەی ئیوە لێیان بپرسێت بۆ نەتانکرد؟ وەڵامتان چییە؟ئایا سلێمانییەك کە ماوەی ٤ ساڵە وێرانی دەکەن و ئێستا دەتانەوێت دایببڕن، ئایا چ نەهێنییەك لە دابەشکردنی کوردستاندا

**ئەوان کە دروستبوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا دروست بوون نەک پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵگە، هەربۆیەشە دەبینین کۆمەڵی ئیسلامی ئەمیری هەیە، وەک چۆن ئەنساروئیسلام ئەمیری هەیە، وەکو چۆن قاعیدە ئەمیری هەیە، لە ڕوانگەی ئەمانەوە سەرەنجام ئەمیرەکان بۆیان هەیە یەکبگرنەوە و وڵاتانی ئیسلامی تێکەڵبکەنەوە**

هەیە؟ باشە خەڵکی کوردستان بە چوار پارچەکە رازی نیین و هەوڵ و خەبات بۆ ئەوەیە ئەو پارچەپارچەیە نەمێنیت، ئێستا کە ئەوان دەیانەوێت لەسەر گردێکەوە پارێزگایەك لە کوردستان داببڕن هەرگیز ئەمەیان لێقبوڵ ناکرێت.

*** لیستی گۆڕان کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکات و لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری کە چوار حزب لە خۆ دەگرێت، بەبێ ئەوەی حساب بۆ دامەزراوە دەستوورییەکانی کوردستان و دادگای تەمیز و کۆمسیۆنی سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان بکەن، بانگێشەی ئەوە دەکەن، ئێمە ئەنجامە فەرمیە سەرەتاییەکان رەتدەکەینەوە، ئەم بانگێشەیە بۆ سیستمی دیموکراتی جێگەی سەرسامییە، هەربۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠ی ئەمەریکا لەیەکێك لە ویلایەتەکان گومانی ئەوە هەبوو، دەنگەکانی ویلایەتی فلۆریدا تەزویری تیاکراوە، ئەوەبوو حزبی دیموکراتی داوای دووبارە هەڵبژاردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەو ویلایەتەی کرد، بەڵام نەك مەحکەمەی فیدرالی بەڵکو حاکمی ویلایەتی فلۆریدا بریاریدا، ئەمە پێچەوانەی دەستوورە و پاش ئەم لێدوانە ئالگۆر پیرۆزبایی لە جورج دەبلیو بوش کرد، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەم کولتورە نامۆ بە دیموکراتییەی لیستی گۆڕان و چاکسازی لە کوردستان پیادەی دەکەن، لە کوێوە فێربوون؟**

- ئەمان هیچ بیر لە ئەزموونی دیموکراتی وڵاتانی جیهان ناکەنەوە، ئەگەر بیریان بکردایەوە ئاوا بە ناماقووڵی بیریان نەدەکردەوە،هەروەها بڕوایان بە یاسا و بڕوایان بە دەستوریش نییە،بڕوایان بە دیموکراسیش نییە،تەنها بڕوایان بە ئاژاوە هەیە، من لێرەدا دەپرسم ئەگەر یەکێك بڕوای بە ئازادی هەبێت، ئایا لەناو شاری سلێمانی ئەو ئاژاوەیەی شەوانیان لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دروست دەکرد؟ ئایا هیچ لایەنێك هەیە لە جیهانی دیموکراتیدا بەوشێوەیە بانگێشەی هەڵبژاردن دەکات؟ بێگومان نەخێر.

*** ببورە قسەکەتم پێبریت، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٠ی ئەمەریکادا، هەرهێندە حاکمی فلۆریدا رایگەیاند، هەڵبژاردن ناکرێتەوە، ئالگۆر بە تەلەفون پیرۆزبایی لە جۆرج دەبلیو بۆش کرد.**

- بەڵێ، من شارەزای سیستمی هەڵبژاردنی ئەمەریکا نیم، بەڵام ئەو کات گوێم لە لێدوانیك بوو، ئاماژەی بەوە دەکرد، تەنانەت دەنگەکانی ئالگۆر لە دەنگەکانی بوش زیاتر بووە، بەڵام ئەوان سیستەمێکیان هەیە بەپێی ئەو سیستەمە بوش بردیەوە، وەك بینمان ئالگۆر پیرۆزبایی لێکرد، ئەم نموونەیە نموونەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنییە،کە سەرکردەکانیان لە پێناوی بازرگانیکردن و تاوان نایەنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە، بۆیە دەبێت سەرکردە دیموکراتییەکانی ئەمەریکاو جیهانی دیموکراتی، دەبێت نمونەی ئینسانی ئەم وڵاتەی ئێمە بن، دەبێت هەموویان کارنامەی ژیانی خۆیان ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەگەر کەسێکی وەك نەوشیروان کارنامەی ژیانی خۆی ئاشکرا بکات، ئەوەندەی خەڵك کوشتووە ناتوانێت لە وڵاتەکەدا دابنیشت، بۆیە بێگومان ئەمجۆرە کەسایەتیانە سوود لە ئەزموونەکانی جیهان وەرناگرن.

*** بابێینە سەر خۆڵکردنە چاوی خەڵك، وەك ئەوەی ئێستا هەردوو لیستی گۆڕان و ئیسلامییەکان دەیکەن، لێرەدا ناچارم ئاماژە بە نموونەکانی جیهان بکەم، بەڕێزتان دەزانن لە سەرجەم وڵاتانی جیهان بە تایبەتی وڵاتانی دوای شەر یان ئەو وڵاتانەی دەست بە بونیادنانەوە دەکەن، زۆرشت دەکرێت بە قوربانی پرۆسەکە، لێرە بە دەیان نموونەی زیندوو هەن، لە رۆژهەڵاتی ئاسیا تەواوی ئەو وڵاتانەی کە پێیان دەگوترێت پڵنگەکانی ئاسیا، لە باشوری رۆژئاوای ئاسیا، دەوڵەتانی کەنداو بە تایبەتی ئیمارات و بەحرێن و قەتەر، لە باکوری ئەفریقیا تونس و مەغریب و لە ناوەراست و باشوری ئەفریقیا بتسوانا و کۆماری باشوری ئەفریقیا، لە ئەوڕپا ئیسپانیا، پورتوگال، یۆنان، پێش رووخانی دیواری بەرلین، دەوڵەتانی ناوەراستی ئەوڕپادوای رووخانی دیواری بەرلین، لە ئەمەریکای لاتین کۆستاریکاو چیلی و تارادەیەك بەرازیل و ئەرجەنتین، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری و لیستی گۆران، خۆڵدەکەنە چاوی خەڵکی و خەریکە ئەم قۆناخە ناسکە دەکەن بە قوربانی خواستی حزبایەتی خۆیان، دەیانەوێت گڕ لە کوردستان بەربدەن، ڤیروسیا با خۆشیانی پیوە بسووتێن؟**

- وەك گوتم لیستی گۆڕان ئامانجی ئەوەیە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن و لە کوردستانی داببڕن، کوردستان دوو لەت بکەن، بۆئەمەش هەوڵدەدەن ئیستغلالی هەست و سۆزی ناوشاری سلیمانی دەکەن،لەو مەحرومیەتەی کەوا هەیانە، بۆیە ئەرکی ٤ ساڵی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سلێمانی بە جۆرێکی ئەوتۆ ببوژێنێتەوە کە خەڵکی سلێمانی بگەرێتەوە باری ئاسایی خۆیان،تا ئەو کات بریاری راست بدەن،ئەمە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەتان کە تایبەتە بە لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری، من ناوە ئەسڵیەکان دەڵێم ئەوان لیستێکی ئیسلامین، بۆئەم لیستە نامەوێت وشەی کۆنەپەرست بەکار بهێنم بەڵام پێشکەوتنخوازیش نیین، لیستێکی ئایدۆلۆژین، ئایدۆلۆژیەتی پاشکەوتووانەی خۆیان پاساودەدەنەوە بە بەهای ئایینی و،بە ئەحکامی ئایینی، لێرەدا من دووبارەی دەکەمەوە، ئایینی ئیسلام کە ئایینی ئێمەیە، جێگەی شانازی ئێمەیە و ئایینی هەموومانە،بەشی زۆری رۆشنبیری ئێمە ئاینەکەمان بناخەیەتی و هیچ پەیوەندی بەو حزبانەوە نییە، بەڵام ئەم حزبانە کە ئایدۆلۆژیای خۆیان دارشتووە ئایدۆلۆژیایەکی پاشکەتوخوازانەی چەقبەستووە،ئەم ئایدۆلۆژیا بەلای ئەو حزبانەوە گرنگە، بۆیە ئەوان بۆ سەپاندنی ئایدۆلۆژیا هاتوون نەك بۆ سەروەریی وڵات،ئەوان کە دروستبوون بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا دروست بوون نەك پاراستنی سەربەخۆیی کۆمەڵگە، هەربۆیەشە دەبینین کۆمەڵی ئیسلامی ئەمیری هەیە، وەك چۆن ئەنساروئیسلام ئەمیری هەیە،وەکو چۆن قاعیدە ئەمیری هەیە،لە ڕوانگەی ئەمانەوە سەرەنجام ئەمیرەکان بۆیان هەیە یەکبگرنەوە و وڵاتانی ئیسلامی تێکەڵبکەنەوە،ئینجا لە ناوخۆیاندا یەکدەگرنەوە یان یەکناگرنەوە

**هەردوو حزبە ئیسلامییەکە هەڵوێست و سیاسەتێکی هەلپەرستانەیان بەکار هێنا، ئەویش ئەوەیە پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن بۆ ئەوەی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، ئامانجیشان لەمە ئەوەیە، کەمی دەنگەکانی خۆیان بشارنەوە**

**لەمەودوا یەکگرتووی ئیسلامی خاوەنی ٤-٥ کورسییە دەتوانێت چی بکات.کۆمەڵی ئیسلامیش بڵێن ئەوەندەی هەیە، لەهەموو حاڵەتێکدا بە هەردووکیان کۆمەڵ و یەکگرتوو ١٠ کورسیان هەیە خۆ ئەگەر تەزویریان نەکردابایە ئەو ١٠یەش لەوانەبوو ٧-٨ کورسی بووایە**

ئەوە کێشەی ئێمە نییە، بەڵام ڕوانگەکەیان ئەمەیە، کەواتە لە ڕوانگەی ئەماندا پێش هەموو شتێك سەربەخۆیی کوردستان لە ناو دەبات، هەروەك چۆن مەلاعومەری تاڵیبان کە هاتە سەرحکوم لە ئەفغانستان دەوڵەتی ئەفغانستانی ناونا ئیمارەتی ئیسلامی ئەفغانستان، ئەمەش واتە ئەفغانستان ئیمارەتێکە لە ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و دەوڵەت نییە،دوای ئەوە یەکگرتووی ئیسلامی دێت کە هەمان ئایدۆلۆژیای هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تەخفیفکراو و ئیصلاحکراوی هەیە،،ئەمانە هێندەی توانیان کاریان بۆ ئایدۆلۆژیەتی خۆیان کردووە، بەڵام کاتێك بینیان متمانەی خەڵك پێیان زۆر کەمترە لەوەی چاوەڕێیان دەکرد، دەستیان کرد بەو هاوار هاوارە، دەستیان کرد بە بوختان و تۆمەت بەشینەوە،سەرەنجام بوونە هاوکاری ئەو فەوزەوییانەی کە لەسەدا سەد لە ڕووی ئایدۆلۆژیەوە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیەتی ئەو دوو حزبە ئیسلامیەیە، ئالێرەدا هەردوو حزبە ئیسلامییەکە هەڵوێست و سیاسەتێکی هەلپەرستانەیان بەکار هێنا،ئەویش ئەوەیە پەنا بۆ هەموو شتێك دەبەن بۆ ئەوەی گوشار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکەن، ئامانجیشان لەمە ئەوەیە، کەمی دەنگەکانی خۆیان بشارنەوە.لەبەر ئەوەی لەمەودوا یەکگرتووی ئیسلامی خاوەنی ٤-٥ کورسییە دەتوانێت چی بکات. کۆمەڵی ئیسلامیش بڵێن ئەوەندەی هەیە، لەهەموو حاڵەتێکدا بە هەردووکیان کۆمەڵ و یەکگرتوو ١٠ کورسیان هەیە چۆن بەشی دەکەن ئەوە کەیفی خۆیانە،خۆ ئەگەر تەزویریان نەکردابایە ئەو ١٠یەش لەوانەبوو ٧-٨ کورسی بووایە،لەبەر ئەوەی لە ٢٠٠٥ هەردوو حزب (یەکگرتوو وکۆمەڵ) دەنگیان بەیەك لیستدا، ئەوە بوو لیستی کۆمەڵی ئیسلامی ٦ کورسی هێنا، بۆیە لەبەر ئەوەی ئەم شکستەی خۆیان بشارنەوە لەگەڵ نەوشیروان بوونە هاوپەیمان و پێکەوە بەیانی هاوبەش دەردەکەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هەرکاتێك بەرژەوەندییان بخوازێت پێش هەموو شتێك بەهاکانی ئیسلام ژێر پێدەخەن، بەلایانەوە وەك هەر حزبێکی سیاسیی توندڕۆ بەرژەوەندی خۆیان لەسەروو هەموو شتێکەوە دادەنێن. ئەوەی کەمیان هەیە یان نیانە، ئینتمای نیشتمانییە بۆ وڵاتێك کەنابێت بلەقێت یان پارچەپارچە بێت، بەداخەوە ئەمان کە پێیان دەگوترێت جوغزی ئۆپۆزسیۆن لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا.کە نازانن مومارەسەی کاری ئۆپۆزسیۆن بکەن. ئێستاش کە لێیان قبوڵ دەکرێت بەو مانایە نییە بۆیان دەچێتەسەر، بەڵکو ئێمە حکومەتێکمان هەیە یاسا هەیە، بۆیە کە کار گەیشتە ئەوەی ڕێزی یاسا نەگرێت و یاسا پێشێلبکرێت، ئیدی ئەوە ئیشی ئێمەی ڕۆژنامەنووس نییە چۆن ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێت، بەڵکو دەبێتە ئیشی حکومەت و دامودەزگا یاساییەکانی بۆ ئەوەی بە یاسا ئەو پێشێلکارییە رابگرێت، ئارامی ئەو وڵاتە رابگرێت.

*** ئێمە لەو موناقەشەیە دەگەینە ئەوەی بڵێین چی بکەین بۆ ئەوەی ئاستی هۆشیاری میللەتی خۆمان بەو ئاستە بەرزبکەینەوە، کەچیدیکە ئەو حزبە ئایدۆلۆژیانە خۆڵ نەکەنە چاویانەوە؟**

- ئەمە ئاراستەیەکی جوانە و هەردەبێت وابکەین، بە بڕوای من بە دوو شێوەی سەرەکی ئێمە دەتوانین ئەم کارە بکەین:

١- پابەندبوونی زۆربەی دیموکراتیخوازان کە لە هەڵبژاردنەکە متمانەی زۆربەی گەلمان پێدراوە بە یاسا، بە پرانسیپەکانی دیموکراسی، بە هێمنی پاراستن.

٢- بە رۆشنگەری، هەر بۆنموونە ئەو موناقەشەیەی ئێستا ئێمە دەیکەین بیخەینە سەر ئاستی نیشتمان، وا بکەین هەر هاوڵاتییەك گوێی لێبگرێت و بەشداری تێدابکات، با موخالیفمان بێت، گرنگ ئەوەیە بێت قسە بکات و بەشداری بکات، ئەگەر بەڵگەی پێیە با قسەکانی ئێمە پەرچبداتەوە، ئەگەر گومانی لە راستگۆیی ئێمە هەیە، ناراستیەکانمان پیشانبدات، ئەگەر



راستگۆین پشتگیریمان دەکات، ئینجا پشگیریەکەی کەمە یان زۆر گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە سەرەنجام پرۆسەیەکی رۆشنگەری دروستدەبێت، دەبێت کۆمەڵگە هۆشیار بێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی هۆشیار و بە ئاگا قبوڵناکات لاباڵ و ئاراستەی ئاژاوەگێڕی تا ئەو ئاستە بێت، هەرەشە لە سەلامەتی کۆمەڵگا بکات، ئێستا کەموکورتی لە هۆشیاری کۆمەڵگاکەماندا هەیە، هەندێك لە جەماوەری ئێمە بەوە هەڵخەڵەتێنراون کە ئایدۆلۆژیا لەسەروو بەرژەوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگە و وڵاتەوەیە،هەندێکی دیکە بەوە هەڵخەڵەتێنراون کەوا ناوچەگەرێتی و تایبەتمەندی ناوچەیەك بکەن بەچەك و لەدژی ناوچەکانی دیکە بەکاریبهێنن،ئەمەیان ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکو ئەمە پروپاگەندەی سیاسییە کە لایەنێك بۆ بەرژەوەندی خۆی بڵاوی دەکاتەوە، بۆیە کاتێك موناقەشەیەکی فراوان دەکەین و هاوڵاتیان بەشدار دەبن، چۆن ئێستا ئێمە نامەنتیقیبوونی ئەو دیدگایانە دەزانین، ئەوانیش وەك ئێمە دەیزانن و لێی تێدەگەن و ئیدی پێی هەڵناخەڵەتێن.

*** ئێمە ئەمجارە دواپرسیارمان، پرسیار نییە، بەڵکو دەیکەینە بوارێك بۆئەوەی بەرێز سەرۆ قادر وەك رۆژنامەنووسێك و بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامی تایبەتی خۆی تیا بڵێت.**

- پەیامی من ئەوەیە:

یەکەم / دەبێت رەخنە لە خۆمان بگرین کە بەدرێژایی نزیك بە دوودەیەی کە لەکوردستان سەربەخۆین و بەتایبەتیش لەم ١٠ ساڵەی دوایی،کە ئارامی و سەقامگیریدا دەژین،بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە دەسترۆیشتووەکانی کوردستان و ئەو دامودەزگایانەشی دەسەڵاتیان هەیە، هەروەها ئەو سەرمایەی کە لەوڵاتدا هەیە چ ئەوەی لەبەر دەستی خەڵکە و چ ئەوەشی لەبەردەستی حکومەتە، پرۆسەی رۆشنگەریان فەرامۆشکردووە و لەبەرنامەی کاریاندا نەبووە، پرۆسەی رۆشنگەری کە خۆی زانستێکەو ئەزموونی جیهانیشی هەیە، دەبێت هەر وڵاتێك دەستی پێبکات، دیموکراسی بەبێ پرۆسەی رۆشنگەری و روانگەی هاوچەرخ دروست نابێت.

دووەم/ رەخنەیەکی دیکە ئەوەیە ئێمە گەنجەکانمان بەلاوە ناوە، تەنها سەیری تەلەفزیۆنەکانمان بکەن کە هەمووی بەرنامەی سیاسییە، بۆیە گەنجەکانمان (مەبەستم ئەو گەنجانەیە کە مافی دەنگدانیان هەیە و بیر لە ژیان و بەشداری سیاسیی دەکەنەوە) ئێستا لە فەراغدا دەژین، بۆیە دەبێت لە نێوان هەموو ئەو دامودەزگایانەی هەمانە تەونێکی سەرتاسەریمان هەبێت بۆ گرنگیدان بە ژیانی گەنج و بۆ رۆشنگەری گەنجان، چونکە گەنج پێویستی بە پەروەردەکردن و کارکردن و هۆشیاری هەیە، دەبێت هۆشیاری بدەیتێ، بەم رێگەیە دەتوانین لەم حاڵەتی رکود و ژینگەی لەبار بۆ توندرەویی ئەوجا چ بەو شێوەیەی لیستی گۆڕان پیادەی دەکات یان بەشێوەی ئیسلامی سیاسیی دروست بووە، دەربازمان بێت، تەنها رێگە بۆ ئەم دەربازبوونە بە هۆشیاری و هۆشیاری هاوڵاتیان لە کۆمەڵگەدا دێتە ئاراوە،ئەمە بەبڕوای من فراوانترە لە هۆشیاری نەتەوەیش، لەبەر ئەوەی هۆشیاری نەتەوەیی تەنها پەیوەندی بەلایەنێکی تایبەتی ناسیۆنالیستیەوە هەیە بۆ رزگاربوونی نەتەوەیی، بۆیە ئەم لایەنە فراوانترە لەبەر ئەوەی هاوڵاتی مافی بەشداربوونی دەبێت،کە ئەم مافەشی هەبوو مافی خۆیەتی بزانێت،بۆیە گرنگە ئەم میکانیزمە فراوانە لەسەرانسەری وڵات دروست بکرێت،بۆیە من ناتوانم رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەگرم،کە ئەم بوارەیان لەبیرکردووە، لەبەرنامەیاندا نەبووە، هەربۆیە زەمینەیەکی وا هاتۆتە پێشێ کە لە هەندێك گۆشەوە هۆشیاری نیشتمانیمان بۆگەن بووە.

**ئەو سەرمایەی کە لەوڵاتدا هەیە چ ئەوەی لەبەر دەستی خەڵکە و چ ئەوەشی لەبەردەستی حکومەتە، پرۆسەی رۆشنگەریان فەرامۆشکردووە و لەبەرنامەی کاریاندا نەبووە، پرۆسەی رۆشنگەری کە خۆی زانستێکەو ئەزموونی جیهانیشی هەیە، دەبێت هەر وڵاتێك دەستی پێبکات، دیموکراسی بەبێ پرۆسەی رۆشنگەری و روانگەی هاوچەرخ دروست نابێت**



# ئەگەر پابەندبین بە دەستووری عێراقەوە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر دەکرێن



کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، بەو ئاستە نەبوونەتە گرێکوێرە نەکرێنەوە، یان میکانزمێك نەبێت وەك مەرجەعی هاوبەش هەردوولا پشتی پێبەستن بۆ چارەسەرکردنی، ئەوەی تائێستا رێگربووە، لە هەڵپەساردن و مانەوەی ئەم کێشانە بە هەڵواسراوی مەسەلەی بارودۆخی نائارامی عێراق و خەمساردی حکومەتی عێراق و گوشاری ئەو لایەنانە بووە کە بەباشی لە دەستووری عێراق و ئەو دەسەڵاتانە تێناگەن یان نایەنەوێت تێبگەن، کە دەستووری عێراق بە هەرێمی فیدرالی کوردستانی عێراقی داوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لایەنی کوردستانی لە تێکڕای ئەو دانوستاندنەی بۆ ئەم چارەسەرکردنی ئەم کێشانە ئەنجامدراون، ئەوجا چ لە هەولێر بووبێت یان لەسلێمانی یان بەغدا، لایەنی هاوپەیمانی کوردستانی بە یەك هەڵوێستی دوای جێبەجێکردنی ئەو بڕگە و مادده دەستووریانەی کردووە، کە دەستوور وەك ماف و دەسەڵات بۆ هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە، بۆیە ئەگەر لایەنی حکومەتی عێراق سووربێت لەسەر ئەوەی پابەندبێت بە دەستووری عێراق و بڕگەو ماددەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا هیچ کێشەیەك لە نیوان بەغداو هەولێر بە هەڵواسراوی نامێنێتەوە، سەرەنجامیش هەردەبێت بگەڕێنەوە بۆ دەستووری عێراق بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکرێن، سەبارەت بەم پرسە گرنگە چەندین پسپۆڕ و تایبەتمەند رای خۆیان بۆ گوڵان دەربڕیوە، کە ئەمە بۆ چوونەکانیانە.



**پرۆفیسۆر دینیس پاپازاین ئوستادی زانستی مێژووی فەلسەفەی سیاسیە لەزانکۆی میشیگان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی نزیك و کێشەی ئەرمەن و دەوڵەتانی فرە نەتەوە، هەروەها بەرێوەبەری سەنتەری دیراساتی کێشەی ئەرمەنەکانیشە لەئەمریکا، پرۆفیسۆر پاپازاین، لەسەر کێشەی کورد لەتورکیاو عێراق شارەزایەو هەروەها کێشەی کوردیش بەهاوشێوەی کێشەی ئەرمەنەکان سەیردەکات، بۆقسەکردن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای کورد لەعێراقدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

### پرۆفیسۆر دینیس پاپازاین بۆ گوڵان:

# ئەگەر کێشەکانی کورد لەعێراقدا بەئاشتیانە چارەسەر نەکرێت ئەوا مەیلی سەربەخۆبوون باڵادەستدەبێت

*** ئەگەر ئەو کێشە و ناکۆکیانەی ئێستا لەنێوان پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراقدا هەیە چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە ئەوا ئاییندەی عێراق نادیار دەبێت، ئایا میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە چۆنە؟**

- لەڕاستیدا دەبێت سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوبێت کە بەرژەوەندی درێژخایەن و دوورمەودای ئەوان لەپاراستنی یەکێتی وڵاتەکەدا، ڕەنگە دابەشبوون و پارچە پارچەبوونی عێراق چەند لایەنێك خۆشحاڵ بکات بەو بیانوەی کە توانیمانە جیابوونەوە و سەربەخۆیی بەدەستبهێنین، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە مانەوەیان بەیەکگرتووو پتر زەمانەتی باشتربوون و بەرزبونەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیان دەکات، چونکە دەتوانن پێکەوە کاربکەن بۆ سوودوەرگرتن لەسەرچاوەکان، بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئابووری وڵاتەکە، بەچەشنی ئەوەی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بەدی دەکەین کە چەندین نەتەوەیی جیاوازی تێدایە، بەڵام توانیویانە پێکەوە پەرە بەبواری بازرگانی و پیشەسازی بدەین، لەڕاستیدا چەند یەکە ئابووریەکە گەورەتر و بەرفراوانتر بێت ئەوا زیاتر ئەگەرەکانی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی پیشەسازی گەورەتر دەبێت، بۆ نموونە پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل یاخود هەر پیشەسازیەکی گەورەی دیکە، بڕواننە وڵاتانی ئەوروپا کە یەکێتیەکیان پێکهێناوە، ئەمەش زەمینەی خۆشکردووە بۆ باشتربوونی ئاستی گوزەرانی ئەو وڵاتانە، لەبەرئەوەی جووڵەیەکی ئازادی



بازرگانی یاخود دەستی کار لەئارادایە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی عێراق ئەوا من پێموایە خەڵکی عێراق خوازیاری چەسپاندنی دیموکراسین، خوازیاری ئەوەن خزمەتگوزارییە سەرکیەکانیان بۆ دابین بکرێت، خوازیاری ئەوەن ئاسایش و ئارامی سەقامگیربێت کە من پێموایە بە مانەوەی وڵاتەکە بەیەکگرتوی باشتر دەتوانرێت کار بۆ ئەم ئامانجانە بکرێت.

*** بەڵام عێراق فرەنەتەوە و ئایینە، راستە دەستووری عێراق ئەو تایبەتمەندیانەی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە دەستوورەکە جێبەجێ ناکرێت، ئەو نموونانەی بەرێزت ئاماژەت پێکرد، سەرکەوتنیان پابەندە بەجێبەجیکردنی دەستورەکەوە، تەنانەت یەکێتی ئەوروپاش، ئایا ئەگەر دەستوور پشتگوێخرا رێگە چارەی دیکە چییە؟**

- من ئاشنایەتیەکی زۆرم نییە لەگەڵ وردەکاریەکانی دەستووری عێراقدا، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە خەسڵەتی بەفیدراڵیکردنی وڵاتەکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، باس لە مەرکەزیبوونی سیاسەتە دارایی و ئابورییەکانی وڵاتەکە دەکات، بەهەمان شێوە هێزەکانی پۆلیس و سوپا، لەگەڵ پێدانی دۆخێکی ئۆتۆنۆمی بەهەرێمەکان، ئەوەی من دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە خەڵکی عێراق خوازیاری ئەوەن خزمەتگوزاریەکان و ئاسایش و سەقامگیریان بۆ دابین بکرێت، دەکرێت لەسەرەتاوە کار بە فیدراڵیەت بکرێت و دواتر متمانە دروست بێت لە نێوان پێکهاتەکان و پاڵنەری هاوکاری کردنی یەکتر بێتە ئاراوە، ئەو کاتە حکومەتە پتر بەرەو مەرکەزیەت بڕوات، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ڕوویدا، کە سەرەتا ئەم متمانەیە نەبوو، بەڵام دواتر وورده و وورده ئەوەیان بەدی کرد کە بەرژەوەندیان لە هاوکاری کردنی یەك و لێکنزیکبونەوەدایە، دەکرێت هەمان شت لە عێراقدا دووبارە ببێتەوە. ئەمە پرسێکی زۆر بنەڕەتیە، پەیوەستە بە داڕشتن و نوسینی دەستورییێکی گونجاوە، دەستورێك زەمانەتی پاراستنی مافی کەمینەکان بکات، دەستورێك زەمینە جێبەجێکردنی ئیرادەی زۆرینە لە خۆبگرێت.

لەڕاستیدا دەستەبەرکردن و چەسپاندنی مافی کەمینە لە دەستووردا بەربەستێك دەبێت لەبەردەم سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتی زۆرینەدا، من پێموایە ئەم بڕگە دەستوریانەی پەیوەستن بەمافی کەمینەکانەوە. دەبێت پەرلەمان نەتوانێت گۆڕانکاری یان هەموارکردنیان تێدابکات، واتە بۆ گۆڕینی

**لەئەمریکا کڵێسای کاسۆلیکی، کڵێسای ئۆرسۆدۆکسی، کڵیسای ئەرمەنی و مزگەوت پێکەوە بەدی دەکرێن، هەمووشیان یەک میل لێکەوە دوورن و ئاسوودەن**

دەبێت کۆدەنگیی و ئیجماعێکی گشتی لە ئارادابێت. دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە وڵاتێکی وەك بەریتانیا بکەین، بە تایبەتی شارێکی وەك لەندەن کە بەئاشکرا ئەم هاوسەنگیە بەدی دەکەین و توانراوە هاوسەنگی ئەم دوو مەسەلەیە ڕابگیرێت، مەبەستم ئیرادەی زۆرینە و مافی کەمینە، ئەمەش پەیوەستە بە پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگێکی دیاریکراوەوە، کە من پێموایە دەبێت ئەم فەرهەنگە لە تێکڕایی ئەو وڵاتانەدا پەرەی پێبدرێت کە فرەییان تێدا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە حوکمی ڕووداو و هەلومەرجە مێژووییەکان دانیشتوانێکی هەمەڕەنگ و تێکەڵیان هەیە.

*** چەند کێشەیەکی گەورە لەعێراقدا هەن کە تەنها دەتوانرێت بەهۆی نامەرکەزیەت و فیدراڵیەتەوە چارەسەردەکرێن، بە تایبەتی لەناوەڕاست و باشووری عێراقدا. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی فیدراڵیزم هێشتا جێبەجێنەکراوە لەماوەی ٤ ساڵی ڕابردوودا، ئایا پشتگوێخستنی فیدراڵیزم نابێتەهۆی ئەوەی کوردەکان بیر لەچارەسەری دیکە بکاتەوە؟**

- ئەوە شتێکی سروشتییە، خەڵکی دەیانەوێت بەرگری لەخۆیان بکات، ئەگەر لەچوارچێوەیەکی گەورەتردا بژین و مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ نەکرێت، ئەو خواستی جیابونەوەیان تێدا سەرهەڵدەدات و هەوڵی سەربەخۆبوون دەدەن، بەڵام من پێموایە ئەمە چارەسەرێکی درێژخایەن نیە، چارەسەرەکە ئەوەیە هەوڵی چەسپاندن و پیادەکردنی فیدراڵیزم بدرێت، بەشێوەیەکی کە حکومەتی مەرکەزی هەڵبستێت بەبەڕێوبردنی کاروبار و سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتەکە و هەرێمەکانیش جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بکەین، دەبینین لەئەمریکا کڵێسای کاسۆلیکی، کڵێسای ئۆرسۆدۆکسی، کڵێسای ئەرمەنی و مزگەوت پێکەوە بەدی دەکرێن، هەمووشیان یەك میل لێکەوە دوورن و ئاسوودەن، بەهەمان شێوە چەندین نەتەوەی جیاواز و جۆراجۆر، وەك پۆڵەندی، ئەرمەنی و یۆنانی و هتد پێکەوە بە ئاسودەی دەژین.

*** تاوەکو ڕوخانی ڕژێمی پێشوو، کێشەی کوردەکان نەبوونی دیموکراسی و ڕێزنەگرتن بوو لەمافەکانی مرۆڤ، بەڵام دوای ڕوخانەکە باوەڕمان وابوو ئەمانە دووبارە نابنەوە، کەچی ئێستا ئەو هەستە لەئارادایە کە دیموکراسی بوونی نییە بۆ هێنانەدی مافەکانی کوردەکان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوون نەچێت؟**

- بەداخەوە، ژمارەیەکی کەم لەجیهاندا لەکێشەی کورد تێدەگەن، بەتایبەتی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا، لەڕاستیدا من نائومێدم لەوەی ئەمەریکا سەرکردایەتیەکی کەمی کردووە بۆ پێکهێنان و بنیاتنانی دامەزراوە دەستوریەکان لەعێراقدا، ڕاستە ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت بەجێبهێڵرێت بۆ عێراقیەکان، واتە دەبێت خەڵکی عێراق خۆیان بڕیار لەبەرژەوندییە درێژخایەنەکانی خۆیان بدەن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە زۆرجار خەڵکی تێڕوانینێکی دووربینانەیان نیە و تەنها هەلومەرجی ئیستا لەبەرچاو دەگرن. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم ئەویش ئەوەیە ئەگەر وڵاتێك لەڕووی ئابووریە گەشەکردووبێت، یاخود سەروەت و سامانێکی زۆر لەئارادابێت ئەوا خەڵکانی وڵاتەکە لەدۆخێکی باشتردا دەبن، لەعێراقدا سەروەت و سامانێکی زۆر هەیە بەتایبەتی نەوت، بەڵام بەداخەوە هێشتا وەك پێویست پەرەی پێنەدراوە، هەروەها خەڵکانی عێراق لە ئاستێکی بەرزی خوێندن و پەروەردەدان و دەکرێت دووبارە پرۆسەی بەخستنەگەڕی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەکردن بکرێتەوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە پێویست بەدارشتنی دەستورێکی گونجاو دەکات کە زەمانەتی پێویست بۆ پاراستنی مافەکانی کەمینە لەخۆبگرێت، بە هەمان شێوە پەرەپێدانی سیستمی پەروەردەش کاریگەریگەی گەورەی هەیە. لێرەدا دەبێت پەرە بە گیانی هاوکاری کردن بدرێت، بۆ نموونە سەرچاوەیەکی گەورەی نەوت لە عێراقدا بوونی هەیە، ئەگەر لایەنە عێراقیەکان هاوکاری یەکتر بکەن ئەوا دەتوانن زۆر بە باشی پەرە بەم کەرتە بدەن، بە چەشنێك ئەگەر سەروەت و سامانێك زۆر کۆبکرێتەوە هەمو لایەك دەتوان سوودی لێوەربگرن، بەڵام ئەگەر کەم بوو ڕەنگە ناکۆکی لەسەر دروست بێت. لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگی هاوکاری کردن بکەمەوە کە لە بەرژەوندی هەمو لایەکە، ئەو کاتە دەتوانرێت شوێنی نیشتەجێبوون، پرد و ڕێگاوبان و زانکۆکەکان بنیات

**پێویست بەدارشتنی دەستورێکی گونجاو دەکات کە زەمانەتی پێویست بۆ پاراستنی مافەکانی کەمینە لەخۆبگرێت**

**دەبێت کوردان هەڵمەتی لۆبی کردن و ئاگادارکردنەوە لەئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپادا بخەنەگەڕ و نووسینگەی پەیوەست بەئەنجامدانی ئەم ئەرکە بکەنەوە، ئەرمەنییەکان لەم ڕووەوە کاریکی باشیان کردووە، لەکاتێکدا بەژمارە لەئێوە کەمتریشن**



بنرێت، بە پێچەوانەوە ناتوانرێت هیچ شتێك ئەنجام بدرێت، ئەمەش كارێكی سەختە، ئەمە پرۆسەیەكە دەبێت تێیدا خەڵكی فێری ئەم دەرسە گرنگە بكرێت، ئەمەش كاتی دەوێت. لێرەدا دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ مەسەلەی دەستور كە دەبێت سەرەڕای زەمانەتی مافەكانی مرۆڤ، ئەوا دەبێت چۆنیەتی دابەشكردنی یەكسانی داهاتەكان لەخۆبگرێت، وردەكاریەكانی چۆنە ئەوا من ناتوانم ئەوە دیاری بكەم.

*** تۆ باسی دەوڵەمەندی عێراق دەكەیت، پێشان ئەم سامانە دراوە بە چەك و گەلەكەی پێ سەركوتكراوە، ئێستاش بیانووی دابشكردنی عادیلانەوە خەریكە هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە، ئایا بۆ حكومەتی عێراق ئەم كێشە گرنگەی پشت گوێ خستووە؟**

- من دەزانم سروشتی سیاسەت ئەوەیە كە هەندێجار ئەو كەسانە حكومڕانی دەكەن كۆشش بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیە گشتیەكان دەكەن، بەڵام هەندێ جاریش ئەو كەسانە جڵەو دەگرنەدەست كە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەكانیان دەدەن، كەواتە لێرەدا پێویست بەبوونی دەستوور، بە پەرلەمان دەكات بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان لایەن و پێكهاتە جیاوازەكاندا. من لێرەدا دەمەوێت یتر جەخت لەسەر مەسەلەی پەروەردە و گەشەپێدان بكەمەوە، واتە بەباشتركردنی ئاستی پەروەردەی خەڵك و بە گەشەپێدانی بواری ئابووری لەعێراقدا بەتایبەتی كەرتی نەوت و پیشەسازی نەوت، ئەوا دەكرێت ئاستی ناكۆكیەكان كەم بكرێتەوە. كەواتە دەكرێت لەڕێی پەروەردەوە ئەو دەرسە بەخەڵك بدەین، كە لەبری ئەوەی ناكۆكیمان هەبێت لەسەر داهاتەكان با بیر لەوە بكەینەوە چۆن ئەم بەرهەمە زیاد بكەین، چۆن سەروەت و سامانی زیاتر كەڵەكە بكەین.

*** وێرای ئەو هەموو نەهامەتیەی لەسەر دەستی رژێمی سەدام حوسێن بەسەر كورد هات، چەندین ناوچەی گرنگیش ئێستا لە هەرێمی كوردستان دابراون، كورد داوا دەكات بە رێگەی دەستوور ئەم كێشەیە چارەسەر بكرێت بەڵام حكومەتی عێراق كەمتەرخەمە، ئایا تاچەند كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم كێشەیە هاریكاری كورد دەكات؟**

- كێشەكە ئەوەیە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆشیاریەكی كەمی هەیە لەئاست كێشەی كوردەكاندا، من پێموایە لێرەدا ئەركەكە دەكەوێتە ئەستۆی كوردەكان خۆیان، دەبێت كوردان هەڵمەتی لۆبی كردن و ئاگاداركردنەوە لەئەمەریكا و وڵاتانی ئەورووپادا بخەنەگەڕ و نووسینگەی پەیوەست بەئەنجامدانی ئەم ئەركە بكەنەوە، كوردەكان خەڵكانێكی زۆریان هەیە و سەروەت و داهاتیشیان لەبەردەستدایە، كارە سەختەكە ئەوەیە دەست بەم كارە بكرێت، دواتر دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت و بەردەوامی پێبدرێت، ئەرمەنییەكان لەم ڕووەوە كارێكی باشیان كردووە، لەكاتێكدا بەژمارە لەئێوە كەمتریشن.

*** لە كۆتاییدا دەمانەوێت دووبارە ئەو پرسیارە لەبەرێزت بكەینەوە ئەگەر ئەم كێشانە هەر بە هەڵواسراوی مانەوە، ئایا ئاییندەی عێراق بەرەو كوێ دەروات؟**

- لەڕاستیدا ئەگەر ئەم كێشە و ناكۆكیانە چارەسەرنەكرێن ئەوا ڕەنگە سەربكێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی، كە دڵنیام هیچ لایەك تێیدا سەركەوتوو نابێت، من هیچ شەڕێكم نەبینوە هەموو لایەك تێدا سەركەوتوو بووبێت، شەڕ بەهەدەردانی داهات و سامان و ژیانی خەڵكە، دەبێت كێشەكان بە شێوەیەكی ئاشتیانە و بەگیانی هاوكاری كردنی یەكتریەوە چارەسەربكرێن، بە پێچەوانە دۆخەكە بەرەو ئاڵۆزبوون دەچێت و ئەگەری هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕ دێتە ئاراوە، كە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد ئەوا كاتە هەمو لایەك بەدەست كاریگەری و ئاسەوارەكانی شەڕەوە دەناڵێنن، كەواتە دەبێت لەگەڵ حكومەتی مەركەزیدا دانیشتن بكرێت و ئەو ڕاستیەیان بۆ ڕوون بكرێتەوە كە ئێمە خوازیاری ئەوەین كە ناكۆكیەكان بە شێوەیەكی ئاشتیانە و بە شێوەیەكی سیاسیانە چارەسەربكرێت، بەڵام دەبێت جەخت لەسەر ئەوەش بكرێتەوە كە دەبێت حكومەتی مەركەزیش هەمان هەنگاو بنێت و ئەویش لە بەرامبەردا هاوكاری بكات. خاڵێكی دیكە كە دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم ئەوەیە نابێ ئێوە سەقفی داواكاریەكانتان ئەوەندە بەرزبكەنەوە كە مەترسی لەدەستدانی دەستكەوتەكانی دیكەشی لێبكرێت، ئەمە بەرژەوەندی ئێوە ناهێنێتەدی، بەڵام ئەمەش كارێكی سەختە و پێویستی بە سەركردایەتیەكی ژیر هەیە كە بیر لە ئایندە و بەرژەوەندیە درێژخایەنەكان بكاتەوە.

**ئەگەر ئەم كێشە و ناكۆكیانە چارەسەرنەكرێن ئەوا ڕەنگە سەربكێشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی**

**نابێ ئێوە سەقفی داواكاریەكانتان ئەوەندە بەرزبكەنەوە كە مەترسی لەدەستدانی دەستكەوتەكانی دیكەشی لێبكرێت**



پرۆفیسۆر پاولینا باکەر سەرۆکی سندوقی ئاشتی جیهانیە (President of The Fund for Peace) یەکێکە لەو تۆژەرە بەناوبانگانەی جیهان لەسەر دۆسێی عێراق کە تائێستا بەهاوکاری لەگەڵ گۆڤاری فۆرین پۆلیسی چەندین وتاری لەسەر عێراق وەك دەوڵەتێکی فاشیل بڵاوکردۆتەوە، پرۆفیسۆر پاولینا باکەر فیدراڵیزم بەهاوشیوەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا بەباشترین ڕێگە دەزانێت بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای عێراقیش خاتوو پاولینا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.

## پرۆفیسۆر پاولینا باکەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر بمانەوێت عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، دەبێت فیدراڵیزم پیادەبکرێت و تێگەیشتنێکی دەستووری هەبێت بۆ ئەو دەسەڵاتانەی دەدرێت بەهەرێمەکان

**پێموایە دەستێوەردانی لایەنی سێیەم یارمەتیدەرە، بۆ نمونە ئەگەر لەکێشەی هەرێمی ئابیی سودان بڕوانین کە ناکۆکی هەبووە لەنێوان حکومەت و بەشی باشووری وڵاتەکەدا لەسەر خاوەندارێتی ئەم هەرێمە بەڵام دادگایەکی نێودەوڵەتی کێشەکەی بەجۆرێک چارەسەرکرد کە هەردوولا رازی بکات**

*** عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایینی جیاوازە، ئایا کێشەی عێراق و وڵاتانی هاوشێوەی عێراق چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- لەو وڵاتانەی هەمان پێکهاتەی دیموگرافی عێراقیان هەیە، مەبەستم لەبوونی گروپی ئیتنی جیاواز و تائیفەی ئاینی جیاوازە، ئەوا پیادەکردنی فیدراڵیزم ڕێگاچارەیە، کە ڕێگە بەپێکەوەژیانی گروپەکان و بەشداری کردن لەسەرچاوەکاندا دەدات. لەڕاستیدا فیدراڵیزمی بەهێز هەیە کە بوونی دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز لەخۆدەگرێت، هەروەها ئەو فیدراڵیەتەش بوونی هەیە کە تا ڕادەیەك لاوازە و پتر دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ژێر کۆنترۆڵی هەرێمەکاندان، کە ئەگەر ئەم فیدراڵیەتەش زۆر لاواز بوو ئەوا سەردەکێشێت بۆ سەربەخۆبوونی هەرێمەکان. ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەگەر بمانەوێت ئەم وڵاتە بە یەکگرتوی بمێنێتەوە ئەوا دەبێت ڕوبەڕوی مەسەلەی فیدراڵیزم ببێتەوە و دەبێت تێگەیشتنێکی دەستووری هەبێت دەربارەی دەسەڵاتە جیاوازەکان کە دەدرێت بە هەرێمی جیاوازەکان.

*** ئەوەی بەڕێزت ئاماژەت پێکرد، واتە دەبێت دەستوورێك هەبێت و ڕێز لەدەستوورەکە بگیرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئەی ئەگەر لەحاڵەتێکی وەك ئێستای عێراقدا ڕێز لەو دەستوورە نەگیرا؟**

- لەڕاستیدا پشتگوێخستنی دەستوور لەهەر وڵاتێکدا ئایندەی ئەو وڵاتە دەخاتە مەترسییەوە، دواتر من پێموایە دەبێت دەستوور مرونەتی تێدابێت و بەپێی بارودۆخە گۆڕاوەکان گۆڕانکاری بەسەردابێت، بەڵام دەبێت بنەمای فیدراڵیەت بەجێگیری بمێنێتەوە. لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا زیاتر لەبیست جار دەستور هەمواركراوە و خەڵکیش ئەو ڕاستیە قەبووڵ دەکەن کە دادگای باڵا تەفسیری دەستوور دەکات لەکاتی دروستبوونی ناکۆکی لەسەری. لەڕاستیدا بۆ سەرکەوتنی فیدراڵیزم پێویستمان بەبوونی دەسەڵاتێکی قەزائی بەهێز و دەسەڵاتێکی یاسادانان هەیە کە نوێنەرایەتی خەڵك بکات و خەڵکیش بەشەرعی بزانن. کەواتە من دەڵێم ئەگەر دەستور فەرامۆش بکەین و بمانەوێت یاساکان بەئارەزووی خۆمان بسەپێنین، ئەوا سەرکەوتوونابین، ئەمە تەنها دەبێتەهۆی زیاتربوونی ناکۆکیەکان، بەڵام ئەگەر دەستورێك هەبێت و بواری هەموارکردنی هەبێت بە پێی ڕێ و شوێنی دەستوریەکان ئەوا دەستورێکی زیندومان دەبێت.



*** ئەگەر هەر لەسەر بایەخی دەستوور بمێنینەوە،ئەوە راستیەك هەیە کورد جێبەجێکردنی دەستوور بەبناخەی چارەسەری هەموو کێشەکان دەزانێت و پێشلکردنی دەستووریش بەسەرچاوەی هەموو کارەساتێك دەزانێت، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر دەستوور پێشێلکرا کورد دەبێت هەڵوێستی خۆی چۆن دیاری بکات؟**

- لەڕاستیدا ئەگەر دەستوور لەدژی بەرژەوەندیەکانی کورد پێشێل بکرێت، ئەوا گریمانەی ئەوەش دەکرێت لەدژی بەرژەوەندیەکانی تورکمان یان سوننەکانیش پێشێل بکرێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چ لایەك ئەوە دیاریدەکات کە دەستور پێشێلکراوە، کوردەکان دەڵێن حکومەتی عێراقی پێشێلی دەکات و حکومەتی عێراقیش ڕەتی دەکاتەوە. لەبەرئەوە دەبیت یەکە یەکەی مەسەلەکان تاوتوێ بکرێت و پێشێلکاریەکە دەستنیشان بکرێت، دەبێت کوردەکانیش چاویان لەئاینده بێت، ئەگەر دەیانەوێت لەچوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە، ئەگەرنا ناکۆکی و گۆڕەپانێکی دیکەی ململانێ دروستدەبێت لەسەر ناسنامەی عێراق.

*** کوردەکان بەکردەوە سەلماندویانە کە ئامادەی یەکسان دابەشکردنی ئەم داهاتانەن، بەڵام حکومەتی عێراقی هێشتا یاسای نەوت و گازی پەسەند نەکردووە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**



- من دڵنیانیم، بەڵام ڕەنگە ئەم مەسەلەیە، پەیوەست بێت بەکێشە چارەسەرنەکراوەکانی دیکەوە وەك کێشەی چارەنوسی کەرکوك، کە دووبارە کێشە کۆنترۆڵکردنی داهات و سەرچاوەکان دەوروژێنێتەوە، لەبەر ئەوە من پێموایە هێشتا ئەم کێشەیە بە تەواوەتی یەکلانەکراوەتەوە.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەی ئەوەیە هاوکاری کورد و عێراقیەکان بێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك؟**

- من پێموایە دەستێوەردانی لایەنی سێیەم یارمەتیدەرە، بۆ نمونە ئەگەر لەکێشەی هەرێمی ئابیی سودان بڕوانین کە ناکۆکی هەبووە لەنێوان حکومەت و بەشی باشووری وڵاتەکەدا لەسەر خاوەندارێتی ئەم هەرێمە بەڵام دادگایەکی نێودەوڵەتی کێشەکەی بەجۆرێك چارەسەرکرد کە هەردوولا ڕازی بکات، بۆ نموونە حکومەت کۆنترۆڵی داهاتی نەوتی هەرێمەکە دەکات و بەشی باشوریش کۆنترۆڵی سنورەکانی هەرێمەکە دەکەن.

هەموو پرسیارەکانی ئێوە پەیوەستن بەو مەسەلە سەرەکیەوە کە ئەویش ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت هاوکاربێت لە چارەسەرکردنی کێشە و نیگەرانیەکانی کوردەکاندا. من پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لەهەوڵە میانگیریەکاندا. بۆ نموونە هەروەك ئاماژەم پێکرد دادگایەکی نێودەوڵەتی مشتومڕی پەیوەندیدار بەهەرێمی ئابیی سودانی یەکلاکردەوە، بەچەشنێك هەردوولا ڕازی پێی ڕازیبوون. ڕەنگە بتوانرێت کێشەی کەرکوك بەهەمان شێوە چارەسەربکرێت ئەگەر هاتوو لایەنە پەیوەندیدارەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتنێك لەنێو خۆیاندا. نیگەرانیەکانی پەیوەست بەدیموکراسیەوە نیگەرانیگەلێکی ڕەوان لەعێراقدا،، کە ئەوە دەخاتەڕوو مشتومڕی بەرفراوان دەربارەی چۆنیەتی پەرەپێدان و پاراستنی دیموکراسی لە عێراقدا، لەنێویاندا پیادەکردنی فیدراڵیزم بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و داهات، ڕەنگە مەسەلەیەکی ئیجابی بێت. من پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشوازی لەم مشتومڕە و لەچارەسەریی کۆتایی دەکات لەڕێی دەستوور و دادگاکانەوە.

بۆ سەرکەوتنی فیدراڵیزم پێویستمان بەبوونی دەسەڵاتێکی قەزائی بەهێز و دەسەڵاتێکی یاسادانان هەیە کە نوێنەرایەتی خەڵک بکات و خەڵکیش بەشەرعی بزانن

پرۆفیسۆر ستیڤن سلیڤا ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ئەمریکا لەواشنتۆن و، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەروەها بەڕێوەبەری بەرنامەی دکتۆرایە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئەمریکا، سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای عێراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەهەڵواسراوی ماونەتەوە، پرۆفیسۆر سلیڤا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

### پرۆفیسۆر ستیڤن سلیڤا بۆ گوڵان:

# تائێستاش حکومەتی عێراق دەیەوێت سەرچاوەکانی داهات لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدابێت بۆیە یاسای نەوت و گاز پەسەندناکات

*** ئایندەی عێراق گرێدراوەتەوە بەسەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکیەکەدا، کورد و شیعە و سوننە، ئایا بە بۆچونی ئێوە چۆن ئەم پرۆسەیە سەرکەوتو دەبێت و چۆن ئەم پێکهاتە سەرەکیانەی دەتوانن پێکەوەبژین؟**

- هێشتا کێشە و ناکۆکی چارەسەرنەکراون ماون، هەروەها ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی گروپەکان لە نێو خۆیاندا چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر باسی کوردستان بکەین، دەبینین هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، ڕەخنە لە دەسەڵات دەگیرێت لەسەر بوونی گەندەڵی، ئەمەش نیشانەی بوونی نارەزاییە، لێرەدا مەسەلەکە ئەوەیە ئایا کاردانەوەی ئەم دو پارتە چی دەبێت، چاکسازی یان سەرکوتکرن، هێشتا ئەمە مەسەلەیە ڕوون نیە. دواتر مەسەلەی نێوان شیعە و سوونە لەئارادایە، هەروەها مەسەلەی کەمکردنەوە و کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بۆ نمونە ئایا لەدوای ئەم پاشەکەشەیە بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەتایبەتی لەشارێکی وەك موسڵدا، ئایا عێراقیەکان پەنا بۆ چارەسەری ئاشتیانە و سیاسی دەبەن یاخود بۆ توندوتیژی و زەبر و زەنگ، بۆ سەپاندنی دەسەڵات و باڵادەستی خۆیان.

*** زۆرجار لەوڵاتی فرە نەتەوە و فرە ئاینی وەك عێراقدا دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز بوونی هەبووە و پێکهاتەکانی ناچارکردووە پێکەوەبژین، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کە دەبێت شێوازی دیکەی وەك فیدراڵیزم و نامەرکەزیەت بگرینەبەر، دەستوری عێراقیش لەسەر ئەم بنەمایە داڕژێراوە، ئایا تا چ ڕادەیەك فەرامۆشکردنی دەستوور ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسیەوە؟**

- لەڕاستیدا هێشتا یەکێك لەمەسەلە گەورەکان



◆ ◆ ◆

کە یەکلانەکراوەتەوە مەسەلەی دابەشکردنی داهاتەکانی سەرچاوە سروشتییەکانە، کە هێشتا ڕوون نییە چۆن چارەسەر دەکرێت. دواتر ئەوەی پەیوەندی بەکاریگەری و کارایی فیدراڵیزمەوە هەیە بۆ پاراستنی یەکێتی وڵاتەکە پێویستی بەگفتوگۆ و مشتومڕ هەیە، بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەك کەنەدا، مەسەلەی جیابوونەوەو سەربەخۆبوون بەچەشنی بیست ساڵی پێش ئێستا بەسەر ژیانی سیاسیدا زاڵ نییە، بەڵام لەوڵاتێکی وەك بەلجیاکادا تائێستاش مەسەلەی جیبابوونەوە یەکێکە لەپرسە گەورەکان. مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بەخواستی خۆبەڕێوبردنەوە، بۆ نموونە ئەم خواستە لای کوردەکان بوونی هەیە، بەڵام ئایا تەنها بە ئۆتۆنۆمی کۆتایی دێت و لەچوارچێوەی عێراقدا دەمێننەوە یاخود بڕیاری جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەدەن.

*** بەڕێزت باسی کێشەی داهات دەکەیت، بەڵام حکومەتی عێراقی هێشتا یاسای نەوت و گازی پەسەند نەکردووە، ڕاوبۆچونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

- من پێموایە ڕاڕایی و دوودڵی و ئامادەنەبوونی حکومەتی عێراق پەیوەستە بەوەی ئەم حکومەتە دەیەوێت تێکڕایی داهاتەکان لەژێردەست و کۆنترۆڵی خۆیدا بێت، واتە ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی یاسایی، یاخود لەچوارچێوەی یاسادا ڕێکخراو ئەوکاتە بواری ئەوە نامێنێتەوە حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە بکات مافی کۆنترۆڵکردنیان دەبێت و هەر کاتێکیش یاساکە پەسەند کرا، ناتوانێت ئەم دەسەڵاتە بەدەست بهێنێتەوە.

*** هەروەك پێشتر باسمان کرد عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و ئایینە، ئەوا مەسەلەی زۆرینە و کەمینە دێتەئاراوە کە سندوقەکانی دەنگدان یەکلایی دەکەنەوە، بۆ دورکەتنەوە لە دروستبوونی دیکتاتۆر و ڕێگەگرتن لەتاکڕەوی زۆرینە بەسەر کەمینەدا، ئەوا دیموکراسیەتی تەوافوقی پیادەکراوە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك گەڕانەوە بۆ دیموکراسیەتی زۆرینە دەبێتە مەترسی لەسەر ئایندەی وڵاتەکە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی قورسە و مامەڵەکردنیش لەگەڵیدا ئاسان نییە، واتە دەبێت هاوسەنگیەکی ڕاست و دروست و گونجاو بدۆزرێتەوە لەنێو لایەن و پێکهاتە جیاوازەکاندا، لەڕاستیدا زۆرێك لەو وڵاتانەی دەیان ساڵە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم دۆخەدا نەرم دەکەن هێشتا هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ پاراستنی هاوسەنگیەکە یاخود بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگی نوێ، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە نمونەی جیاواز بکەین، لە سویسرادا نامەرکەزیەتیەکی زۆر هەیە، بە پێچەوانەی کەنەدا و بەلجیاکەوە کە کەمتر نامەرکەزین، مەبەستم ئەوەیە دەبێت مێژو و جوگرافیا و تایبەتمەندی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکی لەبەرچاو بگرین و نابێت دەقا و دەق ئەزمونی وڵاتێکی دیکە دووبارە بکەینەوە. خاڵێکی دیکە

لەوڵاتێکی وەک کەنەدا، مەسەلەی جیابوونەوەو سەربەخۆبوون بەچەشنی بیست ساڵی پێش ئێستا بەسەر ژیانی سیاسیدا زاڵ نییە، بەڵام لەوڵاتێکی وەک بەلجیاکادا تائێستاش مەسەلەی جیبابوونەوە یەکێکە لەپرسە گەورەکان

دوودڵی و ئامادەنەبوونی حکومەتی عێراق پەیوەستە بەوەی ئەم حکومەتە دەیەوێت تێکڕایی داهاتەکان لەژێردەست و کۆنترۆڵی خۆیدا بێت

ئەوەیە کە زۆرجار ئەوەی لە ڕابردودا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، چیتر ناتوانێت هەمان دەرئەنجام بەدەست بهێنێتەوە، بۆ نموونە پەنجا ساڵ پێش ئێستا هاوسەنگیەکە لەبەلجیاکادا پارێزراوبوو بەڵام ئێستا دووچاری قەیرانی سیاسی بۆتەوە، بەهەمان شێوە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ١٦٠ ساڵی پێش ئێستا ئێمە لە هەوڵەکانماندا سەرکەوتوو نەبووین و شەڕی ناوخۆ لە وڵاتەکەدا بەرپابوو. هەروەها ئەگەر لەوڵاتی لوبنان بڕوانین بە هەمان شێوە ئەوە بەدی دەکەین کە هێشتا ئەم وڵاتە بەدەست کێشەی سەختەوە دەناڵێنێت. مەبەستم ئەوەیە ئەمانە کێشە و مشتومڕێکی دورودرێژن و کاتێکی زۆر دەخایەنن، من ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم نائومێدتان بکەم و ڕەشبین بن، بەڵام ئەمە پێویستی بەکۆشش و تێکۆشانی بەردەوام هەیە و دەبێت تایبەتمەندی وڵاتەکە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ نموونە هێشتا لە وڵاتە یەکگرتوەگانی ئەمەریکادا کێشە لەسەر ئەوە هەیە تا چ ڕادەیەك دەستوور لەچوارچێوەی فیدراڵیدا دەسەڵاتەکانی دابەشکردووە، بەڵام هۆکاری ئەوەی ئەمەریکا بەشێوەیەکی ئاشتیانە و سیاسی ئەم ناکۆکیە یەکلادەکاتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دادگای باڵا ئەم مەسەلەیە چارەسەردەکات و هەموولایەکیش پێوەی پابەندن، بەڵام ئایا ئەمە لەعێراقدا سەرکەوتوو دەبێت یان دەبێت شێوازی دیکە بگیرێتبەر، ئەوە مەسەلەیەکە دەبێت بۆ خودی عێراقیەکان بەجێبهێڵرێت. من هیوادارم عێراق بەشێوەیەکی سیاسی کێشەکانی خۆی یەکلابکاتەوە، بەڵام ئەگەر بۆ مێژووی ئەمەریکا بگەڕێینەوە لەمامەڵەکردنی لەگەڵ کەمینەکاندا، ئەوا هەمیشە دادگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە، بۆ نمونە ئەگەر لەبزووتنەوەی دادکۆکیکار لەمافە مەدەنیەکان بڕوانین ئەوا ئەوکاتە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە کە دادگاکان لەبەرژەوەندی ئەوان کاری کردووە، هەروەها شکستیشیان بۆ شکستی دادگاکان دەگەڕێتەوە لە بەرگری کردن لەو مافانە.

*** تاوەکو ڕوخانی ڕژێمی پێشوو، کێشەی کوردەکان نەبوونی دیموکراسی و ڕێزنەگرتن بوو لەمافەکانی مرۆڤ، بەڵام دوای ڕوخانەکە باوەڕمان وابوو ئەمانە دووبارە نابنەوە، کەچی ئێستا ئەو هەستە لەئارادایە کە دیموکراسی بوونی نییە بۆ هێنانەدی مافەکانی کوردەکان، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری دەکات بۆئەوەی بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوون نەچێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، من پێموایە هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی هەڵگرتووە بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی بکەین کە بەرەی ئۆپۆزسیۆن دەرئەنجامێکی باشی بەدەستهێنا، من ئەزانم کە هێشتا کێشەگەلێکی وەك گەندەڵی بوونی هەیە بەڵام ئاماژەی ئومێدبەخش لەئارادان کە هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدرێت. من پێموایە لەئەمەریکادا کەسانێك هەن کە ئەم حاڵەتە لەکوردستاندا دەبینن و پێیانوایە دەکرێت ببێتە نمونەیەك بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق. لەڕاستیدا مەسەلەی گەندەڵی لە دیموکراسیە پێگەیشتوەکانیشدا هەیە، بۆ نموونە ئەو حاڵەتی گەندەڵیەی هەفتەی ڕابردوو لەولایەتی نیوجێرسی ئەمەریکی ئاشکرا بوو، هەروەها ئەو حاڵەتی گەندەڵیەی لەبەریتانیای مەزن کە پەردەی لەسەر لادرا، کەواتە تەنانەت لەم وڵاتانەشدا گەندەڵی بوونی هەیە، بەڵام ئاشکرابوونیان بەو مانایە دێت کە چیتر بەردەوام نین، بەڵام ئەگەر هاتو ئاشکرا نەکران، ئەوا نیشانەی ئەوەیە هێشتا بەردەوامن. ئەوەی پەیوەست بێت بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، ئەوا من باوەڕم وایە ئەگەر هەوڵی سەرکوتکردنی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان بدرێت ئەوا ئەمەریکا دەنگ لەدژی ئەم هەوڵە بەرزدەکاتەوە، بەڵام ئایا ژمارەی هێزەکانی زیاددەکات بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتە، من نازانم، ڕەنگە ئەوە پەیوەست بێت بە هەلومەرجەکە لەوکاتەدا.

*** کوردەکان دووچاری کوشتنی بە کۆمەڵ و بە تەعریب کردن بونەوە، ئێستا ماددەی ١٤٠ دەستوری عێراق باس لە چارەسەرکردنی ئاسەواری ئەو تەعریبە دەکات لە کەرکوکدا کە دەبێت ڕاپرسی ئەنجام بدرێت، بەڵام حکومەتی عێراق ئامادەی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە نیە، ئەمەش بە واتای هەڵپەساردنی کێشەی کورد، ئایا تا چ ڕادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەی ئەوەیە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە بکات؟**

- لە ڕاستیدا خواستی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەدی دەکرێت، بەڵام من پێموایە دوودڵیش لەئارادایە بۆئەوەی بەشێوەیەکی قووڵ دەستێوەردان بکرێت، بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانی پەیوەست بەموڵکدارێتی لەشارێکی وەك موسڵدا، لەبەرئەوە ئەگەری زیاتر ئەوەیە ئەم کێشەیە بۆ عێراقیەکان خۆیان جێبهێڵرێت بۆ ئەوەی بڕیاری لەبارەوە بدەن. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە پەنا بۆ توندوتیژی و ترساندن نابەن بۆ باڵادەستبون و زاڵبوون، ئایا پەنا بۆ دەرکردن و ڕاگواستنی خەڵکانێکی دیاری کراو لە ناوچگەلێکی دیاری کراودا نابەن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەنجامی ڕاپرسیەکان دروست بکەن. من هیوادارم بمتوانیایە شتێکی جیاوازتر بڵێم، بەڵام ئەوەی من بەدی دەکەم ئەوەیە کە باسم لێکرد و ئاماژەم پێکرد.

*** دەستور تاکە ئومێدی کوردەکان و جێبەجێکردنی دەستووریش یان هەموارکردنی زەمانەتی یەکێتی عێراق دەکات، بەڵام کوردەکان نائۆمێدن، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق نە دەستوور جێبەجێ دەکات و نە هەمواریشی دەکات، ئایا پێشێلکردنی دەستوور چ کارەساتێك دروستدەکات؟**

- ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە، پرسیارەکەش ئەوەیە لەکاتێکدا ئەم کێشانە یەکلانەکراونەتەوە و هێزەکانی ئەمەریکا پاشەکشە دەکەن ئایا لایەنە عێراقیەکان دەتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك یاخود دۆخەکە بە ئاڕاستەی ئاڵۆزبوون و شەڕدا دەڕوات. من هیوادارم سەرکردە سیاسیەکانی عێراق ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوبێت کە تەنها سازشکردن و بڕیاری سەخت دەبێتە هۆی هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری، سازش و بڕیاری سەخت لەسەر ناوچە و داهاتەکان. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بە یاسر عەرەفات بکەم، ئەم سەرکردەیە لەبەرئەوەی سازشکردنی ڕەتکردەوە، ئەو تاوەکو مرد وەك سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی مایەوە بەڵام نەیتوانی ئاشتی بۆ گەلەکەی بەدی بهێنێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەیانەوێت لە مەودای دووردا ئاشتی بەدی بهێنن، یاخود دەیانەوێت وەك سەرکردەی لایەنە ڕکابەرەکان بمێننەوە کە ئەمەش دەبێتە مایەی تێکدانی تێکڕای عێراق. ئەمەش پەیوەندی بە بڕیاری ئەوانەوە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر یاسر عەرەفات بڕیاری سەختی بدایە، ڕەنگە بیتوانیایە لە مەودای دووردا گەشەکردن و ئاشتی بۆ وڵاتەکەی بەدی بهێنێت، ئەمە بۆچونی منە. حاڵەتێکی دیکە ئیرلەندای باکوورە، کە ئەگەر دەست لەوە هەڵنەگیرایە کە پێی دەوترا خەونی چەندین، ئاشتی سەقامگیر نەدەبوو، خەون ئاشتی و گەشەکردن ناهێنێتەدی، بەڵام سازشکردن و بڕیاری قورس ئەم کارە دەکەن. بڕواننە ئەنوەر سادات، لەبەر ئەوەی سازشی گەورەی کرد ئەوا ئاشتی بۆ وڵاتەکەی بەدی هێنا بە پێچەوانەوەی یاسر عەرەفاتەوە، ئەگەر من لە جێی سەرکردە عێراقیەکان بوومایە بیرم لەم دو نمونەیە دەکردەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هیوای خۆشبەختی بۆ کوردەکان دەخوازم و من ڕێز و ئیعجابێکی زۆرم هەیە بۆ ئەو دەستکەوتانەی لەدوای ڕوخانی ڕژێمی عێراقەوە بەدەستتان هێناوە و پێموایە کوردەکان لەزۆر ڕووەوە نموونەیەك بوونە بۆ خەڵکانی دیکەی عێراق، لەبواری بەرەوپێشچوون و پیادەکردنی دیموکراسیدا.

**ئەگەر بۆ مێژووی ئەمەریکا بگەڕێینەوە لەمامەڵەکردنی لەگەڵ کەمینەکاندا، ئەوا هەمیشە دادگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە**

**من باوەڕم وایە ئەگەر هەوڵی سەرکوتکردنی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان بدرێت ئەوا ئەمەریکا دەنگ لەدژی ئەم هەوڵە بەرزدەکاتەوە، بەڵام ئایا ژمارەی هێزەکانی زیاددەکات بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتە، من نازانم، ڕەنگە ئەوە پەیوەست بێت بە هەلومەرجەکە لەوکاتەدا**